رێنوێنی

# ڕۆژنامەوانیی بێلایەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

¿

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

¿ ¿ ¿

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ڕێنوێنی

# ڕۆژنامەوانیی بێلایەن

نووسینی

**دیبۆرا پۆتەر**

وەرگێڕانی

**عەبدولڕەزاق عەلی**

ناوی کتێب: ڕێنوێنی ڕۆژنامەوانیی بێلایەن
نووسینی: دیبۆرا پۆتەر
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولڕەزاق عەلی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٥٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوەی کتێب: بەدران ئەحمەد حەبیب
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## دەسپێک

ئەمڕۆ لە سەرتاسەری دنیا باسی راگەیاندن و ڕۆژنامەوانی باسێکی گەرموگوڕە، بێگومان کە باسی ڕۆژنامەوانی دەکرێ، ڕۆژنامەوانیی ئازاد مەبەستە نەک ئەوەی داردەستی دەسەڵاتێکی دیاریکراوە و بووە بەپەردەپۆشی کەموکورتییەکانی. ئەم باسەش باسێک نییە هەر ڕۆژنامەوانان یان کاربەدەستانی وڵاتانی سەرقاڵ کردبێ بگرە گەیشتووەتە ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئاسایش پێوەی بەند بن. ژیانی خەڵک بە رووداوەکانەوە گرێ دراوە جا چ سیاسی بن یان چ ئابووری یان کەش و هەوا یان هەر شتی تر.

بەگوێرەی یەکێک لە بڕگەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، خەڵک مافی ئەوەیان هەیە زانیاری وەربگرن و بزانن لە دنیای دەوروبەریاندا چی روو دەدات! لەسەر بناخەی ئەم پرەنسیپەدا ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕ دامەزراوە و ئینجا لەسەر بناخەی ئەمەی دواییش ئازادیی راگەیاندن. خەڵک مافی خۆیانە بدوێن و گوێ بگرن، کەس بۆی نییە رێ لەم مافانەیان بگرێت. لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، ئازادیی کاری راگەیاندن و گواستنەوەی هەواڵ و بیر و بۆچوون بەیاسا پارێزراون.

تا ئێرە کێشەکە روونە و لە هەر کوێ گرێوگۆڵ هەبێ دیارە. وەک ئەوەی لە هەندێک وڵاتدا ئازادیی راگەیاندن نییە یان سنووردارە، یان ئەوەتا بەپێی یاساش ئازادیی راگەیاندن دیاری کراوە بەڵام دەسەڵات کێشەی بۆ دەنێتەوە یان راوەدووی ڕۆژنامەوانان دەنێ و بواری کاریان تەنگ دەکاتەوە. ساڵانە گویمان لێ دەبێ چەند لە ڕۆژنامەوانان دووچاری سزادان یان لێپێچینەوە دەبن یان دەشکوژرێن.

ئەم باسانەی سەرەوە هەمووی لە دەرەوەی ئەم کورتە دەسپێکەیە کە بۆ ئەم نامیلکەیەی دەنووسین. ئەم نامیلکەیەی بەردەستمان برێتییە لە کۆمەڵێک بناخەی کارکردن یان رێنوێی پیشەییانە بۆ ئەوانەی کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن لە

ولاَتێکدا کە سەرجەم ئازادییەکانی تێدا بەدی هاتبن و بەپەرژینی یاسایی پارێزراو بن. لەبەرئەوەی تەنیا هەبوونی یاسا و پەرژینی یاسایی بەس نین بۆ ئەنجامدانی کاری راگەیاندن، یان تەنیا ژیان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ هەموو هەواڵێکی بەراستی و دروستی پێ بگات. رۆژنامەوانی پیشەیە، پیشەیەکە لەو پەڕی هەستەوەریشدا. وەک گوتوویانە قسە کە لە دەم دەرچوو گەڕانەوەی نییە. هەر هەڵەیەک کە مرۆڤ لە ئاخاوتندا بیکات ئەگەر دەقاودەق راستی نەبێ ئەنجامەکەی گران دەوەستێ. گران دەوەستێ لەسەر ئەوەی ئاخاوتن یان کردەوەیەکی دراوەتە پاڵ، هەروەها لەسەر ئەوەش کە دەیگوازێتەوە واتە رۆژنامەوان خۆی. لەم سەرگەیەوە، یەکەمین مەرجی رۆژنامەوانیی ئازاد زانینی پیشەکە و رەچاوکردنی بنەما رەوشتییەکانی کار پێکردنیەتی، ئەمەش واتە لێهاتوویی و راستگۆیی یەکەمین دوو مەرجی پێویست بۆ رۆژنامەوانی سەرکەوتوو.

بەکوردیکردنی ئەم نامیلکە گرانبەهایە یەکێک لە شانازییەکانی دەزگای ئاراس. ئەمڕۆ رۆژنامەوانیی کوردی بەدەست گیروگرفتی گەورەوە دەناڵێنێ. چاوگەی زۆربەی ئەو گیروگرفتانەش ئەگەر نەڵێین چاوگەی هەموویان باش نەزانینی پیشەکەیە. ئەم کارەشمان هەنگاوێکە لە چەندان هەنگاوی داهاتوومان بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەسەرچاوەی زانستی و بەسوود لەبارەی کاری رۆژنامەوانییەوە. هەڵبەت رۆژنامەوانانی کوردستان ئەگەر سەرچاوەی باشیان هەبێت بۆ فێربوون، بۆ نموونە وەک ئەم رێنوینییە زانستییەی بەردەستتان، ئەوا بەدڵنیایی دەتوانن پەرە بەکاری رۆژنامەوانیی ئازاد بدەن لە ولاَتەکەیاندا. بۆ دروستکردنی میللەتێکی بەهێز و باوەڕبەخۆ رۆژنامەوانیی ئازاد و پیشەیی پرسێکە جێگرەوەی نییە. دەستخۆشی لە وەرگێڕی بەڕێز دەکەم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بەسوودە و ئەمەش وەک گوتم دەسپێکە بۆ زنجیرەیەک کاری بەهاداری دەزگاکەمان.

بەدران ئەحمەد حەبیب

٣٠ تشرین (١) ٢٠٠٧




## پێشەکی

ڕۆژنامەوانی پیشەیە و شارەزاییشە، ڕۆژنامەوانان، هەریەکە و پشت بەشارەزایی و پسپۆریی خۆی دەبەستێت، بەڵام هەمووان بەکۆمەڵە پێوەرێکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشەوە، پابەندن. کەواتە ئەوە چییە وا دەکات پیشەی ڕۆژنامەوانی لە پیشەکانی دیکەی وەک پیشەی پزیشکی یان پارێزەری، جیاواز بێت، لە کاتێکدا دەتوانرێت ئەو دوو پیشەیەش وەک ڕۆژنامەوانی، وەسف بکرێن؟ ڕەنگە دیارترین جیاوازی؛ ئەو ڕۆڵە تایبەتە بێت کە ڕۆژنامەوانی لەکۆمەڵگە ئازادەکاندا، دەیگێڕێت. زۆرجاران، ڕۆژنامەوانیی ئازاد، بەئۆکسجینی دیموکراسی، ناودەبرێت، چونکە هیچ کامیان بێ ئەوی دیکە هەڵناکات. پێش ٢٠٠ ساڵ، کاتێک (ئەلیکسی دی تۆکفیل)ی نووسەری سیاسیی بەناوبانگی فەرەنسا، سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد نووسی"بێ دیموکراسی، ڕۆژنامەی ڕاستەقینە نابێت، وەک چۆن بێ ڕۆژنامەش، دیموکراسی بوونی نییە".

ئەزموونی تەواوی دەوڵەتان، دروستیی ئەم بۆچوونە سادەیەی مەسەلەکەیان

سەلماندووە. تێکڕای سیستمە دیموکراسیەکان، بەچەسپیوو و تازەڕسکاوەکانەوە، پشت بەڕەزامەندیی هاووڵاتیانی ئاگادار لە حکوومەت و سیاسەتەکانی، دەبەستن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن، سەرچاوەی سەرەکیی ئەو زانیارییانەن بۆ بەشداریی خەڵک لە حوکمی خۆیاندا پێویستن. دەوڵەتگەلێکی زۆر لە جیهاندا، میکانیزمی گونجاویان داناوە بۆ پاراستنی یاساییانەی ڕۆژنامەوانیی ئازاد و ڕێگە خۆشکردن لە بەردەم ڕۆژنامەنووساندا تا دەستیان بگاتە ئەو زانیارییانە. بۆ نموونە، لە ئەمریکا، ڕۆژنامەوانی، تەنیا پیشەیە ناوی لە دەستووردا هاتووە، دەستووری ئەمریکا دەڵێ: "کۆنگرێس بۆی نییە هیچ یاسایەک داڕێژێت لە ئازادی دەربڕین و ڕۆژنامەوانی کەم بکاتەوە". هەروەک چۆن (تۆماس جیفرسۆن)ی سێیەمین سەرۆکی ئەمریکا، لەساڵی ١٧٨٧دا نووسیویەتی "مادام ڕای خەڵک بنەمای حکوومەتەکەمانە، پێویستە یەکەمین ئامانجمان، پاراستنی ئەو مافە بێت، ئەگەر من لە نێوان حکوومەتێکی بێ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەیەکی بێ حکوومەتدا، سەرپشک بکرێم، بێ دوودڵی، ئەوەی دووەمیان هەڵدەبژێرم".

لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا، ڕۆژنامەنووسان هەرتەنیا پارێزی یاساییان نییە، بگرە بەرپرسیاریەتیشیان لە ئەستۆدایە. لە هەندێ دەوڵەتدا ئەو بەرپرسیاریەتییانە بەڕوونی دەستنیشان کراون، لە هەندێکی دیکەشدا، ناوەرۆکیان دیارە و ڕۆژنامەنووسان دەزانن چین، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا زۆر لێک دەچن، ئەو بەرپرسیاریەتییانەش بریتین لە: ئەرکی ڕۆژنامەنووسانە لە کاتی ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان لە وردەکاریی زانیارییەکان، پێویستە زانیارییەکان ڕاست بن و بەنیازپاکی و ویژان و بێلایەنانە، بێ هیچ دەستکارییەکی ناڕەوا، بڵاویان بکاتەوە.

لە کۆمەڵگە دیموکراتەکانی جیهاندا، میدیاکان ڕۆڵێکی دیکەش دەبینن؛ وەک پاسەوان چاودێریی چالاکییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و دادوەری دەکەن. دەزگاکانی میدیا لە ڕێی ڕێگەخۆشکردن بۆ خەڵک تا ڕای خۆیان دەربڕن، بەشداری لە مانەوە و سەرخستنی سیستمە دیموکراسییەکاندا دەکەن، میدیا ڕێ لە زۆرینەی دەسەڵاتدار دەگرێت، مافەکانی کەمینە پێشێل بکات. (فینلی پیتەر دان)ی نووسەر و ڕەخنەگری ناسراوی ئەمریکایی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەڵێ:

"ئەركی ڕۆژنامەنووس، دڵدانەوەی لێقەوماوان و ئەشکەنجەدانی دڵشادەکانە".
بەڵام ئەم ئەرکانەی ڕۆژنامەوانی لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا، دەیان ساڵە وەک خۆیان ماونەتەوە. لە ڕاپرسییەکدا کە کۆمیتەی ڕۆژنامەنووسانی کاروباری پیشەیی (ڕێکخراوێکە بارەگاکەی لە ئەمریکایە) لە نێو ڕۆژنامەنووساندا، دەربارەی پیشەی ڕۆژنامەوانیی کۆتاییی سەدەی پێشوو سازی کرد، دەرکەوت زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژنامەنووسان کۆکن لەسەر ئەوەی: ئامانجی سەرەکیی ڕۆژنامەوانیی، گەیاندنی زانیاریی ورد و جێیبڕوایە بۆ هاووڵاتیان، تابتوانن ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا ببینن.

ئەم کتێبەی بەردەستتان، کورتەیەکە لە بنەما و پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانیی ئازاد لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا، ڕۆژنامەوانییەک؛ هەوڵ دەدات پشت بەڕاستی ببەستێت، نەک ڕا و بۆچوون. لە کاتێکدا بوار بەدەربڕینی ڕا و بۆچوونیش دەدات، بەڵام وا باشترە ئەو ڕایانە لە چوارچێوەی سەروتار یان ستوونە ڕۆژانەییەکاندا بێت. ئەمە ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەیە بەش بەحاڵی خۆم ٢٠ ساڵ کارم تێدا کردووە، هەر ئەوەشە ئێستا وەکو وانە لە وۆرک شۆپە ڕۆژنامەوانییەکاندا لە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی جیهاندا، دەیڵێمەوە. ئامانجیشم؛ کارێک بکەم ڕۆژنامەنووسان بتوانن خزمەتێکی چاکتری کۆمەڵگەکانیان بکەن.



## هەواڵ چییە؟

وا دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە "هەواڵ چییە"، وەڵامێکی ڕوون بێت. هەواڵ واتە؛ هەر ڕووداوێکی نوێ. کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگەکان دەبینین بەم شێوازە پێناسەی هەواڵ دەکەن "ڕاپۆرتێکە دەربارەی ڕووداوگەلێکی نوێ یان کۆمەڵە زانیارییەک کە پێشتر نەزانراون". بەڵام خۆ زۆربەی ڕووداوە ڕۆژانەکانی جیهان لە ڕۆژنامەیەک یان هەواڵنامەکاندا بڵاو ناکرێنەوە.

کەواتە؛ چی وادەکات هەواڵێک شایەنی بڵاوکردنەوە بێت؟ وەڵامی ڕاستەقینە پشت بەکۆمەڵە فاکتەرێک دەبەستێت. بەشێوەیەکی گشتی، هەواڵ، بریتییە لە زانیاریی گرینگ بەلای جەماوەرێکی دیاریکراوەوە، بۆیە ئەو هەواڵەی لای خەڵکی بۆینس ئایرس زۆر گرینگە، مەرج نییە لای دانیشتووانی بەیرووت گرینگ بێت. ڕۆژنامەوانان بەپێی ئەم "پێوەرانە"ی خوارەوە، بڕیار دەدەن بایەخ بەکام ڕووداو بدەن:

### فاکتەری کات

ئایا ڕووداوەکە نوێیە یان ئێستا زانیارییەکان گەیشتووە؟ ئەگەر کارەکە وابوو، ئەوە هەواڵەکە شایانی بڵاوکردنەوەیە. ئەڵبەت مانای"نوێ" لە ئامرازێکی

ڕاگەیاندنەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. سەبارەت بەکۆوارێکی هەفتانە، هەر ڕووداوێکی پاش دەرچوونی دوایین ژمارە بەنوێ دادەنرێت.

بەڵام سەبارەت بەکەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی بیستوچوار سەعاتی، گونجاوترین هەواڵ لە ڕووی کاتەوە، "هەواڵی بەپەلەیە" کە هێشتا وردەکارییەکانی بەرودوا ڕوون دەبنەوە، واتە ئەو ڕووداوەی لەو چرکەساتەدا ڕووی داوە و پەیامنێر دەتوانێت، ڕاستەوخۆ بیگوازێتەوە.

## کاریگەری:

ئایا ڕووداوەکە پێوەندیی بەزۆربەی خەڵکەوە هەیە یان کەمینەیەک؟ بۆ نموونە، ئەگەر ئاوی خواردنەوەی شارۆچکەیەکی بیست هەزار کەسی پیس بووبوو، ئەوە هەواڵێکی گرینگە، چونکە پێوەندیی بەتەواوی دانیشتووانەوە هەیە. وەک چۆن مردنی دە منداڵ بەهۆی ئاوی پیسەوە لە هاوینەچادرگەیەکی دوورەشارێکدا دیسان کاریگەریی هەیە، چونکە خەڵک هاوسۆزی قوربانیانی ڕووداوەکە دەبن.

بەڵام کاتێک کرێکارێک، هێڵێکی کارەبا دەپچڕێنێت، هەواڵێکی گرینگ نییە ئەگەر پچڕانەکە نەبێتە هۆی نەمانی کارەبای شار بۆ ماوەی چەند سەعاتێک.

## نزیکی:

ئایا ڕووداوەکە لە شارۆچکەیەکی نزیک ڕووی داوە یان پێوەندیی بەخەڵکێکی شارەکەتەوە هەیە؟ کەوتنە خوارەوەی باڵەفڕەیەک لە چاد سەردێری هەواڵەکانی نجامینا (پایتەختی چاد- وەرگێڕ) داگیر دەکات، بەڵام لە چیلی ئەو بایەخەی پێ نادرێت ئەگەر سەرنشینی ئەوێی تێدا نەبێت.

## جیاوازی:

ئایا خەڵک دەربارەی فلانە هەواڵ، ڕای جیاوازیان هەیە؟ سرووشتی مرۆڤەکان وایە بایەخ بەهەواڵێک دەدەن مایەی ململانێ بێت یان ڕای جیاواز و مشتومڕێک بنێتەوە، خەڵک حەزیان لە لاگیریی ڕایەک یان بەرانبەرەکەیەتی و دەیانەوێت بزانن کامیان سەردەکەوێت.

### ناوبانگ:

ئایا مەسەلەکە پێوەندیی بەکەسێکی ناودارەوە هەیە؟ چالاکییەکان یان هەڵە سادەکانی کەسانی ناوداری وەک سەرۆک وەزیران یان ئەکتەرێکی ناسراو، بەلای خەڵکەوە هەواڵە. خۆ کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە چادییەکە دەبێتە سەردێری هەواڵەکانی هەموو جیهان، ئەگەر یەکێک لە سەرنشینەکانی هونەرمەندێکی بەناوبانگ بێت.

### بڵاوبوونەوە:

ئایا بابەتەکە دەبێتە قسەی سەرزاری خەڵک؟ لەوانەیە کۆبوونەوەیەکی حکوومەت دەربارەی سەلامەتیی پاسەکانی گواستنەوەی خەڵک، بایەخێکی زۆری نەبێت، ئەگەر ئەو کۆبوونەوەیە دوای ڕووداوێکی گەورەی پاسێک نەبێت. لەوانەیە ڕووداوی نێو یارییەکی تۆپی پێ، تا چەند ڕۆژ ببێتە جێگەی باسوخواسی خەڵک.

### سەرنجڕاکێشی:

ئەوەی ڕووی داوە مەسەلەیەکی ئاساییە؟ وەک باوە" ئەگەر سەگێک، پیاوێکی گەست، هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر پیاوێک، سەگێکی گەست، هەواڵە" شتە نامۆ و پێشبینی نەکراوەکان، سەرنجی خەڵک ڕادەکێشن و بایەخیان پێ دەدەن.

هەروەها بۆ ئەوەی ڕووداوێک ببێتە هەواڵ، دەبێت ئەو خەڵکە بناسیت هەواڵەکەیان بۆ بڵاو دەکەیتەوە، ئاخر خۆ هەر تەنیا ئەوە گرینگ نییە؛ خەڵک لە کوێ دەژین، بگرە "ئەو خەڵکە کێن"یش، گرینگە، توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە شێوازی ژیان و بایەخی جیاوازیان هەیە، بۆیە بایەخدانیشیان بەجۆرێک هەواڵ جیاوازە. ئەو ڕادیۆیەی پرۆگرامەکانی ئاراستەی جەماوەرێکی گەنج دەکات، لە هەواڵنامەکانیدا، هەواڵی ناودارانی هونەر و وەرزش بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ڕۆژنامەیەکی ئابووری کە ئاراستەی جەماوەرێکی بەتەمەنتر و دەوڵەمەندترە، ئەو جۆرە هەواڵانە بڵاو ناکاتەوە.

گۆڤارێکی هەفتانە کە بایەخی سەرەکی بەهەواڵی پزیشکی و تەندروستی

دەدات، ئامادەیە ڕاپۆرت دەربارەی توێژینەوەکانی دۆزینەوەی دەرمانێک بڵاو بکاتەوە، چونکە دەزانێت خوێنەرەکانی پزیشکن، بەڵام ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانی دیکە بڵاوی ناکەنەوە، مەگەر دەرمانەکە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکی بەربڵاو بەکەڵک بێت، یان ڕۆژنامەکە لەو شار و شارۆچکەیە دەربچێت کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت.

دەزگاکانی ڕۆژنامەوانی، کارەکەیان بەخزمەتێکی گشتی دەزانن، بۆیە هەواڵەکان، ئەو زانیارییانەن خەڵک پێویستیانە تا ژیانی ڕۆژانەیان بەسەر بەرن و هاووڵاتییەکی بنیاتنەر بن لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا. هاوزەمان زۆربەی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان، دەزگای بازرگانین و بۆ ئەوەی بەردەوام بن، پێویستە قازانج بکەن، هەر بۆیە هەواڵنامەکان، ڕووداوگەلێکیشیان تێدا دەبێت بۆ سەرنج ڕاکێشانی جەماوەر، یان کۆمەڵە هەواڵێک تەنیا لەبەرئەوەی سەیرن، بڵاو دەکرێنەوە. ئەو دوو خەسڵەتەی دواییان، مەرج نییە دژبەیەک بن، ڕێک دەکەوێت، چاکترین هەواڵی ڕۆژێک، گرینگترین و سەیرترینیشیانە. بەڵام وەک باوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشی لەسەر ڕاهاتووە، هەواڵەکان دوو پۆل یان جۆرن: هەواڵی سەرەکی و ڕاستەوخۆ، هەواڵی سووک و سەیر.

### جۆرەکانی هەواڵ:

لە ڕاستیدا، هەواڵی سەرەکی، هەواڵی ئەمڕۆیە، هەر ئەویشە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان یان لە سەرەوەی سایتەکانی ئینتەرنێتدا دەبینرێت، ئەوەی لە سەرەتای هەواڵنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا گوێمان لێ دەبێت. بۆ نموونە؛ شەڕ، سیاسەت، پرۆژە و تاوانەکان، لە هەواڵە سەرەکییە دووپاتەکانن، هەروەها مانگرتنی شۆفێری پاسەکان کە وا دەکات هەزاران کەس نەگەنە شوێنی کاریان، هەواڵێکی سەرەکییە. هەواڵێکە، تێکڕای خەسڵەتەکانی گرینگیی لەلایەنی کات و وروژاندن و کاریگەریی و نزیکبوونی لە خوێنەران یان گوێگرانەوە، لەخۆ گرتووە. خەڵک دەستبەجێ پێویستیان بەو هەواڵانە هەیە کار لە ژیانی ڕۆژانەیان دەکات.

لە بەرانبەردا، ئەو هەواڵەی دەربارەی وەرزشوانێکی ناسراوە لە لانەیەکی بێ سەرپەرشتاندا گەورە بووبێت، دەچێتە خانەی هەواڵە سووکەکانەوە، هەواڵێکە

سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت و ڕەنگە ببێتە جێی باسوخواسی نێوانیان، بەڵام مەرج نییە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بڵاو بێتەوە، ئەمەش وا دەکات ببێتە بابەتێکی تایبەتی. سایتەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەکانی ئینتەرنێت، بەشی تایبەتیان بۆ گوزەران و ماڵ و خێزان و هونەر و ئەو بابەتانە هەیە. هەندێک ڕۆژنامەی گەورە، پاشکۆی هەفتانە بۆ بابەتەکانی وەک خواردەمەنی و تەندروستی و فێرکردنیش بڵاو دەکەنەوە.

بابەتی هەواڵەکە، تەنیا ڕەگەز نییە کە هەواڵی سەرەکی لە وتارە ڕۆژنامەوانییە تایبەتەکان، جیا دەکاتەوە. هەواڵی سەرەکی، وتار و بابەتە تایبەتەکان، بەدوو شێوازی جیاواز دەنووسرێن: هەواڵە سەرەکییەکان بەشێوازێک دەنووسرێن، خەڵک بەخێرایی زۆرترین زانیارییان پێ بگات.

بەڵام نووسەرانی وتارە ڕۆژنامەوانییە تایبەتەکان، زۆربەی جاران وتارەکەیان بەچیرۆکێک یان نموونەیەک دەست پێ دەکەن، تەنیا بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک، واتە؛ نووسەر، کاتێکی زۆرتری دەوێت تا دەگاتە خاڵی سەرەکیی وتارەکەی. هەندێ هەواڵ هەردوو شێوازەکە لە نووسینیدا بەکار دەهێنرێت.

ئەو هەواڵانەی هۆکاری کات کاریان تێ ناکات و جەخت لەسەر پرسگەلێکی گرینگ دەکەنەوە بە" ڕاپۆرتە هەواڵ" دەناسرێن، هەواڵێکی تایبەت بەهەوڵەکانی کۆمەڵگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشی ئایدز و گوزەران لەگەڵیدا - بۆ نموونە - ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانییە، بەڵام هەواڵی چارەسەرێکی نوێی ئایدز، هەواڵێکی سەرەکییە.

ڕاپۆرتەهەواڵەکان، ئامرازێکی کاریگەرن بۆ زانینی تێڕوانینی خەڵک و کێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان، لە ڕێگەی گێڕانەوەی هەواڵی تاکەکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتیی گوزەرانیانەوە.

### کامانەن سەرچاوەکانی هەواڵ:

ڕۆژنامەوانان، هەواڵیان لە زۆر سەرچاوەوە دەست دەکەوێت، بەڵام بەگشتی، زۆربەی هەواڵەکان لە سێ ڕێگەوە دەست ڕۆژنامەوانان دەکەون:

* کارەسات و ڕووداوە سرووشتییەکان.

* چالاکییە پلان بۆ دارێژراوەکانی وەک کۆبوونەوە و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان.

* دەستپێشخەری و بەدواداگەڕانی ڕۆژنامەوانان.

زۆرجـــاران ئـەو ڕووداوانەی پلانی بـۆ دانەڕێژراوە، دەبنە هـەواڵی ســـەرەکی. نغـرۆبـوونی بەلەمــێک، کـەوتنە خـوارەوەی باڵەفـڕەیەک، زریانی تسـۆنامـی یان هەرەسـهێنانی لاپاڵێک، دەبنە هەواڵی سـەرەکی، نەک هەر لـە دەمی ڕووداوەکەدا، بگرە بۆ چەند ڕۆژێکی دواتریش. ڕێژەی بایەخ پێدانەکـەش پێـوەسـتـە بەدوور و نزیکیی شوێنی ڕووداوەکە یان ئەوانەی بوونەتە قوربانی. ڕووداوی ئۆتومبێلێک لە پاریس، با کەسانێکیشی تێدا تیاچووبن، هەموو کات نابێتە هـەواڵێکی سەرەکی، بەڵام ڕووداوێکی ئۆتومـبـێل لـە ســاڵی ١٩٩٧دا لە پاریس، هەواڵێکی زۆر گـرینگ بوو، نەک هـەر لـە فـەرەنسـا، بگرە لـە هـەمـوو جیـهـاندا، لەبەرئەوەی شـازادە دیانا، بووە قوربانیی ڕووداوەکە.

زۆرجار ئـەو هاووڵاتییـانەی ڕووداوێک دەبیـنن، پێـوەندیی بـەکەناڵێکی هـەواڵەوە دەکـەن. ڕۆژنامــەنووسـانیش لە ڕێی کـارمــەندانی فـریاگـوزارییــەوە هەواڵەکــە دەبیسـتن: پۆلیس، ئاگرکـوژاندنەوە و بەرپرسـانـی فریاگوزاری. ڕۆژنامــەنووسـان سـوود لـە پێـوەندیی نێـوان خـودی تیـمــەکــانی فـریاگــوزاری خـۆیان دەبینن، بۆ وەرگرتنی زانیاری تا بەزووترین کات بگەنە شوێنی ڕووداوەکان.

بەلای هـەواڵنووسـانەوە، چاکـترین سـەرچاوەکـانی هـەواڵ، خشـتـەی ڕۆژانەی ڕووداوەکـانـی شــارە کـە کـۆبـوونەوەکــانـی حکوومـــەت و کـردنەوەی ســەنتــەرە بازرگانییـەکان و چالاکییـەکانی کـۆمـەڵگە لەخۆ دەگرێت. ڕاسـتـە لەوانەیە ڕێک کــەوێت ڕووداوەکــان وەک هـەواڵ نەشــێن، بەڵام دەبنـە سـەرەتایەک بۆ کــاری ئەو ڕۆنامـــەنووســانـەی لە دووی هــەواڵن. ئەو ڕۆژنـامـــەنووســانەی بـەدوای هـەنـدێک مـەسـەلەی دیاریکراودا یان دامـەزراوگـەلێکدا دەگـەڕێن، دەڵێن: زۆرجـار لە کـاتی خوێندنەوەی خشتەی کۆبوونەوەکاندا، بیرۆکەی بەدووگەڕانی هەواڵێکیان بۆ دێت.

ڕاگەیەندراوە ڕۆژنـامـەوانییـەکان، سـەرچاوەیەکی دیکەی هەواڵەکـانن، بەڵام لە خـــاڵێکی دەســـتـــپـــێکی بەدووکـــەوتنی هـەواڵەکـــان زیاتر نین. ڕۆژانە دەیان ڕاگـەیەندراوی ڕۆژنـامـەوانی لە ڕێگەی پۆست و ئـیمـێل و فـاکس و تـەنانەت وێنەی

ڤیدیۆییـیـەوە دەگەنـە سـەنتـەرەکـانی هەواڵ، بەرپرسـانی حکوومـەت و ئاژانسـە حکوومـەتیـیـەکـان، ڕۆژانە بەیاننامـەی ڕۆژنـامـەوانی بڵاو دەکـەنەوە، ڕێکخـراوە مـەدەنـی و قـازانج نەویسـتـەکـانیش، ڕاگەیەندراوی کـار و چالاکـیـیـەکـانیـان بڵاو دەکەن. تێکڕای ئەم بەیان و ڕاگەیەندراوانە، لەوانەیە ببنە زانیـارییەک، بەڵام نابنە هەواڵێکی دروست، چونکە لە لایەنێکەوە دەردەچن، بەرژەوەندییـەکی تـایبـەتی لە مەسـەلەکەدا هەیە. ڕەنگە ئەو بەیاننامانە هەندێک زانیاریی دروستیان تێدا بێت، بەڵام وەک باوە ئـامـاژە تەنیـا بەڕووە چاکـەکـەی لایەنی پێـوەندیدار دەکـەن. بۆیە تەنانـەت ئەگـەر ئەو ڕاگـەیەندراو و بـەیاننامـانە زانیـاریی ئەوتۆشـیـان تـێـدا بێت بەکەڵکی هـەواڵ بێت، پێویستـە ڕۆژنامەوان، پێشوەختـە لێکۆڵینەوە لە ڕاسـتی و دروسـتـیی زانیـارییـەکـان بکات، دوای ئەوە پـرسـیـار دەربارەی بابەتـەکـە بکات، ئەوکات بڕیار بدات، هەواڵەکە شایانی بڵاوکردنەوەیە یان نا.

ڕووداوە پێشوەختـە ئامادەکراوەکانی وەک خۆنیشـانـدان، لەوانەیە ببنە هـەواڵ، بەڵام دەبێ ڕۆژنـامـەنووس بەوریاییـیـەوە مـامـەڵەیان لەتەکـدا بکـات، چونکە ڕێکخـەرانی ئەو خـۆنیشـاندانانە، تـەنیا بۆچوونی خۆیان دەربـارەی پرسـەکـەیان دەخەنە ڕوو. سیاسـییەکان زۆر زیرەکن لە ڕێکخستنی ئەو چالاکییانە و ڕاکێشانی زوومی کـامـێـراکـان تـا چالاکـیـیـەکـانی خـۆیان نیشـان بدەن، تەنانەت ئـەگـەر چالاکـییـەکەیان هیچ بەهایەکیشی نەبێت. ئەمـەش بەو مـانایە نییـە ڕۆژنامـەوانان بایەخ بەو چالاکییانە نەدەن، بەڵام پێویستیان بەکۆکردنەوەی زانیاریی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی بتوانن، هەواڵێکی شایان دابڕێژن.

زۆربەی ڕۆژنامـەوانان دەڵێن؛ چاکـتـرین هـەواڵ و ڕاپـۆرتەکـانیـان ئـەوانەن کـە بەدەسـتپـێشخـەریی خـۆیان دەسـتیـان دەکـەوێت. ئەو پێشنیازانەی لە کـەسـانێکی نەناسراوەوە دێن، یان لەو کەسانەوە کە سـەردانی سەنتەرەکانی هەواڵ دەکەن یان لە ڕێی تەلـەفـۆن و ئـیـمـێلەوە، سکـاڵا و داخـوازیـیـەکـانیـان دەنێرن، لەلایـەن دەزگـا ڕۆژنامەوانییەکانەوە بایەخیان پێ دەدرێت، ئەو دەزگایانە، مەبەستیانە گوێ لە بیر و بۆچوونی خـەڵک بگرن، بۆیە ناونیشـانی ئەلکترۆنی و ژمـارەی تەلەفۆنەکـانی ئەو کەسانە وەردەگرن. ڕۆژنامەنووسـان هەوڵێکی زۆر دەدەن تا پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو کەسـانەی زانیارییان دەدەنێ، پتەو بکەن.

گەلێک جار ڕۆژنامەنووسان بەوردبوونەوە لە دەوروبەری خۆیان و گوێگرتن لە خەڵک، هەواڵی چاکیان دەست دەکەوێت، لەوانەیە ئەو زانیارییەی لە کاتی تەماشاکردنی یارییەکدا یان لە کاتی سەرەگرتن لە بەردەم پۆستدا، دەست ڕۆژنامەوان دەکەوێت، ببێتە کەرەسەی هەواڵێکی چاک. پێویستە ڕۆژنامەنووس لە کاتی پشووشدا، پرسیار لەو کەسانە بکات بەڕێککەوت قسەیان لەگەڵ دەکات، دوور نییە چیرۆکەهەواڵی وای چنگ بکەوێت، کەس پێشتر خۆی لەو دارەتە نەداوە.

ڕێگەیەکی دیکە بۆ دەستکەوتنی هەواڵ، پرسیارکردنە لە ئاکام یان لێکەوتەوەی هەواڵێکی پێشووتر، ڕەنگە ئەو بەدواداچوونە، لایەنی نوێ و پێشبینی نەکراوی بۆ ئاشکرا بکات کە لە هەواڵەکەی یەکەم جار گرینگتر بێت. بۆ نموونە: ڕۆژێک هەواڵی ئاگرکەوتنەوەیەک دەبینی یان دەخوێنیتەوە کە چەند کەسێکی تێدا بوونە قوربانی یان زیانێکی گەورەی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام کە پاش دوو سێ هەفتە لە مەسەلەکە دەکۆڵیتەوە، کەموکورتییەک لە تەلەفۆن و ئامرازەکانی پێوەندیدا وای کردووە، تیمەکانی فریاگوزاری زوو نەگەنە شوێنی ئاگرەکە و ژمارەیەکی زۆرتر خەڵک ڕزگار بکەن.

ڕێک دەکەوێت بەڵگەنامە و دیکۆمێنت و تۆمارە گشتییەکان ببنە سەرچاوەی هەواڵ. ڕۆژنامەوانان بەوردبوونەوە لێیان، ڕەنگە سەرپێچیی گەورە ئاشکرا بکەن. ئەم شێوازە کارکردنە، هەوڵێکی زۆری گەرەکە، لێ ئەنجامەکانی، ماندووبوونەکە دەهێنێت. خۆ ئەگەر بەڵگەنامەکان لە ئینتەرنێتدا بڵاوکرابێتنەوە، ئەوە ماندووبوونەکەی کەمترە. بۆ نموونە، ڕەنگە لێوردبوونەوەی تۆماری ئەو کەسانەی سەرپێچیی ڕێساکانی خێرایی هاژووشتنی ئوتومبێلیان کردووە، ڕۆژنامەنووس بگەیەنێتە چیرۆکی سەیر و سەرنجڕاکێش. هەر ئەم شێوازە کارکردنە بوو، خاتوو نانسی ئیمۆنزی پەیامنێری تەلەڤیزیۆنی گەیاندە چیرۆکی ئەو شۆفێرەی لە ماوەی سێ ساڵدا دوازدە جار سەرپێچیی یاساکانی هاتوچۆی کردووە و لە ڕووداوێکدا بووەتە هۆکاری کوشتنی شۆفێرێکی دیکە، بەبێ ئەوەی مۆڵەتی شۆفێریی لێ بسەندرێتەوە، دوای ئاشکراکردنی ئەم چیرۆکە، بەرپرسانی شارەکە دانیان نا بەکەمتەرخەمیی خۆیان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا.

## ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس

بەهۆی تەکنەلۆجیای نوێوە، ئەمڕۆ هەرکەسێک کۆمپیوتەرێکی هەبێت، دەتوانێت زانیارییەکانی بڵاو بکاتەوە وەک هەر دەزگایەکی ڕۆژنامەوانیی گەورە. بەڵام سایتەکانی ئینتەرنێت، با زۆرجوان نەخشێنرابن و شێوازی نووسینەکانیشیان باش بن و خێراخێراش نوێ بکرێنەوە، هەواڵەکانیان هەر جێگەی متمانە نین، بۆیە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس، ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی پێشتر گرینگترە، چونکە چیدی زانیاری کاڵایەکی دانسقە نییە تەنیا دەست ئەوانە بکەوێت بۆی دەگەڕێن.

ڕۆژنامەوان، بەپێچەوانەی هەڵڵاکار و پروپاگندەچییان، لە زانیارییەکانی ورد دەبێتەوە و شەنوکەویان دەکات، ئەودەم دەیداتە جەماوەر. ڕاپۆرت و چیرۆکە هەواڵەکان پێویستە ورد و دروست بن، جا هەواڵی سەرەکی بن یان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو. ئەرکی ڕۆژنامەنووس هەر تەنیا کۆکردنەوەی زانیاری و بڵاوکردنەوەی نییە، پێویستە لە دروستیی زانیارییەکە پشتڕاست بێت. ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی لە ڕاستیی زانیارییەکانی دڵنیا بێت، ڕاستەوخۆ بەدوایدا دەچێت یان بۆ چەند سەرچاوەیەکی جیاواز دەگەڕێتەوە. هەروەها لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا نەبێت، ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەی زانیارییەکانیان ئاشکرا دەکەن، تا خەڵک ڕادەی ڕاستگۆییيان بزانێت.

بەڵام ڕۆژنامەوانی لە بەخشینەوەی زانیاریی ڕاست و دروست زیاترە، لەوانەیە هەندێک پروپاگندەش ڕاستییەکیان تێدا بێت، هێندە هەیە، ئەو ڕاستییانە بەشێوازێک دەخرێنە ڕوو، کار لە ڕای خەڵک بکەن. ئەوانەی تەنیا بڵاوکردنەوەی زانیاری دەکەنە پیشە، وا فێر بوون یان وایان دەوێت، تەنیا ڕوویەکی چیرۆکەکە بڵاو بکەنەوە، بەڵام ڕۆژنامەنووسان، هەوڵێکی زۆر دەدەن تا چیرۆکەهەواڵێکی کامڵ و هاوسەنگ پێشکێش بکەن، لە دووی ئەوەن، زانیارییەکانیان ورد و ڕاست بن، ڕاستیی چیرۆکەکە بخەنە ڕوو، نەک وەک ئەوەی خۆیان یان هەرکەسێکی دیکە دەیبینێت.

ئەوەی ڕۆژنامەوانی لە شێوازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن جیا دەکاتەوە،

ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن لە مامەڵەکردنی ئەوانەی هەواڵەکانیان دەگوازنەوە، بێلایەن و سەربەخۆ بن. ئەو فەرمانبەرەی ڕادەسپێردرێت دەربارەی ڕێکخراوێک بنووسێت، خۆی لە لایەنە خراپ و کەموکورتییەکان دەبوێرێت، بەڵام ڕۆژنامەنووسان، سەرلەبەری تابلۆکە دەخەنە ڕوو، با کەموکورتیشی تێدا دەرکەوێت.

ڕۆژنامەنووس، تەنیا قایشی گواستنەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆی و زانیاریی خەڵکانی دیکە نییە، ڕۆژنامەنووس هەواڵی ڕاستەقینە دەگوازێتەوە، ڕاستی و بیر و بۆچوون و پروپاگندە تێکەڵ ناکات. دەزانێت هەواڵەکانی چۆن دادەڕێژێت. بیل کیلەری بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز دەڵێ: لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەنووس "حوکمدانە لەسەر ڕاستی و ناڕاستیی زانیارییەکان".

ڕۆژنامەنووسان هەردەم لاگیری جەماوەرن، بەپێچەوانەی ئەو کەسانەی کاریان تەنیا گواستنەوەی زانیارییەکانە. وەک ڕۆژنامەی (مۆنتریال گازێت) لە پەیامەکەیدا نووسیویەتی "گەورەترین سامانی ڕۆژنامە، دەستپاکییەتی" ڕێزگرتنی ئەو پاکژییەش، بەماندوبوونێکی زۆر دەست دەکەوێت و بەئاسانی لەدەست دەدرێت. بۆ پاراستنیشی، ڕۆژنامەنووسان هەوڵی زۆر دەدەن، بەرژەوەندییەکان، بەدژی یەک نەوەستنەوە، جا ئەو بەرژەوەندییانە کردەنی بن یان تەنیا گریمانە.

**مەوزووعییەت و دەستپاکی:**

چەمکی مەوزووعییەت، پێش سەدەیەک زۆر چووە پێش، وەک کاردانەوەیەک لە ئاست مامەڵەی ڕۆژنامەکان لە تەک ڕووداوەکاندا، لە سۆنگەی ورووژاندن و ویست و بیر و بۆچوونی کەسیەتییەوە، ئەو مامەڵەیەی ئەودەم باوی بوو. دەستەواژەی "مەوزووعییەت" بۆ خستنەڕووی میتۆدێک یان شێوازێکی ڕۆژنامەوانی کە ڕۆژنامەوان بەشێوەیەک هەواڵەکە پێشکێش دەکات، دوور بێت لە لاگیریی خۆی و دەزگاکەی.

لەگەڵ ڕۆژگاردا کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژنامەوانان خۆیان، جەخت لەسەر مەوزووعییەت دەکەن. ئەم پرەنسیپە بەلای بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی

واشنتۆن پۆستەوە هێندە بەهەند وەرگیرا، بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا خۆی ناونووس نەکرد. ئەگەرچی گەلێک ڕۆژنامەوان هەن دان بەوەدا دەنێن؛ مەوزووعییەتی تەواو مەحاڵە. بۆیە لەساڵی ١٩٩٦دا، کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسە پیشەییەکانی ئەمریکا، دەستەواژەی"مەوزووعییەت"ی لە پرەنسیپەکانی ڕەفتاری ڕۆژنامەنووساندا سڕییەوە. ڕۆژنامەنووسانیش وەک خەڵکی دیکە مرۆڤن، بایەخ بەکارەکەیان دەدەن، بەڵام بیر و بۆچوونی خۆشیان هەیە، پێداگرتنیش لەسەر ئەوەی؛ بەڵێ ڕۆژنامەنووسان تەواو مەوزووعین، مانای وایە خاوەنی هیچ بەهایەک نین. هەر بۆیە ڕۆژنامەوانان، لەجیاتی ئەو دەستەواژەیە ڕێک کەوتن بنووسن: پێویستە ڕۆژنامەنووس سەبارەت بەبیر و بۆچوونی خۆی هۆشیار بێت و تێکەڵ بەکارە ڕۆژنامەوانییەکەی نەکات، نابێت جەماوەر لە کاتی بینین، بیستن یان خوێندنەوەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیدا، ڕای ڕۆژنامەنووسەکەی بۆ ئاشکرا بێت. ڕۆژنامەوانان لە ڕێی بەکاربردنی میتۆدێکی مەوزووعی و زانستی، ڕپۆرتگەلێکی ڕۆژنامەوانیی وا ئامادە بکەن، گوزارشت لە بیر و بۆچوونی خۆیان نەکات، بەواتایەکی دیکە، پێویستە ڕاپۆرتەهەواڵ بەدەستپاکییەوە ئامادە بکرێت و بەلای کەسدا دای نەشکێنێت.

ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن دەستپاک و بەویژدان بن لە ڕێی ئامادەنەکردنی ڕاپۆرتەهەواڵی تاکلایەنەوە، بگرە دەکۆشن تا ڕایەکی پێچەوانەی ئەو ڕایەشیان دەست کەوێت بێ ئەوەی لاگیریی هیچ لایەکیان بکەن. ڕۆژنامەنووسان تەنیا بەدڵنیابوون لە دروستیی زانیارییەکانیان واز ناهێنن، بگرە هەوڵی خستنەڕووی ڕا و بۆچوونە جیاوازەکان دەدەن، نەخاسمە لەو پرسانەدا کە جێگەی مشتومڕ و جیاوازین.

دەستپاکی و بەویژدانی، لە هاوسەنگیدا جیاوازن. هاوسەنگی، واتە هەر هەواڵێک تەنیا دوو لایەنی هەیەو (ئەمەش شتێکی دەگمەنە) پێویستە بەیەکسانیش بایەخیان پێ بدرێت. کە ڕۆژنامەنووسانیش هەوڵی پاراستنی ئەو هاوسەنگییە دەستکردە دەدەن، کاتێک بەخۆیان دەزانن، هەواڵ یان ڕاپۆرتێکیان ئامادە کردووە، ورد نییە. بۆ نموونە؛ کاتێک زۆربەی هەرەزۆری پسپۆڕانی بێلایەنی ئابووری، سەبارەت بەسیاسەتێکی خەرجکردنی دیاریکراو ڕێک دەکەون،

لەولاشەوە پسپۆڕانێکی کەم ڕایەکی دیکەیان هەیە، لەم کاتەدا ڕۆژنامەوان هەوڵ دەدات، لە ڕاپۆرتەهەواڵەکەیدا، کات یان مەودایەکی وەک یەک بەهەردوو لا ببەخشێت، ئەمەش، هاوسەنگییەکی دەستکرد و لە خشتەبەرە.

## بڵاوکارانی هەواڵ:

لە هەموو جیهاندا، ڕۆژنامەنووسان لە کۆمەڵێک خەسڵەتدا هاوبەشن؛ لەدووی هەموو هەواڵێکن و ماندوو نابن. لە هۆکاری ڕووداوەکان دەپێچنەوە و بەئاسانی واز لەوانە ناهێنن کە زانیارییەکان نادرکێنن. هەروەها خاوەن دەسەلات ناترسێنن، زۆر بەتەنگی کارەکەی خۆیانەوەن. کیڤن مارش، ڕۆژنامەنووس لە ڕادیۆی چواری بی بی سی دەڵێ: "ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو، توانای تێگەیشتنی ڕاستییە گەورەکانی هەیە، بەلام ئەگەر هاوسەمت نەبوون، ئامادەیە دەستبەرداریان بێت". ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەوان، زۆر و ئالۆزن. وەک فیلیپ گراهام، سەرۆکی کۆچکردووی ئەنجوومەنی کارگێڕیی "واشنتۆن پۆست" جارێکیان دەیگوت "ئەرکێکی مەحالە لە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسە ناشتوانێت وازی لێ بێنێت، دەبێ هەموو هەفتەیەک ڕەشنووسی مێژووییەکی بێ کۆتایی بنووسێتەوە دەربارەی جیهانێک هەرگیز تێی ناگەین".

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕۆژنامەوانان زیاتر لە هەر کاتێکی پێشوو، ئامرازی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان لەبەردەستدایە. هەر لە ڕۆژنامە لۆکاڵییەکانەوە تا کەناڵەکانی سەتەلایت و تۆڕی ئینتەرنێت. هەریەک لەم ئامراز و کەنالانەش لایەنی بەهێز و لاوازی خۆیان هەیە.

لە زۆربەی ولاتاندا، ڕۆژنامەکان زۆرترین کارمەندیان هەیە تا بتوانن بابەتگەلێکی قووڵتر و فراوانتر لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن پێشکێش بکەن. ژمارەیەکی چاک لە ڕۆژنامەکان توانیویانە پەرژینی ئەو نەریتە باوە ببەزێنن کە ناچاری دەکردن لە شەو و ڕۆژێکدا تەنیا ژمارەیەک دەربکەن و دانیشن، ئەمەش لە ڕێگەی کردنەوەی سایتی ئینتەرنێتەوە، ئەگەرچی ئەم ڕێگەیەش دیسان بەکەڵکی خەڵکێک دێت گوزەرانی باش و خوێندەوار بێت. واتە بۆ کەسانێک بتوانن بخوێننەوە و توانای کڕینی ڕۆژنامەیان هەبێت یان بتوانن کۆمپیوتەر بەکار بێنن بۆ خوێندنەوەی

ڕۆژنامە لەسەر ئینتەرنێت.

خێرایی و ئاسانیی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، خەسڵەتێکی دیاری ڕادیۆیە کە یەکێکە لە بەکارهێنراوترین کەناڵەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە جیهاندا. ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ، دەتوانن هەواڵەکان بەزیندوویی و خێرایی بڵاو بکەنەوە، هەروەها هەرکەسێک ڕادیۆیەکی پاتریی هەبێت، دەتوانێت هەر کاتێک و لە هەر شوێنێک، گوێی لە هەواڵەکان بێت. ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ کە هەواڵەکان پێشکێش دەکەن، هەندێک وتەی کەسەکانی نێو هەواڵەکە یان چەند لایەنێکی پەیوەندیش لەگەڵ هەواڵەکە دادەنێن، بەمەش گوێگر هەست دەکات ئاگاداری لایەنێکی ڕووداوەکە بووە. لەبەرئەوەی هەواڵنامە لە ڕۆژێکدا چەند جارێک بڵاو دەکرێتەوە، بۆیە زوو زوو نوێ دەکرێتەوە. کەچی زۆربەی ئێستگەکانی ڕادیۆ، ماوەیەکی کەم و دیاریکراو بۆ هەواڵەکان تەرخان دەکەن کە تادێت کورت دەبێتەوە، بەبێ ئەو قووڵبوونەوە و وردەکارییەی لە ڕۆژنامەدا دەبینرێت.

بەڵام هەواڵنامەکانی تەلەڤیزیۆن، چونکە دەنگ و وێنەیە، دەتوانێت ئەوەی ڕووی داوە نیشانی بینەرانی بدات، نەک تەنیا ئاگاداریان بکاتەوە. یەک لە خاڵە بەهێزەکانی تەلەڤیزیۆن ئەوەیە، دەتوانێت هەست و سۆزیش بگوازێتەوە و وا بکات بینەران لەگەڵ ڕووداوەکەدا بژین. پێشکەوتنی تەکنەلۆجی- کامێرای بچووک و مۆنتاجی دیگیتاڵ و ئامرازەکانی پێوەندی- وای لە تەلەڤیزیۆن کردووە، بەخێراییەکی نزیک لە خێرایی ڕادیۆ، ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ بگوازێتەوە. بەڵام دواجار، پشت بەستنی تەلەڤیزیۆن بەوێنە، لەوانەیە ئاستەنگێک بێت: زۆرجاران کەناڵەکانی تەلەڤیزیۆن خۆیان لە هەواڵە ئاڵۆزەکان دەبوێرن، چونکە لەلایەنی تەماشاکردنەوە، سەرنجڕاکێش نین.

بەم دواییانە، خەریکە سنووره جیاکارەکانی نێوان ڕاگەیاندنی چاپکراو و بینراو و بیستراو نامێنن، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەواڵەکانیان بەچەندین ئامراز بەئینتەرنێتیشەوە، بڵاو دەکەنەوە. لەبەرئەوەی ئینتەرنێت بوارێکی بێ سنووری فراوانبوونی لەبەرە، بۆیە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی، ملکەچی مەرجەکانی ڕووبەر و کات نابن وەک ئامرازەکانی دیکەی

ڕاگـەیاندن. مـاڵپـەڕەکـانی ئینتـەرنێت دەتوانن زۆرترین زانیـارییی بـدەن و بۆ ماوەیەکی زۆرتریش بمێننەوە، هەروەها دەرفەت دەدەن بەبەکارهێنەرانیان، بەدوای ئەو هەواڵانەدا بگەڕێن کە مەبەستیانە.

سایتەکانی هەواڵی سەر بەڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان زۆر وێک دەچن، هەواڵەکـانیـان بەوێنەوە بـڵاو دەکـەنەوە، هەندێکیـان وێنەی ڤـیـدیۆییش لەگـەڵ هەواڵنامـەی نوێتـرین هەواڵدا دادەنێن. هەروەها کـۆکـراوەی هەواڵەکـانیش (بۆد کاسب) ئامادە دەکەن، کە بریتییە لە کۆمەڵێک فایلی تایبەت و خوێنەران دەتوانن بەڕاکـێـشـان و کـۆپیکردن سـوودیان لـێ وەرگـرن. هەندێک سـایتـیـان بواری خـوێندنەوەی دەقی هەواڵەکـە بۆ خـوێنـەران یان گـوێگرتـن لە نووسـەری هەواڵەکە دەرەخسێنێت.

زۆر لە ڕۆژنامـەنووسـان لەم جـیـهـانە پێـشـکەوتووەی هەواڵدا، هـەست دەکـەن پێـویسـتـیـان بەشـارەزایی و توانای زیاتر هەیە بۆ ئەنجامـدانی ئەو ئەرکەی لێیـان چاوەڕێ دەکرێت. وێنەگرتن و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ سـەرچاوەکانی هەواڵ و ئامادەکرنی ڕاپۆرتەهەواڵ، ئەرکی ڕۆژنامەوانانن، لەوانەیە پێداچوونەوەی هەواڵ و مـانشـێـتـەکـانیـشـیـان لـێ داوا بکرێت. جگە لە وێنەگـرتنی ڕووداوەکـە و وێنەی فۆتۆگرافی، نووسینەوەی هەندێک ڕوونکردنەوە دەربارەی وێنەکانیان، ئەو ئەرکەیە لە وێنەگران چاوەڕێ دەکرێت. ڕێکخراوگەلێکی زۆریش هەن، دەرفەتی ڕاهێنان بۆ ئەو ڕۆژنامـەنووسـانە دەڕەخسـێنن کـە ئەرکی نوێیـان لە سـەنتـەری هەواڵەوە پـێ دەسپێردرێت. ژمارەیەک لـە مامۆسـتایانی ڕۆژنامەوانیش، وانەی تـایبەت دەڵێنەوە بۆ ڕاهێنانی قـوتابیان لەسـەر هەندێک توانا و شارەزایی کـە لەوانەیە لە داهاتوودا پێویستیان بێت.

بەڵام، سـەرەڕای هەمـوو ئەم پێداویسـتـیـە نـوێیـانە، گـەوهەری ڕۆژنامـەوانیی چاک، وەک خــۆیەتی. گـەوهـەرەکــەش، وەک بیـڵ کـۆڤـاک و تۆم ڕۆزینسـتـیل لە کـتـێـبـەکـەیاندا (پـرەنسـیـپـەکـانی ڕۆژنامــەوانـی) دەڵێن: ئـەوەی پێـویسـتـە ڕۆژنامـەنووسـان بیـزانن و ئەوەی پێـویسـتـە خـەڵک پێـشـبـینیی بکەن، سـەرەڕای ئەمـانە؛ هەندێک پرەنسیپی ڕوون هەیە کە ڕۆژنـامەنووسـانی وڵاتانی دیموکراسی

دەربارەیان کۆکن و مافی هاوولاتیانیشە پێشبینییان بکەن:

* یەکەمین پابەندی ڕۆژنامەوانی، پابەندبوونیەتی بەڕاستییەوە.
* یەکەمین لاگیری بۆ هاوولاتیانە.
* گەوهەرەکەی لێکۆڵینەوە و دڵنیابوونیەتی لە هەواڵەکەی.
* پێویستە ڕۆژنامەنووس دەرهەق ئەو کەسانەی هەواڵەکانیان دەگوازێتەوە و باسیان دەکات، بێلایەن بێت.
* پێویستە ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی چاودێرێکی بێلایەنی دەسەلات بگێڕێت.
* دەبێ ببێتە سەکۆیەکی ڕەخنەی گشتی و چارەسەرە مامناوەندییەکان.
* دەبێ هەوڵ بدات پرسە گرینگەکان سەرنجڕاکێش و پێوەندییەکی تۆکمەیان بەبابەتەکەوە هەبێت.
* پێویستە هەواڵەکان هەمەلایەنە و هاوئاهەنگ بن.
* دەبێ دەرفەت بەڕۆژنامەنووسان بدرێت ویژدانیان سەرپشک بێت.

هەر ئەم بەها و پێوەرانەشە، ڕۆژنامەوانی لە تێکڕای جۆرەکانی دیکەی پێوەندی و ڕاگۆڕینەوە جیا دەکاتەوە. پابەندبوونیش پێیانەوە، ئاسان نییە، چونکە هەموو ڕۆژێک، ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ پاڵەپەستۆکانی دەستبەرداربوون لەو بەها و پێوەرانە ڕووبەڕوو دەبنەوە. بەڵام بیرهێنانەوەی ئەم پرەنسیپانە، چاکترین دەستەبەرە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی ئەرکی سەرەکیی خۆی جێبەجێ بکات، کە بریتییە لە: ئاگادارکردنی خەڵک لەو زانیارییانەی لە بڕیاردان و ژیانیاندا پێویستیانە.




## دەستکەوتنی هەواڵ

یەکەمین سەرەداو لە نامەیەکی ئەلیکترۆنیی کاربەدەستێکی پێشووی حکوومەتەوە بوو کە پێشنیازی کردبوو، چاوێک بگێڕدرێتەوە بەژمارەی کەرەسەکانی خۆرزگارکردندا لە ویلایەتی واشنتۆن. پەیامنێری ئەو کاتی ڕۆژنامەی سیاتڵ تایمز "ئەریک ناڵدەر"، بڕیاری دا بەدوای مەسەلەکەدا بچێت. یەکەمین کار، ناڵدەر پێوەندیی بەبەڕێوەبەری بەشی سەلامەتی بەلەمەکانەوە کرد کە تازە لەو شوێنە دامەزرابوو، بەڵام ناونیشانی بەرپرسی پێشووی بەشەکەی بەناڵدەر دا، کاتێک بەتەلەفۆن، پێوەندیی بەبەڕێوەبەرە خانەنشینکراوەکەوە کرد، بۆ ناڵدەری دووپات کردەوە؛ بەڵێ کەموکورتی لە کەرەسەکانی خۆرزگارکردندا هەیە، ئەم زانیارییە، مانای ئەوە نەبوو، ناڵدەر، چیرۆکەهەواڵێکی باشی ئاشکرا کردووە، بگرە ناڵدەر کەوتە سەر ڕاستەڕێی مەسەلەکە.

بۆ دەستکەوتنی تەواوی چیرۆکەهەواڵەکە، ناڵدەر، پێویستی بەو بەڵگەنامانە بوو کە ژمارەی کەرەسەکانی خۆرزگارکردن (سەرئاوخەر – طوافات النجاه) لەنێو هەر بەلەمێکدا بزانێت، هەروەها لای زۆریی ژمارەی ئەو سەرنشینانەی هەر بەلەمێک دەتوانێت و بۆی هەیە سواریان بکات، دەبوو هەموو ئەو زانیارییانەش شی بکاتەوە تا بگاتە ڕادەی مەترسیی ئەو کەموکورتییە، دەبوو سواری بەلەمەکان بێت و لەگەڵ سەرنشینان و دەستەی لێخوڕینیان قسان بکات، تەنیا دوای هەموو

ئەم کـارانە، ئەو کـات توانیی چیـرۆکـەهەواڵەکـەی بنووسـێت، کـاتێک لە یـەکـەم لاپەڕەی ڕۆژنامــەکـەدا بڵاوکـرایـەوە و دەریخـست؛ کـەمـوکـورتی زۆر لـە ژمـارەی سەرئاوخەرەکاندا هەبووە، بەحەوت سەرنشین یەکێکیان پێ بڕاوە.

گواسـتنەوەی هەواڵ، پرۆسـەیەکە پێـویسـتی بەکـۆشش و مـاندووبـوون هەیە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەردەست و وردبوونەوە لە ڕاست و دروستییاندا. لە کــاتێکدا ڕۆژنـامــەنووســـان بەچاوی خـــۆیان هـەندێک هەواڵ دەبـینن، بـەڵام بۆ وردەکاریی زیاتر قسـە لەگەڵ شـایەتحاڵەکان یان کەسـانێکی شـارەزادا دەکەن، زانیـارییـەکـانی کـۆنکرێتی و بەبەڵگە دەبن، هێـشـتـاش بۆ دڵنیـابوونی زیـاتر بۆ بەڵگەی باوەڕپێکراوی تۆمـار و ڕاپۆرت و ئەرشـیڤ دەگـەڕێنـەوە. پێـویسـتـە ئەو زانیـارییـانـە وەڵامی پرسـیـارە باوەکـانی: کێ، چی، لە کـوێ، کـەی، بۆچی و چۆن بدەنەوە. ڕۆژنامـەنووس دەکارێت بەچەندین شـێواز ئەو پرسـیـارانە بکات، ئەمـەش پەیوەستە بەڕادەی ئاڵۆزیی چیرۆکەهەواڵەکەوە.

**کێ:**

* لایەنەکانی چیرۆکەهەواڵەکە کێن؟
* کاریگەریی لەسەر کێ هەیە؟
* کێ بەچاکترین شێوە دەربارەی چیرۆکەهەواڵەکە قسە دەکات؟
* کێ لەم چیرۆکەهەواڵەدا دیار نییە؟ کێ زانیـاریی زیاتری دەربارەی ئەو کەسـە هەیە؟
* کێن لایەنە ناکۆکەکانی ئەم چیرۆکەهەواڵە؟ پرسێکی هاوبەشیان لە نێواندایە؟
* کێن ئەوانەی پێویستە لەمبارەیەوە قسەیان لەگەڵدا بکەم؟

**چی:**

* چی ڕووی داوە؟
* خاڵی سەرەکیی ئەم چیرۆکەهەواڵە چییە؟ بەڕاست هەوڵ دەدەم چی بڵێم؟
* خـوێنـەر یان بینەر یان گـوێگر دەیەوێت چی بزانێت تـا لـەم چیـرۆکـەهـەواڵە تێ بگات؟

* ئەوەی پێشبینیم نەکردبوو چی بوو؟ گرینگترین ڕاستی یان زانیاری چییە؟
* پاشخانی ئەم چیرۆکەهەواڵە چییە؟ ئێستا چی ڕوودەدات؟
* خەڵک بەرانبەر ئەم پرسە چی دەکەن؟

**لە کوێ:**

* لە کوێ ڕووی داوە؟
* دەبێ ڕوو لە کوێ بکەم تا چیرۆکەهەواڵەکەم بەتەواوی دەست بکەوێت؟
* ئەم چیرۆکەهەواڵە بەرەو کوێ دەچێت؟ چۆن کۆتاییی دێت؟

**کەی:**

* کەی ڕووی داوە؟
* کەی وەرچەرخانەکانی ئەم چیرۆکەهەواڵە ڕوویان داوە؟
* کەی پێویستە ڕاپۆرتی ئەم چیرۆکەهەواڵە پێشکێش بکەم؟

**بۆچی:**

* بۆچی ئەمە ڕووی داوە؟ ئایا مەسەلەیەکی تاک و تەنیایە یان بەشێکە لە ئاراستەی گشتی؟
* بۆچی خەڵک وا ڕەفتار دەکەن؟ چی پاڵیان پێوە دەنێت؟
* بۆچی ئەم چیرۆکەهەواڵە گرینگە؟ بۆچی دەبێ خەڵک بیبینن یان بیخوێننەوە یان گوێیان لێ بێت؟
* بۆچی دەبێ دڵنیا بم گواستنەوەی ئەم چیرۆکەهەواڵە کارێکی چاکە؟

**چۆن:**

* چۆن ڕووی دا؟
* چۆن مەسەلەکان بەم ڕووداوە دەگۆڕێن؟
* چۆن ئەم چیرۆکەهەواڵە هاوکاریی خوێنەر یان گوێگر یان بینەر دەکات؟ هەروەها کۆمەڵگەش؟
* چۆن ئەم زانیارییانەم دەست کەوت؟ ئایا پشت بەستن بەقسەی ئاگادارانی

چیرۆکەهەواڵەکە و گواستنەوەکەی ڕوونن؟

* خەڵک چۆن ئەم چیرۆکەهەواڵە بۆ هاوڕێکانیان دەگێڕنەوە؟

## چاودێری و سەرنجدان:

چاودێری و سەرنجدانی وردی شوێنی ڕووداو، لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئامادەکردنی هەر هەواڵێکی شایانن. ڕۆژنامەنووسان حەز دەکەن ئەگەر بۆیان ڕێک کەوێت، بەچاوی خۆیان ڕووداوەکە ببینن تا بتوانن بەوردی بیگوازنەوە، ڕۆژنامەنووسە چالاکەکان، لە شوێنی ڕووداوەکەدا هەرچی وریاییی خۆیانە دەیخەنە گەڕ. ئەوان، سەرنج دەدەن، گوێ دەگرن، بۆن دەکەن و بەدوای چیرۆکی هەواڵەکەدا دەچن تا لە ڕێی ئەوانیشەوە، جەماوەر لە وردەکارییەکان ئاگادار بێت.

بۆ ئەوەی ڕژنامەنووسان بتوانن ئەو کارە بەچاکی ڕاپەڕێنن، پێویستە تێبینییەکانیان تۆمار بکەن. ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاندنی نووسراو، تێبینییەکانیان لە دەفتەرێکدا تۆمار دەکەن. ئەڵبەت زۆربەیان ڕیکۆردەر و کامێراشیان هەڵگرتووە، نەخاسمە ئەگەر هەواڵەکە بۆ سایتێکی ئینتەرنێتیش ئامادە بکەن. ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆش پێویستیان بەتۆمارکردنی دەنگ هەیە و ئەوانەی تەلەڤیزیۆنیش، پێویستیان بەدەنگ و وێنە هەیە.

بەکارهێنانی ڕیکۆدەر، ئامرازێکە بۆ دڵنیابوون لە دروستیی ئەو وتە و لێدوانانەی لە ئامادەکردنی هەواڵەکەدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەردەم ئەگەری ئەوە هەیە کەرەسە ئەلیکترۆنییەکان کار نەکەن یان لە کار بکەون، بۆیە دەبێ ڕۆژنامەنووس، نووسەرەوەیەکی بەدەستوبرد و لێهاتوو بێت.

بەپێی ئەزموونی ڕۆژنامەنووسانێکی شارەزا، چەند بیرۆکەیەک دەربارەی چۆنیەتیی تۆمارکردنی ڕووداوەکان دەخەینە ڕوو:

* هەرچی ڕووداو و وردەکاری و ڕا و بیرۆکەکان هەیە تۆماریان بکە. جیاوازییەکانی نێوانیان ڕوون بکەوە و سەرچاوەکانیشیان بنووسە.
* وێنەی دەستیی ژوور و دیمەن و کەرەسەکانی شوێنی ڕووداوەکە بکێشە و پێوەندییان پێکەوە ڕوون بکەوە.

* هەوڵ بدە ناو و نازناوەکان وەک خۆیان بەدروستی بنووسە، هەروەها هەر زانیارییەک پێوەندیی بەکەسەکانەوە هەبێت. لەبارەی ڕۆژ و ساڵی لەدایکبوونی کەسەکان پرسیار بکە تا دڵنیا بیت بەڕاستی تەمەنیان دەزانیت.
* بنەمای دیدارەکانت لەگەڵ کەسەکان، لە دەفتەری تێبینییەکانتدا تۆمار بکە.
* زانیارییەکان بەتێکەڵاوی مەنووسە، تا ئەگەر زانیاریی نوێت دەست کەوت، بواری تۆمارکردنیان هەبێت.
* هەردوو بەرگی ناوەوە بەبۆشی بهێڵەوە، تا پرسیارەکانی تێدا بنووسیت.
* زانیاریی نوێ و پەڕاوێزەکان و تێبینییەکانت، بەخێرایی بنووسە.

زۆر لە ڕۆژنامەنووسان، کورتەناوی وشە ناسراوەکان دەنووسن بۆ ئەوەی تێبینییەکانیان بەخێرایی تۆمار بکەن. دواتر تێبینییەکانیان ڕوون دەکەنەوە و ناوی تەواوی کورتەناو و دەستەواژەکان تۆمار دەکەن. هەروەها گرینگترین زانیارییەکان و ئەو وتانەی دەیانەوێت لە چیرۆکەهەواڵەکەدا بەکاری بێنن و هەر شتێک بۆ بەدواداچوون و پرسیارە بێ وەڵامەکان بەجوانی تۆمار دەکەن.

پێویستە ڕۆژنامەنووس بەر لەوەی بۆ گواستنەوەی هەواڵێک بەڕێکەون، پێداویستییەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبێت: دەفتەری تێبینییەکان، پێنووس، ڕیکۆردەری کاسێت یان دیگیتاڵ و پاتریی بەکار، چونکە هیچ شتێک هێندەی ئەوە ناخۆش نییە، ڕۆژنامەنووس بچێتە شوێن ڕووداوەکە و لەوێ ببینێ کامێراکەی فیلم یان کاسێتی تێدا نییە یان قەڵەمەکەی نانووسێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆربەی ڕۆژنامەنووسان، مۆبایل و کۆمپیوتەرێکی بچووک (لاپتۆپ)یان پێیە. هەندێک کەرەسەی سادەی دیکەش پێویستن: جانتایەکی چەرم تا دوایین لاپەڕەی نووسراوی دەفتەری تێبینییەکان دیاری بکات، جگە لەوەی دەفتەرەکە لە باران دەپارێزێت. دووربینێکی بچووکیش ڕەنگە پێویست بێت بۆ ئەو کاتانەی ڕۆژنامەنووس ناتوانێت لە شوێنی ڕووداوەکە نزیک بێتەوە.

ژمێردەرێکی (ئاله حاسبه) بچووکیش، هاوکاریی ڕۆژنامەنووس دەکات، زانیارییەکانی بۆ هەندێک دەستەواژە بگۆڕێت لای خەڵک زانراو و باون.

## گەڕان بەدوای زانیاریدا:

ڕۆژنامەنووسان زۆریان حەز لەوەیە زانیاریی زیاتر لەوەی بۆ هەواڵەکە پێویستیانە کۆ بکەنەوە، چونکە هەردەم زانیاریی زیاتر، هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان دەکات باشتر لە مەسەلەکان تێ بگەن و باشتریش هەواڵەکان ئامادە بکەن. ئەریک ناڵدەر لەو ڕاپۆرتەیدا کە پێشتر باسمان کرد دەربارەی کەرەسەکانی خۆ ڕزگارکردن (سەرئاوخەر) ئامادەی کردبوو، ئاماژەی بەوەدابوو ئاوی ئەو ڕووبارەی بەلەمەکەی تێدا نقووم بوو، لەمانگی (کانونی دووەم – یونایەر)دا هێندە ساردە، لە ماوەی نیو سەعاتدا مرۆڤ دەکوژێت. ئەم زانیارییە لە چیرۆکەهەواڵەکەدا، بایەخی بوونی کەرەسەکانی خۆڕزگارکردن ڕوونتر دەکاتەوە. هەر ئەم جۆرە زانیارییانەشە، ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیاندا، بۆیان دەگەڕێن.

بەهۆی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە، ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر، بوار و کەرەسەکانی گەڕان بەدوای زانیاریدا لە بەردەست ڕۆژنامەنووساندایە. زۆربەی ئەو کەرەسانەش، شێوازە تەکنەلۆجییە پێشکەوتووەکەی کەرەسە بنەڕەتییەکانی پیشەکەن: تۆمارەکانی ناو و ناونیشان، ژمارەی تەلەفۆن، تۆماری ساڵانە، نەخشە و ئینسکلۆپیدیاکان، هەندێک لەو زانیاری و بەڵگەنامانەش، گەڕانەوە بۆیان کارێکی ئەستەم بوو، بەهۆی ئینتەرنێتەوە نەبووایە، بۆ بینینیان، دەبوو سەردانی کتێبخانە یان فەرمانگەیەکی حکوومەت بکەیت. ئێستا کەرەسەگەلێکی وا پەیدا بوون، بەر لە بیست ساڵ (سەرەتاکانی پەیدابوونی ئینتەرنێت) کەس مەزەندەی نەدەکردن: ماشێنەکانی بەدواداگەڕان، ژوورەکانی گفتوگۆ Pall talk و... هتد. هەموو ئەم کەرەستانە، هاوکاریی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەن لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ هەواڵ یان ڕاپۆرتەهەواڵەکەی. بەڵام یەک لە سەرەکیترین کەرەستەکانی بەدواداگەڕان، هەر وەک خۆی ماوەتەوە و نزیکەی سەدەیەکە نەگۆڕاوە: ئەرشیڤی هەواڵەکانی سەر بەدەزگایە کە تێکڕای هەواڵ و ڕاپۆرت هەواڵەکانی پێشووی تێدا پارێزراوە، لەسەر کاغەز بێت یان کاسێت یان لە کۆمپیوتەردا. گرینگ ئەوەیە ئەو ئەرشیڤە چاکترین کەرەستەی تێدا دەست

دەکــەوێت بۆ دارِشــتنی راپۆرت یان چیــرۆکــەهــەواڵ. زۆر لە رۆژنامــەنووســان، هەندێک لەو راپۆرت و چیرۆکەهەواڵانە لای خۆیان ئەرشیف دەکەن و دەیپارێزن.

بیــهــێنە بەرچاوی خــۆت، ئەگــەر ســەرۆکــێکی پێشــووی دەوڵــەتێکی هــاوسـێی وڵاتەکـــەت کــۆچی دوایی بکات، ئەو رۆژنامــەنووســـەی کــە بەئامـــادەکـــردنی راپۆرتەهەواڵی مردنەکە رادەسپێردرێت، پێویستە هەندێک زانیاریی بنەرِەتی بزانێت: تەمەن، هۆکاری مردنەکە، لە کوێ و کەی مردووە. هەروەها رۆژنامەنووس پێویستی بەزانیاریی دیکە هەیە دەربارەی ئەو ماوەیەی کۆچکردوو سەرۆک بووە، دەوڵەتەکەشی دوای ئەو چ گۆرِانێکی بەسەردا هاتووە، جا ئەو زانیارییانە لە ئەرشیڤی سەنتەرەکەی وەردەگرێت یان لە ئینتەرنێت، رەنگە پێویست بەوەش بکات کەسێکی نزیک سەرۆکی کۆچکردوو بدوێنێت، دوای ئەوەی زانیاریی تەواو دەربارەی پاشــخـانی ئەو کـەســە وەردەگرێت، لەوانەیە ئەو کـەســە، نامـەکـانی کۆچکردووی لای خۆی پاراستبێت، نامەکانیش زانیاریی نوێیان تێدا بێت.

چاوپێکەوتنی رۆژنامـــەوانی، بێ لێکۆڵینەوەیەکی پێشـوەختــە، وەک ئەوە وایە بەئوتومبێل بازۆی بەرەو ناوچەیەک کە شارەزای نیت و نەخشەشت پێ نەبێت، رەنگە بگەیتە شوێنی مەبەست، بەڵام لە رێگەیەکی دوورترەوە.

## سـەرچاوەکان:

رۆژنامــەنووســـان ســـەرچاوەگــەلێکی ســـەرەکی و لاوەکی لە ئامـــادەکــردنی هەواڵەکاندا بەکار دێنن. لەوانەیە یەکەمین سەرچاوە، چاوپێکەوتنێک بێت لەگەڵ کــەســێک پێــوەندیی راســـتــەوخــۆی بەرِووداوەکــە یان بابەتەکـــەوە هەیە. یان بەڵگەنامەیەک کە پێوەندیی بەبابەتەکەوە هەبێت. رۆژنامەنووس، وەک شایەتحاڵێک بەسەرچاوەیەکی بەراییی رِووداو دادەنرێت. لەوانەشە راپۆرتەهەواڵێک کە پشتی بەبەڵگەنامەکە بەستووە، ببێتە سەرچاوەی لاوەکیی رِووداوەکە. بۆ نموونە؛ لە کاتی ئاگرکەوتنەوەیەکدا، ئەو کـەسـەی مـاڵەکـەی سـووتاوە، سـەرچاوەی بەراییـیـە، هەروەها کــارمـــەندانی ئاگــرکــوژاندنەوە، دیســـان ســـەرچاوەی بەرایین، بەڵام راگەیاندراوە رۆژنامەوانییەکەی ئێستگەی ئاگرکوژێنەوە کە رۆژی دواتر بڵاوی دەکاتەوە، بەسەرچاوەی لاوەکی دادەنرێت.

یەک لەو پرەنسیپە باوانەی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی زانیاری کۆکردنەوەدا، پەیڕەوی دەکەن؛ هەموو ئەو زانیارییانەی پێویستیانە، لای تاکە سەرچاوەیەک دەست ناکەوێت. بۆ نموونە لە حاڵەتی سەرۆکە کۆچکردووەکەدا، هەر سەرچاوەیەک، ڕۆژنامەنووس بۆ سەرچاوەیەکی دیکە ڕێنوێنی دەکات و لەوانەیە زانیارییەکانیش وێک نەچن. بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس بگاتە زانیارییە دروستەکان، پێویستی بەوە هەیە زانیارییەکان شەنوکەو بکات و بەڵگەی کامیان بەهێزترە، پشت بەوەیان ببەستێت، یان ناچار بگەڕێتەوە لای سەرچاوە ڕەسەنەکانی وەک بەڵگەنامە، تا بڕیار بدات ڕاستییەکە چۆنە. سەرچاوە لاوەکییەکان بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستیی زانیارییەکانی سەرچاوە بەرایییەکان پێویستن.

ئەو سەرچاوانەی ڕۆژنامەنووس بۆ ئامادەکردنی چیرۆکەهەواڵەکە بەکاریان دێنێت، هەرچۆنێک بن، ڕەگەزێکی سەرەکیی ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت؛ متمانە بەسەرچاوەی هەواڵەکە. لەم ڕۆژگارەدا، هەر کەسێک دەتوانێت سایتێکی هەواڵی ئینتەرنێتی دامەزرێنێت و وەک سایتێکی پیشەیی بێتە بەرچاو، کەچی لە ڕاستیدا، فێڵە. تەنیا بوونی زانیارییەک لەسەر ئینتەرنێت، مانای وا نییە، زانیارییەکە ڕاستە، بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسان، لە زانیارییەکان ورد بنەوە، ئەوجا بڕیار بدەن، ئەو زانیارییە جێی متمانەیە و بەکەڵکی هەواڵ و ڕاپۆرت و چیرۆکەهەواڵەکانیان دێت یان نا.

ئەو سەرچاوانەی ڕۆژنامەنووس پشتیان پێ دەبەستێت، بەشێکی هەرە گرینگی ئەرکەکەیەتی. وا هەندێک نموونەی پرسیاری سوودبەخش دەنووسین، تا ڕۆژنامەنووسان بزانن، سەرچاوەیەکی ڕاستیان هەڵبژاردووە، یان پشتیان بەچاکترین سەرچاوە بەستووە یان نا:

* کەسەکە ئەو زانیارییانە چۆن دەزانێت؟ (ئایا ئەو کەسە لە پێگەیەکی کەسانی یان پیشەییی وادایە ئەو زانیارییانەی هەبێت؟).
* چۆن دەتوانیت لە دروستیی زانیارییەکان دڵنیا بیت لە ڕێگەی سەرچاوەگەلێکی دیکەوە یان بەگەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەکان؟
* ئایا تێڕوانینی سەرچاوەکە، گوزارشت لە تێڕوانینی توێژێکی فراوان دەکات؟

(بڵێی ئەو کەسە کەسێکی قسەزان و دەنگبەرز نەبێت بەرانبەر خاوەنی خانووەکەی و کێشەیەکی کەسییان لە نێواندا نەبێت؟ یان ئەو کەسە بەناوی کۆمەڵێکی زۆری کرێچییانەوە قسان دەکات و ئەو کۆمەڵە کێشەیەکی ترسناک و ڕەوایان هەیە؟).

* ئایا سەرچاوەکە جێ بڕوایە و بەکەسێکی ڕاستگۆ ناسراوە؟
* ئایا سەرچاوەکە، سەرچاوەیەکە بەئاسانی دەستگیر دەبێت بۆیە پەنات بۆ بردووە، یان دڵنیای شتێکی ئەوتۆت لێ دەست دەکەوێت کەڵکی لێ ببینیت؟
* چی پاڵ بەسەرچاوەکەوە دەنێت ئەو زانیارییانە بدات؟ (بڵێی هەوڵ نەدات خۆی وەک کەسێکی چاک یان سەرۆکەکەی خراپ نیشان بدات؟ ئایا بۆچی هەر بڕیاری داوە قسەت بۆ بکات؟).

کاتێک سەرچاوەیەکی سوودبەخشی زانیاری دەدۆزیتەوە، پێویستە تاسەر پێوەندیت لەگەڵیدا بەردەوام بێت. هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاریی بدە بۆ پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ زۆرترین سەرچاوەدا. بەوەرگرتنی ناونیشانی نووسینگەکەی یان ژمارە تەلەفۆنی شوێنی کاری مەوەستە، بگرە ژمارەی مۆبایل و ماڵەکەشی وەرگرە لەگەڵ ئیمێلەکەیدا. ڕۆژنامەنووسی چاک، پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ سەرچاوەکانیدا هەیە، لە دوایین پێشهات دەپرسن، کارێک بکە سەرچاوەکان بەئاسانی بتوانن پێوەندییت پێوە بکەن، لە ڕێگەی پێدانی کارتی خۆت بەهەر کەسێک چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەیت.

هەر کەسێک زانیاریی لا بوو، بەکەڵکی ڕۆژنامەنووس دێت، لەوانە سکرتێر و بەڕێوەبەری نووسینگە تایبەتەکان، ئەوان دەتوانن بەڵگەنامەت بدەنێ، جگە لەوەی دەزانن زانیاریی تەواو لای کێ دەست دەکەوێت. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەڕێزەوە مامەڵیان لەتەکدا دەکات، بەئاسانی دەتوانێت بەخێرایی بیانبینێت.

## چاوپێکەوتنەکان:

کچە ڕۆژنامەنووسی ئەمریکایی کریستین گیلەر دەڵێ: "ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی زیرەکانە، بنەمای هەر ڕاپۆرتەهەواڵ و نووسینێکی ڕۆژنامەوانیی چاکە". چاوپێکەوتن واتە: ئەو زانیاری و ڕا و بۆچوون و شارەزاییانەیە



عەبدولڕەزاق عەلی (٣)

سەرچاوەکە دەیداتە ڕۆژنامەنووس. ئەوەی چاوپێکەوتنیش لە گفتوگۆی ئاساییدا جیا دەکاتەوە؛ ڕۆژنامەنووس خۆی ئاراستەی پرسیارەکان دیاری دەکات".

وەرگرتنی کاتێک بۆ چاوپێکەوتن، هەموو جارێک ئاسان نییە، خەڵک هەیە حەز ناکات قسە بۆ ڕۆژنامەنووس بکات، نەخاسمە ئەگەر دەربارەی چیرۆکەهەواڵێکی جێی مشتومڕ بێت. کاتێک مامەڵە لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتیدا دەکەیت، هەردەم ئەو ڕاستییەت لە بیر بێت؛ مافی خەڵکە ئاگاداری ڕووداو و زانیارییەکان بن، ڕۆژنامەنووسە چالاک و زیرەکەکان، دەکارن ئەو کاربەدەستانەش بخەنە قسە کە زۆر دوودڵ و ڕاڕان و بەدۆزینەوەی هۆکار و بیانووگەلێکی جیاجیاوە، خۆ لە قسە و لێدوان دەدزنەوە، وەک:

* کاتیان نییە.
* ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنەکە مسۆگەر بکات و بیانووەکانی کەسەکە سەرنەگرێت، دەتوانێت ئەو کەسە لە دیاریکردنی سات و شوێنی چاوپێکەوتنەکە سەرپشک بکات و ئەو ماوەیەش دیار بکات بۆ چاوپێکەوتنەکە پێویستە.
* هەیە دەترسێت ئەگەر قسە بکات، قسەکانی خراپ بکەونەوە، بۆیە پێویست ڕۆژنامەنووس بەڕێزەوە مامەڵەی خەڵک بکات و هۆکاری قسەلەگەڵکردنی بۆ کەسەکە خۆی ڕوون بکاتەوە، بەمەش سەرچاوەکان نیگەرانییان کەم دەبێتەوە.
* هەیە هەر نازانێت قسە بکات.
* دەبێ ڕۆژنامەنووس بەڕوونی بزانێت بۆچی هەواڵەکەی پێویستی بەقسەی کەسی دیاریکراو هەیە.
* سەرچاوە هەیە پێوەندی پێوەکردنی زۆر گرانە.
* زۆرجاران وا پێویست دەکات، ڕۆژنامەنووس لە ڕێی سکرتێر یان بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانەوە، پێوەندیی بەکاربەدەستێکەوە بکات. خۆ ئەگەر زانی ئەو هاوکارانەی کاربەدەستەکە، ئاستەنگ دروست دەکەن، نامەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ دەنووسێت یان لە کاتی دەوام یا نانی نیوەڕۆدا، پێوەندیی ڕاستەوخۆی پێوە دەکات.

پاش ئەوەی کاتەکە وەردەگریت و زانیاریی تەواویش دەربارەی کەسەکە پەیدا دەکەیت، هێشتا ئامادەکاریی زۆرت دەمێنێت. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان پرسیار و بابەتەکانی چاوپێکەوتنەکە دەنووسنەوە و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، بەڵام لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا تەماشای ناکەن، مەگەر بەر لە کۆتاییی دیدارەکە نەبێت تا دڵنیا بن هیچ پرسیار یان بابەتێکیان بیر نەچووە، یاخۆ لەوانەیە زانیارییەکی دیکە، بەڵگەنامەیەک، وێنەیەکی پێویست بێت، نەک لە یادی بکات.

پرسیارەکان، گرینگترین بەشی چاوپێکەوتنەکەن. پرسیارەکان ئاراستەی قسەکان دیاری دەکەن. ڕەنگە پرسیاری چاک، وەڵامی پێشبینی نەکراو و زانیاریی زۆرت بۆ پەیدا بکات، بەڵام پرسیاری خراپ، هەستێکت لا دروست بکات، کاتێکی زۆرت بەدیدارێکی بێ کەڵکەوە کوشت، وردکردنەوەی زۆری پرسیارەکانیش، لەوانەیە سەرت لێ بشێوێنێت و ڕێگە و ئاراستەکەت لێ هەڵە بکات.

یەکەمین پرسیار زۆر گرینگە، چونکە ئاراستەی دوای خۆی دیاری دەکات. زۆر ڕۆژنامەنووس هەن پێیان باشە بەپرسیارێکی وا دەست پێ بکەن، دانیشتنەکە خۆش بکات و سەرچاوەکەش دڵنیا بکاتەوە، چونکە وەڵامەکەی مایەی نیگەرانی نییە. لەوانەیە پرسیارەکە هەر پێوەندیی بەمەبەستی چاوپێکەوتنەکەوە نەبێت، بەڵام ڕاستگۆییی تۆ لای سەرچاوەکە جێگیر دەکات، ئەمەش؛ هەستێکی متمانە و ئاشکراگۆیی بەسەرچاوەکە دەدات.

زۆربەی جاران، چاکترین پرسیار ئەوەیە، پرسیارێکی کراوە بێت و بەبەڵێ و نەخێر وەڵام نەدرێتەوە. هەروەها دوور بێت لە ڕا و بۆچوونی کەسانی ڕۆژنامەنووسەکە تا نەبێتە داوەریکردنی بابەتەکە. واتە؛ جیاوازی لە نێوان ئەوەی بپرسی: ڕات بەرانبەر فلانە بابەت چییە؟ و چی هانی دای بۆ فیسارە مەسەلە؟ وەک چۆن پرسیاری چاک گرینگە، ئاوهاش گرینگە ڕۆژنامەنووس هێمن و لەسەرخۆ بێت و لێ گەڕێت سەرچاوەکە قسە بکات. ڕۆژنامەنووسی چاک، گوێگرێکی چاکیشە. زۆرجار بەو هێمنی و بێدەنگییە، گرینگترین زانیارییان چنگ دەکەوێت. بەگوێگرتن، پرسیاری نوێت بۆ دێ کە بەخەیاڵتدا نەهاتووە.

ڕۆبێرت سیگیل کە لە ئێستگەی سەرانسەریی ئەمریکا لە واشنتۆن کار دەکات، چیرۆکی خۆی لەگەڵ ئەو دیپلۆماسییە تورکەدا دەگێڕێتەوە لە پاش ئەوەی هاووڵاتییەکی تورک لە شاری ڕۆما، تەقەی لە پاپا یۆحنا پۆڵسی دووەم کرد و بریندار کرد. سیگیل دەڵێ: "یەکەمین پرسیار لە دیپلۆماسییەکەم پرسی: هیچ وردەکارییەک دەربارەی ئەو پیاوە، محەمەد عەلی ئاغا، دەزانیت، لە ئیتالیا لە کوێ دەژیا، چی دەکرد و چ کارە بوو، ئەو ڤیزەیەی ئیتالییەکان پێیان داوە کام جۆرەیە؟ کەچی وەڵامی هەموو پرسیارەکان یەک وشە بوو؛ نەخێر". دوای چەند هەوڵێکی دیکە، سیگیل بێ دەنگ بوو، خەریک بوو بێ ئومێد بێت لە دەستکەوتنی هیچ زانیارییەک، بەڵام دیپلۆماسییەکە دیواری بێ دەنگییەکەی ڕووخاند و گوتی: بەڵام ناوبراو تاوانبارێکی ناسراوە لە تورکیا و کاتی خۆی لە زیندان هەڵاتووە، پاش ئەوەی ڕۆژنامەنووسێکی یەکێک لە گەورە ڕۆژنامەکانمانی کوشتووە. سیگیل لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: "خەریک بوو چیرۆکەهەواڵێکی چاکی لە دەست بچێت، چونکە کۆمەڵێک پرسیاری زۆر دیاریکراوی کرد. هەر خۆشی دانی بەوەدا نا؛ چاکترین دەستپێکی ئەو چاوپێکەوتنە دەبووایە بڵێ: باسی ئەو پیاوەم بۆ بکە.

ڕۆژنامەنووسان دەکارن ڕاستەخۆ چاوپێکەتن بکەن یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، دەشتوانن بەئیمێل یان نامەی خێرا، هەریەک لەم ڕێگانەش، باشی و خراپیی خۆی هەیە. چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو، هاوکاریی ڕۆژنامەنووس دەکات تا بۆچوونی کامڵتری دەربارەی کەسایەتییەکە لا دروست بێت. چ وێنەیەکی بەدیواری ژوورەکەیدا هەڵواسیوە؟ نووسینگەکەی ڕێکوپێکە یان نووسراو و نامەکان بەسەر مێزەکەیدا بڵاوبووەتەوە؟ کتێبخانەکەی چ جۆرە کتێبێکی تێدایە؟ سەرباری ئەوانە؛ ڕۆژنامەنووس لە چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوودا دەتوانێت لە ڕاستگۆیی سەرچاوەکەی دڵنیا بێت لە سۆنگەی هەڵسوکەوتەکانیەوە. ئایا تووڕەیە یان هێورە؟ دەتوانێت لە کاتی قسەکردندا چاو لە چاوی ڕۆژنامەنووسەکە ببڕێ یان تەماشای ئەملاولا دەکات؟

کریستۆفەر (چیپ) سکانلان بەڕێوەبەری وۆرک شۆپەکانی نووسینی پەیمانگای پۆینتەر (کۆلێجێکی ڕۆژنامەوانییە لە ئەمریکا)، چیرۆکی ئەو چاوپێکەوتنە دەگێڕێتەوە لەگەڵ ژنێکدا ئەنجامی داوە کە هاوسەرەکەی بەنەخۆشیی شێرپەنجە

مـردووه. ژنەکە، کریستۆفەر بەنێو ماڵەکەدا دەگێڕێت و لە ژووری نووستندا پێی دەڵێ: "هەموو شەوێک چەند تنۆکێک لە کۆڵۆنیای هاوسەرەکەم دەڕژێنمە سەر سەرینەکەم بۆ ئەوەی وا بزانم تا ئێستا لەگەڵمدایە" ئا ئەم وردەکارییە، خوێنەر دەکارێت هەستیان پێ بکات. کریستۆفەر ئەگەر چاوپێکەوتنەکەی بەتەلەفۆن یان نامە بکردایە، ئەم زانیارییانەی دەست نەدەکەوت.

بەڵام گفتوگۆی تەلەفۆنی، کاتێکی کەمتری پێویستە، بەلای هەندێک ڕۆژنامەنووسەوە، وا ئاسانترە هەندێک تێبینیی بنووسن و ناچار نین ڕووبەڕوو لەگەڵ سەرچاوەکەدا دانیشن. دەشتوانن تەنانەت تێبینییەکانیان ڕاستەوخۆ بەکۆمپیوتەر بنووسن. خەسڵەتی گفتوگۆش لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە لەوەدایە؛ دەتوانرێت لەگەڵ کەسانێکی زۆر دووردا ئەنجام بدرێت، بەڵام ڕۆژنامەنووس گوێی لە وەڵامەکان نابێت و بواری پرسیاری یەکسەری نییە. بەڵام هەردوو ڕێگەکە، پرسیارێک دێننە ئارا؛ ئایا سەرچاوەکە خۆی وەڵامەکان دەداتەوە و خۆشی دەیاننێرێت؟

هەر لەبەر ئەم گومانانەیە، ڕۆژنامەی ڤێرجینیان ــ بایلۆت لە نۆرفۆکی سەر بەویلایەتی ڤێرجینیا، سیاسەتێکی تایبەتی دەربارەی ئامادەکردنی هەواڵی ئەلیکترۆنی پەیڕەو دەکات، بریتییە لە: کاتێک پشت بەوتەیەک دەبەستین لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە دەستمان کەوتووە، دەبێ دڵنیا بین پێوەندی و بۆچوونەکە، ڕاستەقینەن، چونکە گۆڕین و فرتوفێڵ لە ناونیشانە ئەلیکترۆنییەکاندا، کارێکی ئاسانە و تەنانەت کەسێک دەکارێت بەناوی کەسێکی دیکەوە بێتە نێو تۆڕەکەوە. ئینتەرنێت وەک ئاژانسەکانی هەواڵ (ڕۆیتەرز و ئاسیۆشێتد پرێس بۆ نموونە)، کۆنترۆڵ ناکرێت و فێڵی زۆری تێدا دەکرێت.

دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پۆستی ئەلیکترۆنی یان هەر شێوازێکی دیکەی پێوەندیی ئەلیکترۆنی بەکار دەهێنن، هەمان ئەو پێوەرە پیشەییانە بەکار بێنن کە لە شێوازەکانی دیکەدا پەیڕەویان دەکەن. دەبێ خۆیان وەک ڕۆژنامەنووس بناسێنن و ئەو زانیارییانە دیاری بکەن، پێویستیانە و بۆچی. پێویستە هەمان ئەو توانا و وردەکارییە لە زانیاری و زیرەکییەی لە کاتەکانی دیکەدا هەیانە، لەگەڵ

سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکانیشدا بەکاریان بێنن.

ڕۆژنامەنووس بەهەر شێوازێک چاوپێکەوتن و گفتوگۆ بکات، جارێ هەندێک پرسیار دەهێڵێتەوە بۆ پێش کۆتایی دیمانەکە، قسەکانیش کورت دەکاتەوە تا باش تێ بگەن سەرچاوەکە چ دەڵێ و پرسیاریشی لێ دەکات؛ داخۆ هیچ زانیارییەک، قسەیەکی زیاتری نییە بیکات. هەروەها لێی دەپرسێت؛ ئاسانترین ڕێگە بۆ پێوەندی پێوەکردنی چییە. بەتایبەتی دوای دەوام و سوپاسی دەکات کە دەرفەتی ئەو گفتوگۆیەی ڕەخساند، زۆر لە ڕۆژنامەنووسانیش دوا پرسیاریان لە سەرچاوەکە ئەوەیە؛ کێی دیکە بەباش دەزانیت لەمبارەیەوە قسەی لەگەڵ بکەم؟

## بنەما سەرەکییەکانی چاوپێکەوتنەکان

زۆربەی هەرەزۆری چاوپێکەوتنەکان بەمەبەستی بڵاوکردنەوە دەکرێن، واتە؛ ڕۆژنامەنووس دەتوانێت هەرچی دەگوترێت بەکاری بێنێ بەناوی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا ئەنجام داوە. زۆریش گرینگە سەرچاوەکە ئەوە بزانێت، نەخاسمە کاتێک ڕۆژنامەنووس مامەڵە لەگەڵ کەسانێکی ئاساییدا دەکات کە فێرنەبوون قسەکانیان بچێتە نێو ڕۆژنامەوە یان بەزیندوویی بگوازرێنەوە. خۆ ئەگەر زانیارییەکان بۆ بڵاوکردنەوە نەبوو، پێویستە ڕۆژنامەنووس لەگەڵ سەرچاوەکەدا ڕێک بکەوێت، چۆن سوود لەو زانیارییانە وەرگرێت. ئەو لێدوان و چاوپێکەوتنانەی بەپێی "ئاماژە نەدان بەناوی سەرچاوەکە" ئەنجام دەدرێت، واتە؛ ڕۆژنامەنووس دەتوانێت سوود لە تەواوی زانیارییەکان وەرگرێت، تەنانەت هەندێک ڕستەی بەدەق وەک خۆی بەکار بێنێت و بڵێ بەپێی سەرچاوەیەک، بێ ئەوەی ناوی بێنێت. بەڵام وا باوە ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لەم حاڵەتەدا بەگشتی ناوی سەرچاوەکە بێنێت، بۆ نموونە؛ دەکارێ بڵێ"سەرچاوەیەک لە وەزارەتی دەرەوە" یان" ئەندازیارێک لە کۆمپانیاکە"، ئەمە ئەگەر پێشوەختە ڕۆژنامەنووس و سەرچاوەکەی لەبارەی ئەم شێوازەوە ڕێک کەوتبن.

زۆر لە دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان، سەبارەت بەو هەواڵانەی ناوی سەرچاوەکەی بڵاوناکرێتەوە، پرەنسیپی نەگۆڕ و نووسراویان بۆ کاری خۆیان داڕشتووە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، بۆ نموونە دەڵێ: "بەکارهێنانی سەرچاوەی نەناسراو –

بێ ناوهێنان – پێویستە تەنیا لەو حاڵەتانەدا بێت، ڕۆژنامەکە نەتوانێت زانیارییەک کە لەوباوەڕەدایە ڕاستە و شایەنی بڵاوکردنەوەیە، بڵاو بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت بەکاری بێنێت، لەم حاڵەتەشدا سوودی لێ وەردەگرێت بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەکە. کاتێک زانیارییەکەش بەکاردێنین، دەبێ نەک هەر هەوڵی بڕواهێنانی خوێنەر بەسەرچاوەکە بدەین، بگرە چەندی بتوانین، پاڵنەرەکانی درکاندنی زانیارییەکەش بگەیەنینە خوێنەر". لەسەر ڕۆژنامەنووسان پێویستە بەزوویی دەربارەی مەرجی ناونەهێنان لەگەڵ سەرچاوەکەدا ڕێک نەکەون، چونکە سەرچاوەکان هەندێک جار هەوڵ دەدەن، ئەو شێوازە بۆ هێرشی کەسی یان حزبی بەکار بێنن، چونکە دەزانن، کەس ناتوانێت بەدوای لێدوانەکاندا بچێت و بشزانێت ئەو سەرچاوەکەیانە. هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوەیەک بێ ناوهێنانی، وا لە جەماوەر دەکات بەئاسانی بڕوا نەکەن.

بەڵام ڕۆژنامەنووسان ناچارن ئەو شێوازە بەکاربێنن، چونکە تەنیا ڕێگەیە، سەرچاوەکە قایل دەکات زانیارییەکان بدرکێنێت. چونکە سەرچاوەکە دەسڵەمێتەوە ئەگەر زانی ڕۆژنامەنووسەکە بەناونەهێنانی ڕازی نابێت و زانیارییەکە نادات. ئەمەش چەند ڕێنوێنییەکە، دەکرێت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ سەرچاوەیەک و ڕازیبوون یان ناڕازیبوون بەوەی ناوی نەبرێت:

* ئەگەر چیرۆکەهەواڵەکە، بەلای گەلەوە بایەخێکی زۆری هەبوو.
* هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ وەرگرتنی ئەو زانیاریانە لەگەڵ ناوهێنانی سەرچاوەکەدا.
* سەرچاوەکە لە پێگەیەکدایە زانیاریی هەیە و ڕاستییەکە دەزانێت.
* ئامادە بیت لەنێو ڕاپۆرتەهەواڵەکەتدا هۆکاری ناونەهێنانی سەرچاوەکە باس بکەیت.

لە هەندێک وڵاتدا، کاربەدەستانی حکوومەت، تەنیا بەو مەرجە قسە بۆ ڕۆژنامەنووس دەکەن کە ناویان نەهێنرێت یان هەر باسی هیچ سەرچاوەیەک نەکرێت، واتە؛ لە حاڵەتی دووەمیاندا، دەتوانیت زانیارییەکان بەکار بێنیت، بێ ئەوەی ڕستەکان وەک خۆیان بگوازیتەوە یان سەرچاوەکە بناسێنیت، لەم

حاڵەتەدا، ڕۆژنامەنووس تەنیا دەتوانێت بڵێ: بەرپرسان پێیان وایە. بەڵام ئەو زانیارییانەی لەسەر بنەمای بڵاونەکردنەوەیان سەرچاوەکە دەیاندرکێنێت، نابێت بەهیچ شێوەیەک بڵاو بکرێنەوە، بۆیە ڕۆژنامەنووسان خۆیان لەم شێوازە دەپارێزن، مەگە چاریان نەبێت و سەرچاوەکە و زانیارییەکانی زۆر گرینگ بن. هەروەها ناشێت ڕۆژنامەنووس زانیارییەکان لای سەرچاوەیەکی دیکەش بدرکێنێت، هێندە هەیە، ئەو زانیارییانە، بەرچاوی ڕۆژنامەنووس زۆرتر ڕوون دەکاتەوە و پرسێکی بۆ ئاشکرا دەکات شایانی بەدواداچوونە.

هەرچۆنێک بێت، ئەرکی دڵنیابوون لەوەی هەردوولا پێشوەخت لەبارەی بنەماکانی چاوپێکەوتنەکەوە، کۆکن، لە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسدایە. هەندێک جار سەرچاوەکان هەوڵ دەدەن لە نیوەی کارەکەدا بنەمایەک بگۆڕن، بۆ نموونە؛ سەرچاوەیەک قسەیەک دەکات و دەڵێ: "ئەڵبەت ئەمەیان بۆ بڵاوکردنەوە نییە"، لەبەرئەوە پێویستە هەر لە سەرەتاوە مەسەلەکان ڕوون بن و ڕۆژنامەنووس بەوە ڕازی نەبێت، لە نیوەی کارەکەدا مەرجی زیادەی بەسەردا بسەپێنرێت، ئەو زانیارییەی دەبێ بڵاونەکرێتەوە، پێشوەختە ڕێککەوتنی دەربارەوە بکرێت.

پێویستە ڕۆژنامەنووسان، سەرچاوەکانیان ئاگادار بکەنەوە، تا کوێ ئامادەن نهێنیی ناوی سەرچاوەکەیان بپارێزن. لەوانەیە هەندێک ڕۆژنامەنووس خۆیان بەرەوڕووی مەترسیی بەندکردن دەکەنەوە و ئامادە نین ناوی سەرچاوەکانیان لە بەردەمی دادگەشدا، ئاشکرا بکەن.

خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک ئامادە نەبوو لەپێناو نەدرکاندنی ناوی سەرچاوەکەیدا، بەند بکرێت، دەبێ پێش ئەوەی زانیارییەکان وەرگرێت، ئەو ڕاستییە بەسەرچاوەکەی بڵێت.

هەندێک ڕۆژنامەنووس توانایەکی بەرزیان هەیە لە گۆڕینی زانیارییەک کە نابێت بڵاو بکرێتەوە بۆ زانیارییەک دەشێت بڵاوبکرێتەوە. ئەریک ناڵدەر (ڕۆژنامەنووسی کەرەسە سەرئاوخەرەکانی بەلەمەکانی واشنتۆن) یەک لەو ڕۆژنامەنووسانەیە. کاتێک چاوپێکەوتنێک کە ناکرێت بڵاوبکرێتەوە، تەواو دەکات، ناڵدەر، هەندێک ڕستەی وەردەگرێت و بەشێوازێکی دیکە بۆ سەرچاوەکەی

دەخـوێنێـتـەوە و لێی دەپرسـێت" بۆچی ئاوا بۆ بڵاوکـردنـەوەی ناڵێی؟" کـاتێک سـەرچاوەکـە ڕازی بوو، یەکـسـەر تێکڕای چاوپێکەوتنەکـە دادەڕێژێتـەوە و ڕەزامەندیی بڵاوکردنەوەی بەداڕشتنە نوێیەکەوە، وەردەگرێت.

ناڵدەر دەگـێـڕێتـەوە، چۆن جـارێکیـان چاوپێکەوتنێکی تەواوی گـۆڕیوە و بڵاوکـراوەتەوە، پاش ئەوەی نەدەتوانرا بـڵاوبکرێتـەوە، ئەڵبـەت بەئاگـاداری و ڕەزامەندیی سەرچاوەکە و مانەوەی زانیارییەکانی نێو چاوپێکەوتنەکە.

ئەمـەش بۆ متـمانەی سەرچاوەکە بەو ڕۆژنامـەنووسە دەگەڕێتەوە، چونکە پێش بڵاوکردنەوە گوێی لە وتەکانی خۆی بووەتەوە چۆن داڕێژراونەتـەوە و پێیان قایل بووە.

لە بنەما سەرەکییە گرینگەکانی دیکە کە پێویستە ڕۆژنامـەنووس تێیان بگات، مـانای "قـەدەغـە"یە کـە سـەرچاوە لە هـەندێک زانیـاریدا بەکـاری دێنێت، ئەمـەش مـانای وایە، ئەو زانیـارییـەی دراوە، نابێت بەکار بهێنرێت لە کـاتێکی دیاریکراودا نەبێت.

لەوانەیە ئاژانسـێکی حکوومـەتی، لە چوارچێوەی ڕاگـەیاندنی سـیـاسـەتێکی نوێدا، پێش چەند سـەعاتێک یان ڕۆژێکی تەواو، کورتەیەکی نووسراوی سیاسەتە نوێیەکە دەداتە ڕۆژنامـەنووسان، ئەم کورتەیە، تەنیا بۆ ئەوەیە ڕۆژنامـەنووسـان، زانیـارییـان دەربارەی سـیـاسـەتەکـە زۆرتر بێت، بەر لە کـاتی ئەو کـۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەی سیاسەتەکەی تێدا بەفەرمی ڕادەگەیەندرێت.

پێویستە ڕۆژنامـەنووسان پابەندی ئەو "قەدەغەیە" بن دەخرێتە سەر هـەواڵێک، مەگەر هەواڵەکە پێشوەخت بڵاو بکرێتەوە.

### وردەکاری لە گواستنەوەی هەواڵەکاندا

ڕاستگۆیی، گرینگترین سامانی ڕۆژنامەنووسە، متمانەش، چاکترین ڕێگەی پاراسـتنی ئەو سـامـانەیە. بۆ ئەوەی ڕۆژنامـەنووس وردەکـار بێت و ڕاسـتگۆیی لەدەست نەدات، پێویستە جارێک و دووان لە زانیارییەکانی بکۆڵێتەوە کە دەیەوێت هەواڵ یان ڕاپۆرتەهەواڵیان لێ دروست بکات. مەحاڵە ڕۆژنامـەنووس هەڵە نەکات،

وەلێ دەبێ هەڵەکانی دەگمەن بن. کاتێک ڕۆژنامەی (ئۆریگۆنیان)ی ئەمریکایی کە لە پۆرتلاند دەردەچێت، دیراسەتی هەڵەکانی خۆی کرد، نووسەرانی ڕۆژنامەکە گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی؛ هەڵەکان بۆ سێ هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنەوە:

* پشت بەستن بەبیر و هۆشی ڕۆژنامەنووسان لە کارکردندا.
* پشت بەستن بەگریمانە و ئەگەرەکان.
* مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە لاوەکییەکاندا.

ڕۆژنامەنووسان، یەکەمین هێڵی بەرگری دەزگا ڕۆژنامەوانییەکانن بەدژی هەڵە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تێبینیی ورد دەنووسن و بەردەوام بەکارەکانیاندا دەچنەوە، ئەوانەی تا بتوانن بەدوای سەرچاوە سەرەکییەکاندا دەگەڕێن، توانای زیاتریان هەیە پابەندی سێ بنەما سەرەکییەکەی ڕۆژنامەوانی ببن، ئەو سێ بنەمایەی بڵاوکاری (ناشر) ناسراو و کۆچکردووی ئەمریکایی جۆزێف بیولتزەر دیاری کردوون: وردی و وردی و دیسان وردی.




## نووسینی چیرۆکەهەواڵ

تێکڕای چیرۆکەهەواڵەکان لە کۆمەڵێک ڕاستی، تێبینی و وردەکاری پێک دێت. لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسان هەردەم لە پێویستیی کارەکەیان زیاتر، زانیاریی کۆدەکەنەوە، بۆیە هەوڵ دەدەن زۆرترین زانیاریی بەردەستیان لە چیرۆکەهەواڵەکانیاندا بەکاربێنن. بەڵام کەڵەکەکردنی هەموو ڕاستییەکان، پێ ناچێت چیرۆکەهەواڵێکی تۆکمە لە ڕووی داڕشتنەوە و شایانی وای لێ دەرچێت، سەرنجی جەماوەر ڕاکێشێت. تێگەیشتنی خەڵک لە ڕاپۆرتەهەواڵێک کە پڕ بێت لە زانیاری، کارێکی ئاسان نییە، ئەو ڕۆژنامەنووسەی هەوڵ بدات هەموو شتەکان ڕوون بکاتەوە، سەر لە خوێنەر یان بینەر یا گوێگرانی دەشێوێنێت. جیا لەوەی لە ڕۆژنامەکاندا، ڕووبەرێکی دیاریکراو بۆ ڕاپۆرتەهەواڵەکان تەرخان دەکرێت و لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانیشدا دیسان هەواڵنامەکان ماوەیەکی دیاریکراویان هەیە، سەرباری ئەوەی خەڵکیش بایەخێکی دیاریکراو بەهەواڵەکان دەدەن.

ئەوەی ڕۆژنامەوانی چاک لە هی دیکە جیا دەکاتەوە، هەڵبژاردنی زانیارییەکانە نەک کەڵەکەکردنیان. ڕۆژنامەنووسان دەبێ هەموو زیرەکیی خۆیان بخەنە گەڕ تا گرینگترین زانیاری بخەنە نێو چیرۆکەهەواڵەکانیانەوە و ڕیزبەندییان بۆ بکەن. زۆر لە ڕۆژنامەنووسان، ڕێکخستنی زانیارییەکانیان بەگرانترین بەشی چیرۆکەهەواڵەکانیان دەزانن. لە شێوازە باوەکانی داڕشتنی چیرۆکەهەواڵ

(هەواڵ، ڕاپۆرتەهەواڵ، ڕیپۆرتاژ، لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی)، دەستنیشانکردنی خاڵێک یان بیرۆکەیەکی سەرەکییە، ئەو خاڵەی بەخاڵی سەنتەر یان کرۆکی چیرۆکەکە دەناسرێت.

## کرۆک

کرۆکی چیرۆک یان خاڵی سەرەکی، لە ڕاستیدا بریتییە لە وەڵامی ئەم پرسیارە: بەڕاست ئەم چیرۆکە دەربارەی چییە؟ چیپ سکانلانی مامۆستای نووسین لە پەیمانگای پۆینتەر، پێنج پرسیار بۆ دەستنیشانکردنی کرۆکی چیرۆکەکە، پێشنیاز دەکات:

* هەواڵەکە چییە؟
* چیرۆکەهەواڵەکە چییە؟
* دیمەنەکە چییە؟
* چۆن دەتوانم بەشەش وشە بیگێڕمەوە؟
* گرینگیی ئەوە چییە؟

بیهێنە بەرچاوت تۆ هەواڵی ئاگرکەوتنەوەیەکی گەورە دەگوازیتەوە، هەموو ڕۆژەکەت بەقسەکردن لەگەڵ خەڵک و بینینیی زیانەکانی ئاگرەکە بەسەر برد، پێویستە بەر لە نووسینی هەر شتێک، گەوهەر یان کرۆکی ڕاپۆرتەهەواڵەکەت دیاری بکەیت، لەو کاتەدا دەتوانیت، پرسیارەکانی سکانلان لە ڕاپۆرتەهەواڵەکەتدا دەربارەی ئەو ئاگرە، بەم شێوەیە ڕیزبەند بکەی:

* هەواڵەکە چییە؟

– ئاگر و دوو ماڵی نێو چیاکانی خۆرهەڵاتی شاری وێران کردووە. بەڵام زیانی گیانیی نەبووە و دووریش بووە لە ناوچەی بازرگانیی شار.

* چیرۆکەهەواڵەکە چییە؟

– دوو خێزان بێ دەرەتان بوون، بەڵام خۆشحاڵن کە ماون.

* دیمەنەکە چییە؟

– ئەندامانی هەردوو خێزانەکە لە نزیک ماڵەکانیان کە دووکەڵیان لێ بەرز

دەبێتەوە، لە خۆشیاندا، باوەش بەیەکدیدا دەکەن.
* چۆن دەتوانم ئەم چیرۆکە بەشەش وشە باس بکەم؟
– ئاگرێک، ماڵەکان وێران دەکات و گیانەکان ساغن.
* گرینگیی ئەوە چییە؟
– زیانەکان لە چاو ئەو ئاگرە گەورەیەدا، کەمن.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەگواستنەوە و ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ڕادەسپێردرێت، دەزانێ دەبێ هەواڵەکە بەو دوو خێزانە دەست پێ بکات ماڵەکانیان لەدەست داوە، هەر لە سەرەتای هەواڵەکەشدا قسەی یەک لە ئەندامانی خێزانێکیان باس دەکات کە خۆشحاڵیی خۆی بۆ سەلامەتیی هەمووان دەردەبڕێت، لە نێو چیرۆکەهەواڵەکەدا، زانیاریی تەواویش دەربارەی زیانە ماڵییەکان، دەنووسێت. ڕۆژنامەنووسەکە دەتوانێت هەندێک زانیاریی کارمەندانی ئاگرکوژاندنەوە وەلانێت، بەڵام چەند قسەیەکی سەرۆکی فەرمانگەی ئاگرکوژاندنەوە وەک خۆی وەردەگرێت، وەک گەواهییەک بۆ ڕاپۆرتەهەواڵەکەی.

مەبەست لەم نموونەیە ئەوە نییە، هەر چیرۆکەهەواڵێک تەنیا کرۆکێک یان خاڵێکی سەرەکیی گونجاوی هەیە، ڕاستییەکەی؛ پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ڕاستە. لەوانەیە کۆمەڵە ڕۆژنامەنووسێک لە دەزگای جیاجیاوە هەواڵەکە بگوازنەوە، بەڵام چیرۆکەهەواڵی هەریەکەیان لەوی دیکە ناچێت، چونکە هەر ڕۆژنامەنووسە و خاڵێکی سەرەکی لە ڕووداوەکە کردووەتە کرۆک یان خاڵی سەرەکیی چیرۆکەهەواڵەکەی. هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، با هەمان هەواڵی ئاگرەکە وەرگرین و هەمان پێنج پرسیارەکەش بکەین، بزانین چۆن دەکارین وەڵامی جیاواز و دواجار چیرۆکەهەواڵی جیاوازمان دەس کەوێت:
* هەواڵەکە چییە؟
– دوکانەکانی سەنتەری بازرگانی شارەکەمان لەو ئاگرە ڕزگاری بوو کە دووماڵی لە چیاکانی خۆرهەڵاتی شار خاپوور کرد.
* چیرۆکەهەواڵەکە چییە؟
– خاوەنی دووکانەکان خۆشحاڵن ئەمجارە ئاگر زیانی پێ نەگەیاندن.

* دیمەنەکە چییە؟

- یەکێک لە دووکاندارەکان لە بەردەم دووکانەکەیدا تەوقە لەگەڵ کارمەندانی ئاگرکوژاندنەوەدا دەکات.

* چۆن دەتوانم بەشەش وشە بیگێڕمەوە؟

- ئاگرەکە، بزاوی بازرگانیی شاری پەک نەخست.

* گرینگیی ئەو چییە؟

کاریگەرییە ئابوورییەکانی ئاگرێکی وا ترسناک، کەم بوو.

ئەم شێوازەیان، چیرۆکەهەواڵەی بەدەربڕینی خۆشحاڵیی دوکاندارەکان دەست پێ دەکات، لە سەرەتاشدا ئاماژە بەوتەیەکی کورتی یەکێک لە دووکاندارەکان دەکات، بەڵام هەمان زانیارییە سەرەتاییەکانی شێوازەکەی دیکەی تێدایە- سووتان و وێرانبوونی دوو ماڵ بێ ئەوەی زیان بەسەنتەری بازرگانیی شار بگات - بەڵام کرۆک یان گەوهەری چیرۆکەکەیان جیاواز دەبێت. ئەگەر ڕۆژنامەنووس پێش نووسین بەرچاوی ڕوون بێت کام خاڵ دەکاتە کرۆک یان خاڵی سەرەکیی چیرۆکەهەواڵەکەی، هاوکارییەکی زۆری دەکات تا بڕیار بدات چ وێنەیەک دادەنێت و قسەی کێ بەگەواهی دەهێنێتەوە. ویلیام زینسەر لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (دەربارەی چاک نووسین) دەڵێ: "بەرچاوڕوونی، چاکنووسین بەرهەم دێنێت، یەکیان بێ ئەوەی دیکە نابێت".

ڕۆژنامەنووسە چالاکەکان چاوەڕێ ناکەن ڕۆژ تەواو بێت، هەرزوو لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن و تێبینییەکانی خۆیان تەواو دەکەن، ئەوجا بیر لە گەوهەری ڕاپۆرتەهەواڵەکەیان دەکەنەوە، لەوانەیە پێش ئەوەش بیر لە گەوهەرەکە بکەنەوە، ئەوکات هەر کە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، دەزانن ڕوو لە کوێ دەکەن و لەگەڵ کێ قسان دەکەن، لەوانەشە، هەر لە دەمەدەمی کارەکەدا، بڕیار بدات گەوهەرەکە یان کرۆکی چیرۆکەهەواڵەکەی بگۆڕێت و زۆر جاران ئەم حاڵەتە ڕوودەدات. بەڵام لە هەموو ئەمانە گرینگتر، پێویستە ڕۆژنامەنووس بەر لە نووسین، کرۆک و گەوهەری چیرۆکەهەواڵەکەی دیاری کردبێت.

بوونی ئەو کرۆکە یان خاڵە سەرەکییە لە مێشکی ڕۆژنامەنووسدا، سەرەتایەکە

بۆ نووسینی چیرۆکەهەواڵەکەی. هەنگاوی دووەم: ڕێکخستنی زانیارییەکانی نێو چیرۆکەهەواڵەکەیە. بیر بکەوە دەبێ یان دەتەوێ چ بڵێی و زانیارییە سەرەکییەکان دیاری بکە، بڕیار بدە بەچی دەست پێ دەکەی و بەچی کۆتایی دێنیت و چیش لە نێوەندیاندا باس دەکەی. چاکترین بەشەقسەی نێو چاوپێکەوتنەکانت هەڵبژێرە و بڕیار بدە لە کوێی دادەنێیت. هەر وردەکارییەک کە پێت وایە بچێتە نێو چیرۆکەهەواڵەکەوە، پێش وەختە لای خۆت بینووسە. هەندێک ڕۆژنامەنووس، پێش وەختە چەند سەرەقەڵەمێک دەنووووسن و ڕیزبەندییان دەکەن، دواتر لە داڕشتنی چیرۆکەهەواڵەکەدا، وەک نەخشەی ڕێگە سوودی لێ وەردەگرن.

**نووسین:**

وردەکاری، کورتی و ڕوونی، لە خەسڵەتەکانی هەر نووسینێکی چاکن. ئەم مەرجانە ئاسان دێنە پێش چاو، وەلێ زۆر گرانن. وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، ڕۆژنامەنووسان، حەزیان لەوەیە هەرچی زانیارییان دەست کەوتووە، بیخەنە نێو چیرۆکەهەواڵەکەیانەوە. بەڵام ئەو چیرۆکەهەواڵەی یەکسەر دەچێتە سەر بیرۆکە یان کرۆک یان خاڵە سەرەکییەکە، بەلای خەڵکەوە کە سەرقاڵی ژیان و کاری خۆیانن، چاکتر و بەهەرمێنترە. ئەو دەزگا ڕۆژنامەنووسییەی ڕێگە بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکەهەواڵی درێژ بدات، کاتێک دەزانێت، شوێن و کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی دیکەی نەماوە.

دەتوانین بڵێین، بەشێوەیەکی گشتی، چیرۆکەهەواڵەکان، لە هەر نووسینێکی دیکە زیاتر پشت بەڕستە و بڕگەی کورت دەبەستن. هەر بڕگەیەکیش، بیرۆکەیەکی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، بڕگەی نوێش، بەبیرۆکەیەک، کەسایەتییەک یان ڕەوشێکی نوێ دەست پێ دەکات.

زمانی ڕۆژنامەنووسان، زمانێکی پاراو و ئاسان و ڕاستەوخۆیە و خەڵک زوو تێی دەگات، ناو و کردار لەخۆ دەگرێت زیاتر لە ئاوەڵناو و نازناو، ئەو چیرۆکەهەواڵانەی چاک دەنووسرێن، ڕوون و ئاسان و دووبارەبوونەوەشیان تێدا نییە، چونکە هەر وشەیەک گرینگیی خۆی هەیە، وەک" ئەی. بی. وایت" لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی (پرەنسیپەکانی داهێنان لە شێوازدا)، کە بووەتە

سەرچاوەیەکی گرینگی شێوازی نووسین، دەڵێ: "یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نووسین: واز لەو وشانە بێنە کە پێویست نین".

نووسەرە چاکەکان، هەوڵێکی زۆر دەدەن تا بەگونجاوترین وشە گوزارشت لە مەبەستەکانیان بکەن. وەک مارک توینی نووسەری ناسراوی ئەمریکایی لە سەدەی نۆزدەدا دەڵێ: " جیاوازیی نێوان وشەی گونجاو و وشەی نیمچە گونجاو، وەک جیاوازیی نێوان برووسکە و ڕووناکیی باڵی ئەو مێرووەی باڵی دەدرەوشێتەوە، وایە. (هەندێک ڕۆژنامەنووس، فەرهەنگ و کتێبە سەرچاوەکان بەکار دێنن، تا دڵنیا بن ئەو وشەیەی بەمانایەک بەکاریان هێناوە، بەڕاستی ئەو مانایە دەبەخشێت).

ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن خۆ بپارێزن لە دەستەواژەکان و زمانی پسپۆڕان و ئەو دەستەواژە تەکنیکییانەی لای زۆربەی خەڵک ڕوون نین، چونکە ئەوان بۆ تەواوی خەڵک دەنووسن. خۆ ئەگەر لەبەر پێویستیی کارەکە، ڕۆژنامەنووس ناچار بوو، دەستەواژەیەکی تەکنیکی بەکار بێنێت، پێویستە ماناکەی ڕوون بکاتەوە. کاتێک بۆ یەکەمین جار باسی ڕێکخراوێک دەکات ناکرێت تەنیا کورتکراوەی ناوەکەی بنووسێت و ڕوونی نەکاتەوە. هەروەها نابێت ڕۆژنامەنووسان، وشەی جوان بۆ هەندێک شتی بێزەوەر دابنێن، بەمەش سەر لە خەڵک بشێوێنن. ئەگەر ئەنجوومەنی شارەوانی بڕیاری "کردنەوەی مەزارگەیەکی نوێ"ی پەسەند کرد، پێویستە هەواڵەکانی ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن یان ڕۆژنامە، ئاگاداری خەڵک بکەنەوە گۆڕستانێکی نوێ دەکرێتەوە.

لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی، نووسینەوەی هەواڵ، وێناکردنی ڕووداوەکەیە بۆ جەماوەر، نەک تەنیا ئاگاداریان بکەیت چی ڕووی داوە. لە جیاتی ئەوەی بڵێی خێزانی کۆچکردوو کە ئامادەی ڕێوڕەسمی ناشتنەکە بوون، خەمبار بوون، خەمباریی خێزانی کۆچکردوو، وێنا بکە و باسی باوەش بەیەکدا کردن و گریانەکەیان بکە. لە جیاتی ئەوەی بڵێی فیسارە کەس پیاوێکی درێژە، بڵێ: ئەو پیاوە هێندە درێژە، لەدەرگای ماڵەکەیان خۆی دادەنەوێنێت.

وردەکاری، گرینگییەکی هێجگار زۆری لە نووسینی ڕۆژنامەوانییدا هەیە.

چیرۆکەهەواڵی ورد بەدروستیی بنەما سەرەکییەکانیەوە پەیوەستە: ڕێنووس، ڕێزمان، شێوەزار، فۆنەتیک، مێژوو، ناونیشانەکان، ژمارەکان و تەواوی وردەکارییەکانی دیکە. نووسینی ناوی یان تەمەنی کەسێک بەهەڵەیی، لە ڕاستگۆیی ڕۆژنامەنووس کەم دەکاتەوە. چیرۆکەهەواڵی ورد، چیرۆکێکی تەواو پێشکێش دەکات، نەک لایەنێک، ئەمە بەو مانایە نییە، هەرچی زانیاری لە بارەی ئەو بابەتەوە هەیە لە چیرۆکەهەواڵێکدا جێی بکرێتەوە، بگرە بەو مانایەی، پێویستە ڕۆژنامەنووسان، هیچ بنەمایەکی سەرەکی لە بیر نەکەن، نەک مانای ڕاستەقینەی چیرۆکەهەواڵەکە بشێوێنێت. ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک نووسی، تێستێکی نوێ هاتووە بۆ ئاشکراکردنی شێرپەنجەی دەم، مانای وایە ئیدی کەس تێستە کۆنەکە ناکات، بەڵام ئەگەر تەنیا خەسڵەتی تێستە نوێیەکە ئەوەبوو، خێراترە، دەبێ ڕۆژنامەنووس وا بنووسێت.

**دەستپێک:**

سەرەتای چیرۆکەهەواڵ بەبڕگەی کردنەوە یان دەستپێک دەناسرێت. مەبەستیش؛ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، گوێگر یان بینەرە، بەلای چیرۆکە هەواڵەکەدا . دوو جۆری کردنەوە یان ڕاستتر؛ دەستپێک هەیە: هەواڵانی ڕاستەوخۆ و (أخباری مباشر) هەواڵانی وەسفی (أخباری وصفی). جۆری یەکەمیان، تەواوی زانیارییەکانی چیرۆکەهەواڵەکە کورت دەکاتەوە، واتە؛ کێ، کەی، لە کوێ، چی، بۆچی و چۆنەکە دیاری دەکات. هەرچی جۆری دووەمە، کەسێتییەک پێشکێش دەکات یان ڕێگە بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە خۆش دەکات. بۆ ئەوەی جیاوازیی نێوان هەردوو ڕێگەکەی دەستپێکی چیرۆکەهەواڵ بزانین، دەکارین شێوازێکی دیکە بگرینەبەر. جۆری یەکەم، واتە؛ هەواڵانی ڕاستەوخۆ بریتییە لە وەڵامی ئەم پرسیارە: هەواڵەکە چییە؟ لێ جۆری دووەم، واتە؛ هەواڵانی وەسفی، بریتییە لە وەڵامی ئەم پرسیارە: دەنگوباس چییە؟ یان چیرۆکەکە چۆنە؟

ڕۆژنامەنووس دەکارێت هەردوو جۆرەکە لە دەستپێکی چیرۆکەهەواڵەکانیدا ، بەکار بێنێت. بۆ نموونە؛ دەتوانرێت چیرۆکەهەواڵی هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانێکی نوێ بەجۆرێک لە جۆرەکان بنووسرێت. ئەگەر بۆ دەستپێکی

چیرۆکـەهەواڵەکـە جـۆری یەکـەم، واتە؛ ڕاسـتـەخـۆ بەکـار بێنین، بەم شـێـوەیە دەردەچێت:

ئەم ئێـوارەیە، جـۆشـوا سـمـیـتی سـەرۆکی پێـشـووی بزووتنەوەی یاخـیـبـووان بەسـەرۆک وەزیـران هـەڵبـژێردرا. سـمـیت لە یەکەمین هـەڵبـژاردنی دیموکراتـیدا لە ساڵی ١٩٩٣ەوە لە وڵاتدا، زیاتر لە ٨٠٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

بەڵام ئـەگـەر بەجـۆری دووەم، واتە؛ دەسـتـپـێکی وەسـفکردن بەکـار بێنین، چیرۆکەهەواڵەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

جـۆشـوا سـمـیت کە تەمـەنی منداڵیی لە شـاری یۆنگتـاون، بەسـەر برد، خـەونی گەورەی هـەبوو، ئەو دەڵێ چونکە جەسـتەی لەچاو تەمـەنیدا بچووکتر بوو، هـەردەم لەلایەن منداڵە هاوتەمەنە بەجەستە گەورەترەکانەوە، لێی دەدرا. ئەو ڕۆژەی بەکچە مـامۆسـتاکەی گوت؛ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبمە سەرۆک وەزیـران، پێکەنینی پێ هات. بەڵام ئێسـتـا کـەس ناتوانێت پێی پێ بکەنێت. بەڵێ لە هـەڵبـژاردنەکـانـی دوێنێدا، سـمـیت بەزۆرینەی ٨٠٪ بردیەوە و بووە یەکـەمین سـەرۆک وەزیران لە سـاڵی ١٩٩٣ەوە، بەشێوازێکی دیموکراسییانە هەڵبژێردرێت.

وەک دەبینین، بڕگەکانی دەستپێکی جۆری یەکەم، لەوەی دووەمیـان کورتترن و تەنیا یەک ڕسـتـەن و هی دووەمیـان درێژن و هـەر ڕسـتـەیەکیش بەخـاڵی سـەرەکی چیـرۆکـەکەوە پێـوەسـتـە. هـاوکات، هـەردوو جـۆرەکـە، ڕەگەزە سـەرەکـییـەکـانی چیرۆکەهەواڵەکەیان تێدایە.

هەڵبـژاردنـی یەکـێک لەم دەسـتـپـێکانە بـۆ چیـرۆکـەهەواڵەکـانمان، بۆ هـەندێک فـاکتـەر دەگەڕێتـەوە. لەوانە: بـایەخی چیـرۆکـەهـەواڵەکە و کاتەکەی، جـۆری دەزگا ڕۆژنامـەوانییـەکـە، بەشـێـوەیەکی گـشـتی، ئـاژانسـەکـانی هەواڵ، سـایتـەکـانی ئینتـەرنێت و هەواڵنـامـەکـانـی ڕادیۆ، کـە هـەرسـێکیـان لە دووی خـێـراییی گـواسـتنـەوەی هـەواڵن، جـۆری یەکـەم؛ هـەوالانی ڕاسـتـەوخـۆ بەکـاردێنن. بەڵام هەواڵنامـە و گۆڤـارە هەفتـانەکان، مـەیلیـان لە جۆری دووەمـە، هـەوالانی وەسـفی، چونکە پێیـان وایە، هەمـوو خـەڵک زانیـارییـە سـەرەکییـەکانی چیرۆکـەهـەواڵەکە ئاگادار بوون.

ڕەنگە باوترین جۆری دەستپێک، گێڕانەوەی حیکایەتێک یان ڕووداوێک بێت. هەروەک ئەو ڕووداوەی باسی منداڵیی سەرۆک وەزیرانە هەڵبـژێردراوەکە دەکات. ئەمەش لە پێناو ڕێ خۆشکردن بۆ گێڕانەوەی تەواوی چیرۆکەهەواڵەکە. لەوانەیە چیرۆکەهەواڵێکی کۆمەڵایەتی بەکورتەچیرۆکی خۆش، یان پەندی پێشینانی گونجاو دەست پێ بکات. هەندێک جار، وەرگرتنی قسەیەک، پرسیارێک، چاکترین دەستپێکە. دەتوانین سەرلەبەری ئەم دەستپێکانە، بەدەستپێکگەلێکی"دواکەوتوو" بژمێرین، چونکە هەر هەموویان وا دەکەن جەماوەر چەند ڕستەیەک چاوەڕێ بکەن تا دەگەنە گەوهەری چیرۆکەهەواڵەکە.

## بنیاتی چیرۆکەهەواڵ:

هەموو چیرۆکەهەواڵێک، بنیاتێکی هەیە پێکیەوە دەبەستێتەوە. بەبێ ئەم بنیاتەش، هەر چیرۆکەهەواڵێک، بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداو و زانیاریی پەرتوبڵاو. بەبێ بنیات لە چیرۆکەهەواڵەکە تێ ناگەین و مانایەکیش نابەخشێت. بەڵام ئەوە ناگەیەنێت، تێکڕای چیرۆکەهەواڵەکان بەیەک شێوە بنیات دەنرێن یان یەک جۆر بنیاتیان هەیە. نووسەری چاک، گونجاوترین بنیات بۆ چیرۆکەهەواڵەکەی دیاری دەکات.

## بنیاتی ئاوەژوو:

زۆربەی چیرۆکەهەواڵەکان بەگرینگترین زانیاری دەست پێ دەکەن. شێوازی داڕشتنەکەی بەچیرۆکێکی کلاسیکیی پێش ١٠٠ساڵ دەچێت کە بەبنیاتی ئاوەژوو دەناسرێت. ئەم جۆرە بنیاتە "بنیاتی ئاوەژوو"، گرینگترین زانیاری دەخاتە پێشی پێشەوەی چیرۆکەهەواڵەکە و ئیدی زانیارییەکانی دیکە بەپێی گرینگییان بەدوایدا دێن. ئەم شێوازە بۆ هەواڵی بەپەلە و گرینگ و ئەو هەواڵەی هێشتا هەموو لایەنەکانی ڕوون نەبوونەتەوە، زۆر گونجاوە، کاتێک فاکتەری کات لە فاکتەرە سەرەکییەکانە. ئەگەر تۆ یەکەمین کەس بوویت هەواڵەکە بگوازیتەوە، ئەوکات پێویستە لە سەرەتای هەواڵەکەتدا بەخەڵک بڵێی چی ڕووی داوە. ڕاپۆرتەهەواڵی زریانێکی گەورە وا پێویست دەکات بەژمارەی قوربانییان و ئەو ناوچانەی

زۆرترین زیانیان لێ کەوتووە، دەست پێ بکات. ئەو نووسەرانەی خۆیان لەم شێوازە بنیاتە دەبوێرن لە کاتێکدا پێویست، بە"فەرامۆشکردنی دەستپێک" تۆمەتبار دەکرێن. لەم حاڵەتەشدا، جەماوەر نازانن گرینگیی چیرۆکەهەواڵەکە لە چیدایە.

لە بنیاتی ئاوەژوودا، پاش دەستپێک، نووسەر هەوڵی فراوانکردنی زانیارییەکانی دەستپێک دەدات. لە ڕاپۆرتی زریانەکەدا بۆ نموونە، نووسەر بەوەسفکردنی دیمەنەکە بەوێرانکارییەکی گەورە دەست پێ دەکات و دواتر قسەی یەکێک لە ڕزگاربووان یان کارمەندانی فریاگوزاری دادەنێت. لە بڕگەکانی دواتردا زانیاریی زیاتر دەدات و باسێکی پاشخانی زریانەکە دەکات. لەوانەیە ڕۆژنامەنووس هەندێک زانیاریی زیاتریش بخاتە نێوەخنی چیرۆکە سەرەکییەکەوە، بەڵام بەکورتی و ناڕاستەوخۆ. بۆ نموونە هەر لە باسی زریانەکەدا، باسێک لە هەوڵەکانی فریاگوزاریی نێودەوڵەتی و پێداویستییە نووکەیی و درێژخایەنەکانی ڕزگاربووان دەکات. یەکێک لە خەسڵەتە چاکەکانی ئەم بنیاتە، نووسەران دەتوانن لە کۆتاییی ڕاپۆرتەکەدا هەندێک بڕگە لاببەن، ئەگەر کات یان ڕووبەری ڕۆژنامە بواری نەدان، بێ ئەوەی هەست بەنیگەرانی بکەن کە ڕاپۆرتەکەیان یان هەواڵەکەیان لە لایەنی زانیارییەوە کەموکورتیی تێ کەوتووە.

## بنیاتی سەعاتی لمین (الساعة الرملية)

شێوازێکی هەموارکراوی بنیاتی ئاوەژوو هەیە، بە"سەعاتی لمین" ناسراوە. ئەم شێوازەش بەڕێگە باوەکە دەست پێ دەکات. گرینگترین زانیاری – بەڵام دوای چەند بڕگەیەک دەبێتە گێڕانەوەی باوی ڕووداوەکان بەپێی ساتی ڕوودانیان. ئەگەر بۆ ڕووداوی زریانەکە وەک نموونە بگەڕێینەوە، ڕۆژنامەنووس بەدەستپێکێکی ڕاستەوخۆی گرینگترین خاڵ یان زانیاری دەست پێ دەکات و چەند بڕگەیەکی دیکەش هەر لەو بارەیەوە دەنووسێت، دواتر چیرۆکی زریانەکە لە سەرەتاوە دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی یەکێک لە ڕزگاربووانی تێدا ژیاوە. لەم شێوازەدا، بەڕوونی هەست بەو وەرچەرخانەی چیرۆکەهەواڵەکە دەکرێت لە

دەسـتـپـێکەوە بۆ گـێـڕانەوەی چیـرۆکـەکـە. ڕەنگە ڕۆژنامـەنووس ئـاوا دەست بەنووسـینی بەشی خـوارەوە یان دووەمی چیرۆکەهەواڵەکەی بکات : "ئـیقبال خـان ئەو جووتیارەی لە کێڵگەکەیدا کاری دەکرد کاتێک ڕەشەباکە هەڵی کرد" لەوانەشە هەندێک ڕاپۆرت کە بەم شـێوازە بنیـاتە دەنووسرێت، زۆر بەوردی ڕەچاوی سـاتی یەکـەیەکـەی ڕووداوەکان بکات. ئەم شـێوازە بەزۆری لە وتارە تایبـەتەکاندا پەیڕەو دەکرێت.

### بنیاتی ئەڵماسی:

لە شـێوازەکانی دیکەی بـنیـاتی چیرۆکەهەواڵ، شـێوازێکە بەبنیـاتی ئەڵمـاسـی دەناسرێت. لەم شـێوازەدا، ڕۆژنامەنووس بـەچیرۆکێکی خۆش دەست پێ دەکات، باس لە کـەسێک دەکات و ئەزمـوونەکـانـی دەگێڕێتـەوە، دواتر درێژە بەچیـرۆکـەکـە دەدات تا بایەخـەکەی ئاشکرا بێت، بەر لە کۆتایی، ڕۆژنامـەنووسـەکە دەگـەڕێتـەوە بۆ چیرۆکی ئەو کەسە بۆ ئەوەی بیکاتە کۆتاییی چیـرۆکەهـەواڵەکەی.

زۆربەی جاران، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەم بنیاتە پەیڕەو دەکەن، ڕێگەی "بڕگەی سـەرەکی یان کـرۆک" بەکار دەهێنن. جـاک هـارتی بەڕێوەبەری نووسـینی ڕۆژنامەی ئۆریگۆنیـانی شـاری پۆرتلاند دەڵێ: "بڕگـە سـەرەکـیـیـەکـان دەتوانێت وەڵامی پرسـیـارەکـانی بڕگەکـانی دەسـتـپێک بداتەوە و بایەخی چیـرۆکەهـەواڵەکە ڕوون بکاتەوە و بیخاتە سەر ڕاستەڕێگەی خۆی". پێویستە بڕگەی سەرەکی لە سەرەتای هەواڵەکـەدا ئامـاژەی پێ بـدرێت، بۆ ئەوەی خـوێنـەر هان بدات، لە خـوێندنەوەدا بەردەوام بێت.

بنیـاتی ئەڵمـاسی زیاتر لە هەواڵنامـەی تەلەڤـیـزیۆن و ڕاپۆرتی ڕۆژنامـەکـاندا بـەکـار دەهـێنرێت، بۆ نمـوونـە، ڕۆژنامـەنووس، ڕاپـۆرتـەکـەی کـە دەربـارەی چارەسـەرێکی نوێی نـەخۆشـیی ئایدزە، بەپێـشکێـشکردن نەخـۆشـێک دەست پێ دەکات، ئەوجا باسی دەرمـانە نوێیـەکە و چۆنیـەتیی کـارتێکردنی دەکات، دواجـار بەوتەی پزیشکەکان کە دەڵێن ئەو نەخۆشـەی باسـمان کرد، لە مـاوەیەکی کورتدا گـیـان لـە دەست دەدات ئەگـەر ئەو چارەسـەرە نـوێیـە سـوودی نەبێت. بـڕگـەی ناوەڕاسـتی چیرۆکـەهەواڵەکە هـەرچۆنێک دابڕێژرێت، پێـویسـتـە جێی سـەرنجی

جەماوەر بێت. وەکو نووسەری کۆوارێکی هەفتانە جارێکیان گوتی: چاکنووسین، وا لە خوێنەر دەکات تا کۆتایی نووسینەکە واز نەهێنێت.

### کۆتاییەکان:

ئەگەر بەنیاز نەبیت یەکەمین شێواز، واتە شێوازی بنیاتی ئاوەژوو بەکاربێنیت و پێشبینیی لابردنی بەشی خوارەوە یان کۆتاییی چیرۆکەهەواڵەکەشت دەکەیت، وا چاکە هەر لە سەرەتاوە کۆتاییەک بۆ ڕاپۆرتەکەت ئامادە بکەیت، وەک چۆن پێویستە لە گەشتێکدا بزانیت لە کوێوە دەست پێ دەکەیت و لە کوێ کۆتاییی گەشتەکەتە. ئەم شێوازە بەتایبەتی بۆ هەواڵەکانی ئێستگە و تەلەڤیزیۆن گرینگە، بەهۆی شێوازی پێشکێشکردنیانەوە. ئاخر هەواڵ ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن پێویستە وەک ڕایەڵ ڕستە و زانیارییەکانی بەدوای یەکدیدا ڕیز بکرێن، بەپێچەوانەی هەواڵی ڕۆژنامە و ئینتەرنێتەوە، خوێنەر هەست بەڕیزبەندیی زانیارییەکانیان ناکات. توێژینەوەکان سەلماندوویانە، گوێگران و بینەران، دوایین ڕستەی هەواڵەکانیان لە بیردا دەمێنێتەوە، هەر بۆیە زۆربەی هەواڵ و ڕاپۆرتە ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنییەکان بەکورتەی بڕگەی سەرەکی کۆتاییان پێ دێت.

زۆربەی کات، کۆتاییەکان، دووبارەی سەرەتاکانە، بەگەڕانەوە بۆ کەسی گرینگی نێو هەواڵەکە یان ڕیزبەندکردنی ڕووداوەکان بەپێی ساتی ڕوودانیان. خۆ ئەگەر ڕاپۆرتەهەواڵەکە کێشەیەکی خستەڕوو، بەچارەسەرەکەی کۆتاییی بەڕاپۆرتەکە دێت. جاری وا هەیە کۆتاییەکان ڕوویان لە داهاتووە، داخۆ دوای ئەوە چی ڕوو دەدات. یان بەبەشە دەنگێکی بەهێز کۆتاییی پێ دەهێنرێت، بەڵام ئەم شێوازەی دواییان پێویست بەوە دەکات ئەو وتە یان ڕستەیەی وەردەگیرێت، هێندە بەهێز بێت، هەرچی پاش ئەو ڕستەیە بگوترێت جەماوەر بێ ئومێد بکات.

### وەئەستۆخستن:

جیاوازیی سەرەکیی چیرۆکەهەواڵ و سەروتار و ڕا و بۆچوون، وەئەستۆخستنە. وەئەستۆخستن، وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: کێ وا دەڵێ؟ واتە؛ سەرچاوەی زانیارییەکان دەستنیشان دەکات. بەتایبەتی سەبارەت

بەڕاگەیەندراوە مشتومڕخوڵقێنەکان و ئەو زانیارییانەی جێی گومانن.

ڕەنگە وەئەستۆخستن، ئاشکرا بێت یان بەئاماژە. نموونەیەکی وەئەستۆخستنی ئاشکرا": ئەنتۆنیۆ کۆستای ئەفسەری پۆلیس گوتی پیاوەکە دەستگیرکراوە و تۆمەتباریشە". بەڵام ئەگەر وەئەستۆخستنەکە ناڕاستەخۆ یان ئاماژانە بێت، ڕستەکە ئاوهای لێ دێت"پۆلیس پیاوەکەیان دەستگیر کرد و بەئەنجامدانی تاوانیش تۆمەتباری دەکەن". لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، جەماوەر تێ دەگەن، پۆلیس سەرچاوەی زانیارییەکانە.

لە هۆکارە سەرەکییەکانی وەئەستۆخستنی زانیارییەکان لە زۆربەی چیرۆکەهەواڵەکاندا، بواردانە بەخوێنەر و گوێگر و بینەران تا بڕیار بدەن بڕوا دەکەن یان نا. بۆ نموونە، لەوانەیە هەندێک ئەو هەواڵەی باسی بڕیاری هەڵپەساردنی بەرنامەی ئەتۆمیی کۆریای باکور دەکات، بەشێوەیەکی گشتی بەڕاست بزانن، بڕواهێنان و نەهێنانیان بۆ سەرچاوەی هەواڵەکە دەگەڕێتەوە، ئایا کاربەدەستێکی چینییە یان تیمێکی زانایانی نێودەوڵەتییە.

لە هۆکارەکانی دیکەی وەئەستۆخستن ئەوەیە، ئەو بەرپرسەی لێدوانێکی وروژێنەر دەدات، هەر خۆی بەرپرسیارییەتییەکەشی لە ئەستۆ بگرێت، نەک ڕۆژنامەنووسەکە یان دەزگا ڕۆژنامەوانییەکەی. بێ ئەوەی هیچ کامیان لە هەر داخوازییەکی یاسایی قوتار بکات، چونکە پارێزگاریی یاسایی، لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕدرێت. هەرچۆنێک بێت، ئاشکرابوونی ئەو لایەنەی لێدوانێک دەدات یان داخوازییەک، هەڵوێستێکی دیاریکراوی هەیە، پەیڕەوێکی ڕۆژنامەوانییانەی چاکە.

بەڵام مەرج نییە، هەموو زانیارییەکانی نێو هەواڵێک بخرێتە ئەستۆی کەسێک، لایەنێک یان سەرچاوەیەک. چونکە وەئەستۆخستنی یەکەیەکەی زانیارییەکان، تێگەیشتنی هەواڵەکە گران دەکات، ئەگەر مەحاڵ نەبێت. ئەو ڕووداوانەی ڕۆژنامەنووس خۆی دەیانبینێت، پێویست ناکات بخرێتە ئەستۆی هیچ کەسێک. هەرواش سەبارەت بەڕاستییە بەرجەستەکان پێویستییان بەوەئەستۆخستن نییە. بۆ نموونە، ڕۆژنامەنووس دەکارێت ناوی تیپی براوەی یارییەکی تۆپی پێ بڵێت بێ

ئەوەی بلّێ فیسارە کەس ڕای گەیاند، چونکە ئەنجامەکە جێی گومان نییە، بەڵام لە ڕاگەیاندنی ئەوەی کێ سەرکەوتوو بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دوو کاندیدی هەڵبژاردنێکدا، پێویستی بەوەئەستۆخستن هەیە، ئەگەر نا، تێکەڵییەک لە نێوان ڕاستییە بەرجەستەکان و ڕا و بۆچوونی ڕۆژنامەنووسەکەدا دروست دەبێت.

## وەرگرتنی وتە و لێدوانەکان:

چیرۆکەهەواڵ، وەک باوە بەقسەگەلێکی ڕۆژنامەنووسەکە دەست پێ دەکات. بەڵام زۆربەی هەواڵ و ڕاپۆرت و چیرۆکەهەواڵەکان، چەند وتە یان بەشێک لە لێدوانی کەسانێک وەردەگرن. کاتێک ئەو وتە و لێدوانانەش بەشێوەیەکی گونجاو بەکار دەهێنرێت، چیرۆکەهەواڵەکە تۆکمە دەکات، لە ڕێی وتەی کەسێکی بەشداری ڕووداوەکەوە. بەکارهێنانی ئەو وتانەش لە سەرەتای چیرۆکەهەواڵەکەدا، زۆرتر سەرنجی جەماوەر ڕادەکێشێت، چونکە چیرۆکەکە بەکەسێکەوە دەبەستێتەوە.

وەرگرتنی وتە، یان پشتبەستن بەقسەی کەسێک، واتە؛ وەئەستۆخستنی قسەکە تا خەڵک بزانن کێ ئەو قسەیەی کردووە. وەرگرتنەکەش زیاتر لە چەند وشەیەک تێ ناپەڕێت و پێویستە هەمان وشە و دەستەواژەکانی سەرچاوەکە بەکار بهێنرێت، کاتێک زۆربەی قسەکانی سەرچاوەکە شایستەی دووپاتکردنەوە بن. بەڵام وەرگرتنی بەشێکی وتە، کە لە ڕۆژنامەوانیی خوێنراودا بەکاردێت، دەکرێت تاکە وشەیەک بێت یان ڕستەیەکی ناتەواو. ئەکاتەش بەکاردێت کە ڕستەی وتەبێژەکە درێژبێت یان سەر لە خوێنەران تێک بدات. ئۆباڵی گواستنەوەی وەک خۆی بەشێک لە وتەکانی قسەکەر بەشێوەیەک ماناکەی نەگۆڕێت، دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژنامەنووس. بۆ نموونە، ئەوکاتەی جاک شیراکی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، دەربارەی پەشێوییە کۆمەڵایەتییەکانی گەڕەکە قەراغ شارەکانی پاریس، وتارێکی دا گوتی"ناتوانین شتێکی هەمیشەیی دامەزرێنین بەبێ بەگژداچوونەوەی جیاکاری کە ژەهری کۆمەڵگایە" . زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ئەو ڕستەیەی شیراکیان وەک خۆی لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانیاندا گواستەوە، بەڵام لە بڕگەی دەستپێکی ڕاپۆرتەهەواڵەکەی ڕۆژنامەی "گاردیان"ی بەریتانیدا تەنیا یەک وشەی

لەو ڕستەیە وەرگرتبوو"جاک شیراک... داوای بەگژاچوونەوەی"ژەهر"ی جیاکاریی کرد".

هەموو قسەکانی کەسێک، شایانی گواستنەوە نین. کەواتە چۆن ئەو قسانە هەڵدەبژێریت کە وەک خۆی لەزاری قسەکەرەکەوە دەیانگوازیتەوە؟ بنەما سەرەکییەکەی ئاسانە: قسەیەک یان بەشێکی لێدوانێک مەگوازەوە کە خۆت دەتوانیت جوانتر دەریانبڕیت. چیرۆکەهەواڵێکی زۆریشمان بینیووە، لەم حاڵەدا سەرکەوتوو نەبوون و ڕاستەخۆ لە زاری بەرپرسانەوە گواستراونەتەوە. خۆت لە گواستنەوەی ئەو قسانە دووربخەوە کە تەنیا دووپاتکردنەوەی کۆمەڵێک ڕاستین، بەتایبەتی بەزمانێکی بیرۆکراتی. دەبێ کێ بێت بیەوێت گوێ لە سەرۆکی شارەوانی بگرێت کە دەڵێ: "ئێمە پێشبینی دەکەین هەفتەی داێ بگەینە بڕیارێک سەبارەت بەپلانەکانی فریاکەوتنی تایبەت بەدابەشکردنی یارمەتییەکانی شارەوانی بەسەر خێزانە کەمدەرامەتەکاندا". ئەم جۆرە زانیارییانە، وا چاکترە ڕۆژنامەنووس بەزمانێکی ڕوونتر و پاراوتر دایانبڕێژێتەوە، بۆ نموونە لەوانەیە ڕستەکە بەم شێوەیەی لێ بێت: سەرۆک شارەوانی دەڵێ با خەڵک چاوەڕوانی یارمەتییەکانی شارەوانی نەکەن بەر لە هەفتەیەک".

چاکترین ئەو وتە و قسانەی دەگوازرێنەوە، ڕا و بۆچوونە کەسانی و نابابەتییەکانن، ئەوانە بەرچاوڕوونی و ڕا و بۆچوونێک دەخەنە سەر چیرۆکەهەواڵەکە. قسەکەرەکان زمانێکی زیندوو بەکار دەهێنن و ئەزموونێکی کەسانی دەگێڕنەوە. ڕۆژنامەنووس تۆنی کۆفالیسکی پسپۆڕ لە ڕیپۆرتاجە تەلەڤیزیۆنییەکاندا دەڵێ: "قسەکان سۆزێکی بەهێز دەردەبڕن". هەروەها دەڵێ: "لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا هەوڵی ڕاوکردنی ئەو سۆزانە بدە و دڵنیاش بە، لەکاتی نووسیندا لە دەستیان نەدەیت". لە بنەماکانی دیکە، بەکارهێنانی ئەو قسانەی ڕەسەن و ڕەوانن، نەک ئەوانەی دەڵێی لە نووسراوێکەوە دەیخوێنیتەوە.

پاش ئەوەی چاکترین قسەکانت هەڵبژارد کە بەنیازیت وەک خۆی بیانگوازیتەوە، چیرۆکەهەواڵەکەتی بەدەوردا داڕێژە. بەڵام ڕۆژنامەنووس بۆب دۆتسۆن کە لەگەڵ کەناڵی NBC ئەمریکاییدا کار دەکات، دەڵێ: "نەکەی قسە

گواستراوەکان بۆ ئەوە بەکار بێنیت چیرۆکەهەواڵەکە بەناچڵی بگێڕێتەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسەی وتە و قسەی خەڵکانێک بۆ ئەوە بەکار دێنێت تا خۆی کەمتر بنووسێت، ڕۆژنامەنووسێکە لەدووی کاری ئاسان دەگەڕێت و خۆی لە ماندووبوون دەدزێتەوە".

**ژمارەکان:**

جارێکیان، مامۆستایەکی ڕۆژنامەوانی قوتابیەکانی خۆی بە"خەڵکانێکی چاکن، بەڵام ڕقیان لە ماتماتیکە"وەسف کرد. زۆربەی ڕۆژنامەنووسان، حەزیان لە ماتماتیک نەبووە و نابێت، بەڵام پێویستیانە و دەبێ هۆکارەکەشی بزانن. ژمارە، تۆکمە و ڕاست دەردەکەوێت، بەڵام لە هەڵەش بەدەر نییە. ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بەتوانایەکی ژمارەسازی هەیە، تا دەرک بەجیاوازیی ژمارەیەکی گرینگ و یەکێکی بێ بەها بکەن، ئەگەر نا، چیرۆکەهەواڵێک دەنووسن لە باشترین حاڵەتدا، ناڕاست و لەخشتەبەرە و لە خراپترین حاڵەتیشدا هەڵەیە.

پێویستە ڕۆژژنامەنووسان ئەوەندە لە ماتماتیک شارەزا بن کە سەیری ژمارەیەکیان کرد، بزانن مەرج نییە ڕاستیی دەرببڕێ و پێویستیان بەمیکانیزمگەلێکی ئەوتۆ هەیە، لە واتا شاراوەکانی پشت ژمارەکان تێ بگەن. پێویستیان بەتێگەیشتن لە هەندێک چمکی ماتماتیکی هەیە، تا لە شێوازی کارکردنی بانکەکان و بازرگانی و لاتبوون و کاتەکانی گەشانەوەی ئابووری حاڵی بن. بەواتایەکی ئاسانتر؛ ڕۆژنامەنووسان پێویستیان بەبڕێک شارەزاییی ماتماتیکییانە هەیە تا لە ژمارەکان تێ بگەن، وەک چۆن پێویستیان بەشارەزاییەکی زمانەوانی هەیە تا لە وشەکان تێ بگەن.

ڕۆژنامەنووسە زیرەکەکان، لە ژمارەکان تێ دەگەن و بەپارێزەوە مامەڵەی لەتەکدا دەکەن. دەشتوانن زۆر بەزوویی ژمارە ناڕاستەکان جیا بکەنەوە. ئەوەندەش لە زانستی ژماردن و ئامار دەزانن، لە گومانەکانیان دڵنیا بن. لە ڕێژە سەدییەکان و ڕادەی گۆڕانەکاندا شارەزاییییەکیان هەیە. هەروەها هەندێک زانیاریی ماتماتیکی گشتی و پێوەندیی نێوان ژمارەکانیان هەیە کە چیرۆکەهەواڵێکی چاکتر لە چیرۆکەهەواڵێکی بێ ژمارە، پێشکێش بکەن.

ڕۆژنامەنووسە زیرەکەکان دەتوانن، بگرە پێویستە بتوانن، ژمارەکان بەشێوازێک بۆ خوێنەر و بینەران شی بکەنەوە بەئاسانی تێی بگەن.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی، توانایەکی ژمارەسازییان هەیە، ئەمڕۆ لە هەر ڕۆژێکی دیکە زیاتر پێویستن لە سایەی جیهانێکی پێشکەوتوو لەڕووی تەکنەلۆجییەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەن، دەتوانن پێشڤەچوونە زانستی و پزیشکی و تەکنەلۆجی و ئابوورییەکان هەڵسەنگێنن و شرۆڤەیان بکەن. دیسان دەتوانن هەواڵ لە ڕاگەیەندراوە ئابوورییەکان هەڵێنجن، بێ ئەوەی چاوەڕێی کەسێکی خاوەن بەرژەوەندی بن، بێت بۆیان ڕوون بکاتەوە.

پاش ئەوەی ڕۆژنامەنووس لە ژمارەکانی دڵنیا دەبێتەوە، دەبێ بڕیار بدات چۆن لە چیرۆکەهەواڵەکەیدا بەکاریان دێنێت. بنەمای سەرەکیی ئەو کارەش بریتییە لە: تا دانەی ژمارەکان کەم بن چاکترە، دەبێ ژمارەکان بەشێوەیەک بنووسرێن، بەلای خوێنەر یان بینەرەوە ئاسان بێت و لە بایەخەکەی تێ بگات. پۆڵ هیمپ، دانەری کتێبی"دە بیرۆکەی کردەنی بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی بازرگانی و ئابووری لە دەوڵەتە پەرەئەستێنەکاندا" دەڵێ: "ژمارە بۆ خۆی بەتەنیا مانا و مەغزایەکی ئەوتۆی نییە، مانای ڕاستەقینەی ژمارە لە بەها ڕێژەییەکەیدایە" بۆیە ئەو چیرۆکەهەواڵەی دەربارەی بەرزبوونەوەی خەرجی و تێچووی قوتابخانەکانە، ژمارە گشتییەکان ورد دەکاتەوە بۆ خەرجیی هەر منداڵێک. ئەو چیرۆکەهەواڵەی باس لە ژمارەی ساڵانەی مردووان دەکات بەشێرپەنجەی سییەکان، ئاماژە بەوە دەدات کە ژمارەکە وەک ئەوە وایە هەموو ڕۆژێک باڵەفڕەیەکی نەفەرهەڵگر بکەوێتە خوارەوە.

بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسانەی توانای ژمارەسازییان تێدا نییە، لە شارەزاییەکی پێویست بۆ تێگەیشتن لە زانیارییەکی زۆر و دنیای دەوروبەر بێبەش دەبن: ئامارەکانی تاوان، پێوەرەکانی پیسبوونی ژینگە و ڕێژەی بێکاری و... هتد. هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسانەی توانای ماتماتیکییان نزمە، بەدڵنیاییەوە ناتوانن لە گواستنەوەی زانیاری و چیرۆکەهەواڵەکاندا، وردەکار بن.



## داڕشتنەوەی چیرۆکەهەواڵ

ئێستا سەعات نۆی بەیانییە و کاتی کۆبوونەوەی دەستەی نووسیارانی بەشی هەواڵەکانە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو چیرۆکەهەوالانەی ئەو ڕۆژە ئامادەی دەکرێن. بەکردەنی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسان و وێنەگران کاریان پێ سپێردرا و دەرچوون. هەندێکیش هەر دوێنێ ئێوارە بەکارەکانیان ڕاسپێردران. ئەو ڕۆژنامەنووسانەش تا ئێستا هیچ ئەرکێکیان بۆ دیاری نەکراوە، هەر خەریکی ڕاگۆڕینەوەن لە ژووری کۆبوونەوەدا، بەڵکو ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری نووسیاری بۆ چیرۆکەهەواڵەکانیان وەرگرن تا فریای هەواڵنامەی ئێوارە یان ڕۆژنامەی سبەی بخەن. داڕێژەری (محرر) نووسینگەی پەیامنێران بەلیستی ڕووداوە تۆمارکراوەکاندا دەچێتەوە، تا بڕیار بدات، کامەیان شایانی ئەوەیە ببێتە هەواڵ و کامەیان شایان نییە. پاش بڕیاردان، بەڕێوەبەرانی نووسیاری، لیستێک بەو ڕاپۆرتەهەوالانە ئامادە دەکەن کە بڕیارە ئەمڕۆ بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە بکرێن.

ڕەنگە پێت وابێت بەڕێوەبەرانی نووسیاری دەتوانن دوای ئەو قۆناغە دانیشن و پشوویەک بدەن. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ بڕیارێکی ژووری نووسیاری یەکجاری نییە و لە چرکەساتێکدا هەموو شتێک دەگۆڕێت، چونکە ڕووداو و هەواڵی پێشبینینەکراو دێنە ئارا و پلانەکانی ژووری نووسیاری دەگۆڕن. بەرپرسیاریەتیی بڕیارەکانی ئایا چی بڵاو دەکرێتەوە و کامەیان هەڵدەگیرێت و

چی وەلادەنرێت، دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی نووسیاری و داڕێژەران و مۆنتێرەکان. ئەوانن چیرۆکەهەواڵەکانی ئەو ڕۆژە دیاری دەکەن و دەگۆڕن، ئەڵبەت بەپێی گرینگی و بایەخپێدانی جەماوەر و پێشهاتە نوێیەکان و کات و ڕووبەری بەردەستیان.

بەڵام هێشتا ڕۆڵی داڕێژەر (محرر) تەواو نەبووە، پێش چاپکردنی ڕۆژنامە یان پەخشکردنی هەواڵەکان، داڕێژەران ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دیکە دەبینن. ئەرکیانە لەوە دڵنیا بن ئەو هەواڵانەی نووسراون و پێشکێش دەکرێن، بەشێوەیەکی چاک نووسراون، بێ لەوەی ورد و گشتگیر و کامڵ و پاکژن.

لە زۆربەی نووسینگەکانی نووسیندا، زیاتر لە داڕێژەرێکیان تێدا کار دەکات. تەنیا کەسێک ناتوانێت ئەو هەموو هەواڵەی دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی ڕاپەڕێنێت. ڕەنگە لە نووسینگەکانی دارشتنەوەدا، چەندین پلە نووسیار و داڕێژەریان تێدا بێت کە هەریەکەیان کارێک یان قۆناغێکی هەواڵەکە ڕایی دەکات، تا دواجار دەچێتە بەردەم بەڕێوەبەری نووسیاری یان سەرنووسیار بۆ ئەوەی بڕیار لە بڵاوبوونەوەی بدات. ئەڵبەت ئەرکی داڕێژەر، پێویستی بەکۆمەڵێک شارەزایی و پلەیەکی بەرز لە ڕۆشنبیری و ئاگاداری و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ خشتەی کاری گۆڕاو و کارکردن لە بن پاڵەپەستۆی بەردەوامدا هەیە.

### ئەرکەکانی نێو ڕۆژنامە:

لە هەر ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ئاساییدا، ژمارەیەک داڕێژەر و ڕۆژنامەنووس کار دەکەن کە بڕێکی زۆر هەواڵ ئامادە و بڵاودەکەنەوە. زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵ، بۆ نووسینگەی شارەکە کار دەکەن و هەواڵەکانی ئەو کۆمەڵگە لۆکاڵییەی ڕۆژنامەکە خزمەتیان دەکات، بڵاو دەکەنەوە. ڕۆژنامە نیشتیمانییە گەورەکانیش، ڕووبەرێکی چاک بۆ هەواڵەکانی وڵات و هەواڵەکانی دەرەوەش تەرخان دەکەن و پەیامنێریان لەو وڵاتانەدا هەیە و لە پایتەختەکانیاندا نیشتەجێن. ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسیش لە بەشە تایبەتمەندەکانی ڕۆژنامەکەدا کار دەکەن و هەواڵەکانی وەرزش، ئابووری و وتارە تایبەتەکان ئامادە دەکەن. هەر یەکێک لەم نووسینگە یان بەشانە، داڕێژەرێک سەرپەرشتییان دەکات و ڕەنگە

ڕۆژنامەنووسێکیش هاوکاریی بکات.

داڕێژەرانی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەنووسەکان بەکارەکانیان ڕادەسپێرن و هەواڵە نووسراوەکان دادەڕێژنەوە و سەرپەرشتیی نەخشەسازیی لاپەڕەکان دەکەن. لە ڕۆژنامە گەورەکاندا، لەوانەیە داڕێژەران یەک لەو ئەرکانە ڕاپەڕێنن، بەڵام لە ڕۆژنامە بچووکەکاندا، داڕێژەران هەموو کارەکان دەکەن. لە هەندێک ڕۆژنامەدا، داڕێژەری وێنەکان هەیە کە سەرپەرشتیی کۆمەڵێک وێنەگر دەکات. هەروەها سەرپەرشتیارێکی گرافیک سەرپەرشتیی ئەو هونەرمەندانە دەکات کە نەخشە و خشتەکان و ڕێکلامەکان دروست دەکەن. دیسان لە ڕۆژنامە گەورەکاندا، کۆمەڵێک ئەرشیڤکار هەیە هاوکاریی ڕۆژنامەنووسەکان دەکەن بۆ دۆزینەوەی زانیاریی پێوەندیدار بەهەواڵەکانەوە، ئەمانە بەرپرسی کتێبخانە و ئەرشیڤی هەواڵەکانن.

## ئەرکەکانی نێو ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن:

ژوورەکانی نووسیاری لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکاندا، هێندەی ڕۆژنامە ڕێکوپێک نین. زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، تایبەتمەند نین لە گواستنەوەی هەواڵەکانی بوارێکی دیاریکراودا، بەڵام لەوانەیە بەپرۆگرامگەلێکی هەواڵانی ڕاسپێردرێن وەک هەواڵنامەی سەرلەبەیانی زوو یان درەنگانی شەو. هەموو ئەم پرۆگرامانەش، لەلایەن دەرهێنەرێکەوە جێبەجێ دەکرێن، دەرهێنەرێکی جێبەجێکاریش لە سەنتەری هەواڵەکان، سەرپەرشتیی کاری تێکڕای دەرهێنەران دەکات.

لە بەشی هەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکاندا، جگە لە پەیامنێران، پێشکێشکارانی بەرنامە یان گەورەبێژیاران کار دەکەن و ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانە پێشکێش دەکەن کە ئەو ڕۆژە پەیامنێران و داڕێژەرانی سەنتەری هەواڵ ئامادەیان کردووە. بێژیاران و پێشکێشکارانی بەرنامەکان، ڕۆژانە زیاتر لە جارێک و لە بڕگەیەکی هەواڵانیدا، دەردەکەون.

نازناوی داڕێژەوەی هەواڵی تەلەڤیزیۆن بەو کەسە دەدرێت کە لە مۆنتاجی هونەریی هەواڵەکان بەرپرسە. واتە؛ ئەو کەسەی وێنە و دەنگ تێکەڵ دەکات و بەرهەمەکە بۆ وەشاندن ئامادە دەکات. لە زۆر بەشی هەواڵدا، ئەو وێنەگرەی

بەڤیدیۆ وێنەی هەواڵەکەی گرتووە، دوای وەرگرتنی تێکستە نووسراوەکە بەدەنگی ڕۆژنامەنووسەکە، هەر خۆی مۆنتاجیشی دەکات.

## ڕۆڵی داڕێژەر:

لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ڕاگەیاندنی پێویستیی ڕۆژنامەیەکی بچووک بەداڕێژەرێک ئاوا نووسرابوو"دەبێ ئەو کەسە دەستێکی باڵای لە نووسین و داڕشتنەوە و نەخشەسازیدا (دیزاین) هەبێت، پێویستە وردەکار بێت و هەست بەلێپرسراوی بکات و توانای کاری تیمانە و (دەستەجەمعی) سەرپەرشتیکاریی خەڵکانی دیکەی تێدا بێت. کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنیش کە بۆ دەرهێنەرێکی چاک دەگەڕا نووسیبووی "شارەزاییی بڕیاردان لە بایەخی هەواڵدا، دەستێکی نووسینی چاک، توانایەکی کارگێڕی، پێویستە توانای فرەئەرکیی تێدا بێت و کارەکانی ڕێکخراو بن.

وەک دەبینی، پێویستە داڕێژەرانی هەواڵ، ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا و هاوزەمان بەڕێوەبەرێکی لێهاتووی نووسینگەکانی داڕشتنەوەی هەواڵەکان بن. داڕێژەران، هەر لە سەرەتای نووسینەوەی هەواڵەکە لەگەڵدان تا کۆتایین. داڕێژەران، پێویستیان بەوە هەیە بتوانن زوو بڕیار لە هەواڵ بدەن، چونکە ئەوان بەرپرسیاری دابەشکردنی کارن بەسەر ڕۆژنامەنووساندا و هەر ئەوانیش بڕیار دەدەن کامە ڕووداو شایانی ئەوەیە بایەخی پێ بدرێت و بکرێتە هەواڵ و کام ڕۆژنامەنووسەش ئەوە بکات. دەبێ نووسەرێکی زۆر چاک بن، بۆ ئەوەی لە نووسینی یەکەمین جاری هەواڵەکە و پێشڤەچوونیشیدا بەشدار بن. دەبێ بزانن دەربارەی هەواڵەکان ڕاستەوخۆ لە شوێنی ڕووداوەکەدا گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکەدا بکەن و ئەگەر زانییان هەواڵەکە هێشتا خەڵکی دیکەی پێویستە، بڕیاری ناردنیان بدەن. داڕێژەرانی هەواڵ، ڕاستەوخۆ لە چۆنیەتیی نووسینی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان و دانانی مانشێتەکان و وێنەکان و ژێرنووسەکانیان، بەرپرسیارن. هەروەها پێویستە توانای هاندان و سەرکردایەتیی هاوکارەکانی خۆیان تێدا بێت.

داڕێژەران و دەرهێنەران بەبەردەوامی و بەجیدی لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا کار

دەکـەن. دارێـژەران لە هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵەکـان ورد دەبنەوە و بڕیار لە وێنە و نەخشەسازیی ڕاپۆرت و مانشێتەکەشی دەدەن. لە زۆربەی نووسینگەکانی هەواڵی ڕادیۆ و تەلەڤـیـزیۆنەکـاندا، ڕۆژنـامـەنووس هـەواڵ و ڕاپۆرتەهـەواڵەکـانیـان تۆمـار ناکـەن تا دەرهێنەر نێـوەڕۆکەکـەی پەسن نەکات. هەر دەرهـێنەرانیشـن، بڕیار لە ڕیزبەندیی هەواڵ و ڕاپۆرتەکان و ماوەکانیان دەدەن.

**دارشـتـنـەوەی بابەتەکان:**

دارێـژەران ڕۆڵی دوو چـاوی زیـادە دەبیـنن کـــە بۆ هـەڵەکـــانی نێـــو هـەواڵ و ڕاپۆرتـەهـەواڵەکـان دەگـەڕێن. جـەخت کـردنەوەش لەســەر دوو چاوی زیـادە، بەو مـانایەی؛ وا پێویسـتـە ڕۆژنامەنووسـان لە کـاتی نووسـینی چیرۆکەهەواڵەکەیاندا، ورد و ئاگـادار بووبێتن بۆ ئەوەی دڵنیـا بن ڕاپۆرتەهـەواڵەکـەیان هەڵەی تێدا نییـە، بەر لەوەی بـیدەنە دارێژەران. یەکـەمـین دەسـتـنووسـی هـەواڵ سـەرەتایەکی چاکـە، بەڵام تـەنیـــا ســـەرەتـایەکــــە و دارشـــتـنی یەکــــەمی هـەواڵ یان ڕاپۆرتەهـەواڵ لە سـەرەتایەک زیاتر شـتـێکی دیکە نییـە. هەمـوو نووسـەرێک دەبێ بـەنووسـینەکـەیدا بچێتەوە، نووسینی چاک پێویستی بەپێداچوونەوە و بژار هەیە.

دڵنیـابـوون لە زانیـارییـەکـان، یەکـەمین هەنگاوەکـانی دارشـتنەوەی هـەواڵەکـانە. دواتر دارێژەران، لە ڕێزمان و ڕێنووس و بـەکارهێنانی وشـەکان و دەربڕینیان ورد دەبنـەوە. بایـەخی تـایبـــەتی بەکــردار و بکەر و گــونجــانی بکەر و ڕاناو دەدەن. دارێژەران بەسـەرجـەم ژمـارەکـانی چیـرۆکەهـەواڵەکـەدا دەچنەوە: نـاونیشـانەکـان، ژمــارەی تەلەفــۆنەکــان، تـەمـەنـەکــان، مـێـژوو، کــاتی ڕووداوەکــان. خـۆ ئەگـەر دەرەنجـامــێکی مــاتماتیکی لە هـەواڵەکــەدا هـەبێت، دارێژەران بـەوردی پێــیـدا دەچنـەوە. لەو نازناوانـەش ورد دەبنەوە، ڕۆژنامــەنووس بۆ قـســەکـەرەکـانی نێـو هـەواڵەکـــانی داناوە، هـەروەها زۆر بـەوردی بەوەئـەســتـــۆخـــســـتنـەکـــانی نێـــو ڕاپۆرتەهـەواڵەکەدا دەچنەوە.

دیسان دارێژەران بەوردی بەڕاستییەکانی نێو چیرۆکەهەواڵەکەدا دەچنەوە و لە ڕووی دەستپاکی و بەویژدانییەوە، هەڵی دەسەنگێنن. دارێژە وردەکارەکان هـەردەم بەچاوی گومانەوە چیرۆکەهەواڵەکان دەخوێننەوە و ئەم پرسـیـارانەیان هـەردەم لە

مێشکدا ئامادەیە:

* ڕۆژنامەنووسەکە چۆن ئەمە دەزانێت؟
* چی وا لە جەماوەر دەکات باوەڕ بکەن؟
* ئایا خاڵی سەرەکیی چیرۆکەکە، بەزانیاریی ورد تۆکمە کراوە؟
* هەموو وتە و قسە وەرگیراوەکان ڕاستن، مەبەستی وتەبێژ یان قسەکەرەکە دەردەبڕن؟
* ڕاپۆرتەکە تەواوی لایەنەکانی چیرۆکەکەی ڕەچاو کردووە؟
* ڕاپۆرتەکە چی کەمە؟
* ئەمە چیرۆکەهەواڵێکی پاکژ و بەویژدانانەیە؟

هەروەسا داڕێژەران بایەخ بەسەلیقە و زمان دەدەن کە بەپێی ڕۆشنبیریی ناوچەکان دەگۆڕێن. پێویستە داڕێژەران و ڕۆژنامەنووسان – بەتایبەتی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکاندا –، ڕاپۆرتەکە بەدەنگی بەرز بخوێننەوە و بەجوانی گوێ بگرن تا دەرک بەهەر ڕستەیەکی درێژ یان وشەگەلێکی زیادە و ئاڵۆز بکەن، ئەو وشانەی خوێندنەوەیان گرانە یان زیاد لە واتایەک دەبەخشن. لە زۆر سەنتەرەکانی هەواڵدا، داڕێژەران، دەسەڵاتی گۆڕینی ئەو لایەنانەی ڕاپۆرتەهەواڵەکانیان هەیە، بێ ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسەکە بگەڕێنەوە.

بەڵام خۆ داڕێژەران، تەنیا چاکسازێکی هەڵە زمانەوانی و چاپەمەنییەکان نین، بگرە ڕۆژنامەنووسن بەهەموو مانای وشەکە. زۆربەی داڕێژەران و دەرهێنەران، شارەزایی یان توانایەکی ئامادەکردن و گواستنەوەی هەواڵیان هەیە، بۆیە کاتێک بەهەواڵ و ڕاپۆرتەکاندا دەچنەوە، وردەکار و بەسەلیقەن. ئەوان دەیانەوێت بزانن، هەواڵ یان ڕاپۆرتەکەی بەردەستیان، ئەو کەسانە تێی دەگەن کە هیچ دەربارەی پرسەکە نازانن. زۆریش بەتەنگ ئەوەوەن؛ چیرۆکەهەواڵەکە، سەرنجڕاکێش و بایەخدار بێت.

خۆ ئەگەر چیرۆکەهەواڵەکە لاواز بوو، پێویستە داڕێژەر یان دەرهێنەر هاوکاریی ڕۆژنامەنووسەکە بکات، بابەتەکە چاک بکات. ئا لێرەشدا توانا سەرکردایەتییەکانی دەردەکەوێت، ئەو دەمەی ئەرکی"ڕێنوێنی" ئەنجام دەدات.

## ڕێنوێنی:

ڕێنوێنی، ئەو ڕێگەیەیە داڕێژەران بۆ هاوکاریی ڕۆژنامەنووسان و نەهێشتنی کێشە و کەموکوڕییەکانی چیرۆکەهەواڵەکانیان دەیگرنە بەر. بەڵام پێویستە خۆیان لە نارەزاییی ڕۆژنامەنووسان بپارێزن، کاتێک چیرۆکەهەواڵەکانیان دادەڕێژنەوە. هەروەها یارمەتیی ڕۆژنامەنووسان دەدەن تا فێر بن چۆن کارەکانیان چاکتر دەکەن، نەک هەموو جارێک هەڵەکانیان دووبارە بکەنەوە و ڕێ بۆ داڕێژەران خۆش بکەن چاکیان بکەنەوە. جویس بازیرای داڕێژەری هەواڵەکانی ڕۆژنامەی"ئەلاسیری" لە تەنزانیا دەڵێ: " داڕێژەری چاک، لە ڕێ گفتوگۆوە لە کاتی گواستنەوە و نووسینەوەی ڕاپۆرتەهەواڵەکەیدا ڕێنوێنیی ڕۆژنامەنووس دەکات، لە بەرانبەردا، ڕۆژنامەنووسیش بۆی هەیە کاتی چارەسەری کێشەیەکی ڕاپۆرتەکەی، لەگەڵ داڕێژەرەکەدا گفتوگۆ بکات".

ئەو شارەزایییانەی لە ڕێنوێنیدا بەکاردەبرێن، هەمان شارەزاییی ڕۆژنامەنووسی چاکن. وریایی لە گوێگرتن و ئاراستەکردنی پرسیارگەلی چاک. ڕێنوێنی کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، ڕۆژنامەنووسان دەرک بەکێشەکانی نووسین و داڕشتنی چیرۆکەهەواڵ بکەن، با نەشتوانن بڕیار بدەن چۆن ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن. کاری ڕێنوێنیکار، پرسیارکردن و گوێگرتن و هاوکاریی ڕۆژنامەنووسە لەپێناو چاکترکردنی کارەکەیدا، ئەم ئەرکەش زۆر جیاوازە لە ڕۆڵی"چاکساز و چارەسەرکەری کێشەکان" کە هەندێک داڕێژەر دەیبینن.

| <u>ڕێنوێنیکار و چارەسەرکەری کێشەکان</u> | <u>چاکساز</u> |
|---|---|
| – یارمەتیی نووسەر دەدات | – چیرۆکەهەواڵەکە چاک دەکات |
| – تا کۆتاییی پرۆسەکە | – بەپێی دەرفەت |
| – توانای نووسەر پێش دەخات | – لەبەهای نووسەر کەم دەکاتەوە |
| – خاڵە بەهێزەکان تۆکمە دەکات | – خاڵە لاوازەکان ئاشکرا دەکات |
| – سەربەخۆییی نووسەر دەسەلمێنێت | – هەراسانی دەخولقێنێت |
| – دەسەڵاتەکانی لەگەڵ نووسەردا ڕێک دەخات | – هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدایە |

زۆر داڕێژەوە هەیە، ڕێنوێنیی ڕۆژنامەنووس ناکات، چونکە پێی وایە کاتێکی زۆر دەخایەنێت و پێی وایە، وا چاکترە خۆی گۆڕانکارییەکە بکات، بەتایبەتی ئەگەر کاتی بڵاوکردنەوەکەی هەواڵ یان ڕاپۆرتەکە هێندەی بەدەمەوە نەبوو، ناشبێت هەڵەکان تێ پەڕن. داڕێژەریش هەیە هەر لە سەرەتای نووسینەکەوە هاوکاریی ڕۆژنامەنووسەکە دەکات، تا کات ئەوەندە نەبات و دواجاریش دەستکاریی نەوێت.

ڕۆدریک مۆکۆمبێرای ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی "نگامی تایمز"ی بۆتسوانایی، دەڵێ: "ڕێنوێنی بەشێکی گرینگی کاری منە وەک داڕێژەوەیەکی هەواڵ، پێویستە داڕێژەوە هەر هەڵەکانی دوا بەرنووسی ڕۆژنامەنووسەکە چاک نەکاتەوە، بگرە لە کاتی ئامادەکردن و گواستنەوەی هەواڵەکەدا دەخاڵەت بکات – ئەودەمەی ڕۆژنامەنووس دەیەوێت بڕگەی سەرەکی دەستنیشان بکات – بۆ ئەوەی کارەکەیان کاتێکی زۆر نەبات.

داڕێژەوەی ڕێنوێنیکار لەگەڵ ڕۆژنامەنووسدا دەدوێت پێش ئەوەی نووسینگەی هەواڵ جێ بێڵێت، کاتێک لە شوێنی ڕووداوەکەوە پێوەندیی پێوە دەکات، بەگەیشتنەوەی بۆ نووسینگەی هەواڵ و بەر لەوەی دەست بەنووسین بکات و چەند پرسیارێکی ئاسان و سادەی لێ دەکات تا هاوکاریی ڕۆژنامەنووسەکە بکات جەخت لەسەر چی دەکات، وەک:

* چی ڕووی داوە؟
* هەواڵ یان ڕاپۆرتەکەت دەربارەی چییە؟
* خەڵک پێویستە چی بزانن؟
* چۆن دەتوانیت ئەوە ڕوون بکەیتەوە؟
* ڕات بەرانبەر چیرۆکەهەواڵەکەت چییە تا ئێستا؟
* چی پێویست بەهەوڵی زیاتر هەیە؟
* پێویستە دوای ئەوە چی بکەیت؟
* چۆن دەتوانم هاوکاریت بکەم؟

ئەو داڕێژەرانەی بەڕاستی ڕێنوێنی ڕۆژنامەنووس دەکەن، بۆ هەر هەڵێک

دەگەڕێن تا ڕێز لە ڕۆژنامەنووسەکە بنێن و لە هەر کارێکدا هانی بدەن. کاتێک ئاماژە بەکێشەکانیش دەکەن، زۆر کەم باس دەکەن. گیل گایسلەر لە ئەنیستیتۆی پۆینتەر دەڵێ: " کاتێک ڕێنوێنی دەکەم، لەسەر دەستم دادەنیشم، تا دەستم بەر ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسەکە نەکەوێت، گوێ لە چیرۆکەهەواڵەکەی ڕۆژنامەنووسەکە دەگرم و هەندێک پرسیاری لێ دەکەم کە پێویستیەتی".

ڕێنوێنی، ڕۆژنامەوانییەکی چاکتر بەرهەم دێنێت لە نووسینگەیەکی نووسین و داڕشتنەوەدا کە ژینگەکەی مرۆڤانیتر بێت، لەوێدا، گفتوگۆ پاداشتە نەک سزا. چونکە خەڵکیش بیریانە چی دەکەن، دواجار ڕێنوێنی، هاوکاریی ڕۆژنامەنووس دەکات، کارەکەی چاکتر و جوانتر بێت.

مانشێتە سەرەکییەکان، ژێرنووسی وێنەکان و دەستەواژە سەرنجڕاکێشەکان

جگە لە داڕشتنەوەی چیرۆکەهەواڵەکانی ڕۆژنامەنووسان، داڕێژەوان، ئەرکی پەیداکردنی بابەتی زیاتر بۆ ئەو بابەتانەشیان لە ئەستۆدایە. لە ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێتدا، داڕێژەوان، مانشێتە سەرەکییەکان و ژێرنووسی (کۆمێنت) وێنەکانیش دەنووسن. مانشێتی سەرەکی، هاوکات کورتە و ڕێکلامیشە. ڕوونکردنەوەیەکی کورت و خێرا دەربارەی چیرۆکەهەواڵەکە دەداتە جەماوەر و ئاگادارییان دەکات بۆچی دەبێ بایەخ بەو هەواڵە بدەن. بەڵام ژێرنووسی وێنەکان، خوێنەران لە نێوەرۆکی وێنە یان هێمای تابلۆکە ئاگادار دەکاتەوە. سەبارەت بەڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، دەرهێنەران بەرپرسن لە نووسینی مانشێت و ناونیشانی هەواڵەکان و ئەو ڕستانەی بە (دەستەواژەی سەرنجڕاکێش) دەناسرێن کە بریتین لە کۆمەڵێک ڕستەی کورت و ڕەوان دەربارەی بەرنامەکانی داهاتوو، مەبەستیش لەم ڕستانە؛ ڕاکێشان و هاندانی گوێگران و بینەرانە لەگەڵ پرۆگرامەکان بمێننەوە و ڕاپۆرتەهەواڵەکانی دادێ ببینن.

مانشێت، وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، کورت و باڵکێشە. لە ڕۆژنامەوانیی نووسراودا، مانشێتی سەرەکی، چیرۆکەهەواڵی سەرەکیی ئەو ڕۆژە کورت دەکاتەوە و هاوکاریی ڕێکخستنی هەواڵەکانی دیکەش دەکات. لە ڕێی

بەکارهێنانی قەوارەی جیاوازی پیتی مانشێتەکانەوە، بایەخی هەریەک لە هەواڵەکان ڕیزبەند دەکات. داڕێژەرە چاکەکان هەوڵ دەدەن خاڵی سەرەکیی هەواڵەکە بخەنە نێو مانشێتی سەرەکییەوە، بۆیە پێویستە سەرلەبەری چیرۆکەهەواڵەکە بخوێننەوە و تێی بگەن، بەر لەوەی مانشێتی سەرەکی بنووسن. هەروەها پێویستە لە یەکەیەکەی برگە و وێنەکانی هەواڵەکە ورد بنەوە، تا ئەگەر خاڵی سەرەکی ڕوون نەبوو، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکەدا ڕاوێژ بکەن، نەک مانشێتێک دابنێن خاڵی سەرەکی دەرنەبڕێ، ئەو کاتیش مانشێتەکە لە خشتەبەر و هەڵە دەردەچێت. جیا لەوانەش، هەرکاتێک داڕێژەرێکت بینی نیگەران و سەرقاڵ بوو، ئەوە چیرۆکەهەواڵەکە، کەموکورتیی تێدایە و کاری زیاتری گەرەکە.

زمانی مانشێت دەبێ ڕاست و ڕەوان بێت. وا چاکترە ناوی تەواو و کرداری ڕانەبردوو لە مانشێتدا بەکار بێت، چاکترە ئەگەر پیتەکانی لکاندن و کرداری (کرد، دەکات... ) بەکار نەیەت. ئەو چیرۆکەهەواڵەی باسی دەستگیرکردنی ئافرەتێک دەکات کە لەگەڵ برادەرەکەیدا، زنجیرەیەک بانکیان بڕیوە، ڕەنگە مانشێتەکەی بەم شێوەیە بێت: دزێک، برادەرێک سەبارەت بەبڕینی بانکێک دەستگیر کران. بەڵام خۆت لەوە دوور بخەرەوە ئەوەی داڕێژەران زمانی مانشێتە سەرەکییەکانی پێ دەڵێن، چونکە جاری وا هەیە، داڕێژەر تەنیا لەبەرئەوەی کورتە، مانشێتێک هەڵدەبژێرێت. بەدەگمەن نەبێت خەڵک، هەندێک وشەی وەک؛ دەیپشکنێت، لێی وردەبێتەوە، وەردەگرێت و خەڵک کۆ دەکاتەوە، لە قسەکانیاندا بەکار ناهێنن. بۆیە ئەو کردارانە بۆ مانشێتیش بەکەڵک نایەن.

پێویستە مانشێتی سەرەکی لەگەڵ جۆری چیرۆکەهەواڵەکەدا بگونجێت. چیرۆکەهەواڵە سەرەکی و ڕاستەوخۆکان، کورتەیەکی ڕاستەوخۆیان پێویستە، وەک ئەم مانشێتە سەرەکییەی ڕۆژنامەی"زە زیمباوێ ئیندیپێندەنت": "قاچاخچییەکان بڕێک بەرهەمی زێڕی زیمبابوێ قووت دەدەن" دەبینین چۆن مانشێتی سەرەکی زۆر بەوردی خوێنەر لە نێوەڕۆکی سەرەکیی هەواڵەکە ئاگادار دەکاتەوە. بەڵام مانشێتی وتارە تایبەتەکان، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ نێوەڕۆکەکە دەکەن، چونکە لە بنەڕەتدا بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەر دەنووسرێن، بۆ نموونە، ڕۆژنامەی بۆینس ئایرس

هیراڵدی ئەرجەنتینی ئەم مانشێتەی بۆ هەواڵی کۆنسێرتێکی نوێی گۆرانی داناوە:"مادۆنای ڕووخۆش، میلی کاتژمێر بەرەو دوا دەگێڕێتەوە".

لەبەرئەوەی دەبێ مانشێتی سەرەکی بەپێی ڕووبەرێکی گونجاو بێت، داڕێژەری ڕۆژنامە، مانشێتەکان وا دەنووسێت، بوارێک بۆ وێنەکەی بمێنێتەوە. لەمبارەوە، جۆل پیسیزنەری داڕێژەرەوەی ڕۆژنامەی نیویۆرک ستار لیدگەری ئەمریکایی دەڵێ: "وشەکان لە پاڵ یەکدیدا ڕیز دەکەم وەک چۆن نامەیەکی پارچەپارچەکراوی تایبەت بەڕووداوێکی ڕفاندن کۆبکەیتەوە، تێکەڵیان دەکەمەوە و بەراوردیان دەکەم". لەوانەیە ئەمە کارێکی خۆش بێت، بەڵام دەبێ هەموو کاتێک خوێنەرت لەبیر بێت. خۆت لە دەستەواژە باونەماو و کۆنەکان بپارێزە و دەبێ زۆر ئاگاداری ئەو وشانە بیت کە هاوکات دوو مانا دەدەن. ئەو مانشێتە سەرەکییانەی داڕێژەرانیان زۆر لە خەمی کۆمێدیبوون یان زیرەکایەتی نواندن یان داگیرکردنی بیروهۆشی خوێنەراندان، زۆربەی جاران شکست دێنن. پێش هەر شتێک، دەبێ مانشێتی سەرەکی، ورد و ڕاست بێت، نەک لەخشتەبردن. ئەوەی لە مانشێتی سەرەکیدا دەنووسرێت، پێویستە لە نێو چیرۆکەهەواڵەکەدا هەبێت. هیچ شتێک هێندەی ئەوە خوێنەر بێزار ناکات، چیرۆکەهەواڵێک ئەو بابەتەی تێدا نەبێت کە لە مانشێتدا ئاماژەی بۆ کراوە.

ئامانجی دەستەواژە وروژێنەرەکان لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا بەگشتی، وەک ئامانجی مانشێتە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەوانی، ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرانە بۆ پاشماوەی چیرۆکەهەواڵەکان، ئەو دەستەواژانەش هەمان بنەما پیشەییەکانی مانشێتە سەرەکییەکان دەیانگرێتەوە. پێویستە دەرهێنەران چیرۆکەهەواڵەکە ببینن و لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکەش بدوێن، ئەوکات ڕستە سەرنجڕاکێشەکان بنووسن. وشە باونەماو و دواکەوتووەکان، بۆ ڕستە سەرنجڕاکێشەکان نابن وەک چۆن بۆ مانشێتیش ناشێن. هەروەها پێویستە سەرنجڕاکێشانەکە نەگاتە ڕادەی زێدەڕۆیی و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشبینییەکانی گوێگر یان بینەر و بەهەڵەیدا ببەن.

ڕستە وروژێنەرەکان بەوە لە مانشێتی ڕۆژنامە و کۆوار جیا دەکرێنەوە؛ دەبێ

لەڕووی زمان و ڕێزمانەوە، ڕستەی تەواو بن. دەتوانرێت بەتەنیا بڵاو بکرێنەوە و ناوبڕ و ڕێکلام بکەوێتە نێوانیان و چیرۆکەهەواڵەکەوە. دیسان ڕستە وروژێنەرەکان مەرج نییە، وەک مانشێت، کورتکراوەی هەواڵێک بن، چونکە ئامانجەکەی تەنیا هێشتنەوەی گوێگر یان بینەرە بەدیار بەرنامەکانەوە، هەربۆیە دەرهێنەران لە نێو ڕستەکاندا، هەندێک پرسیاری بێ وەڵام دەوروژێنن، هەستێک، حەزێکی چاوەڕوانیی بەرنامەکانی داهاتوو، لای بینەر یان گوێگر دەخوڵقێنن.

بۆ دەرککردنی جیاوازیی نێوان مانشێتە سەرەکییەکانی ڕۆژنامە و ڕستە وروژێنەر و سەرنجڕاکێشەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، بڕوانە بڕگەی دەستپێکی ئەم چیرۆکەهەواڵەی ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمزی ئەمریکایی کە لە عەممانی پایتەختی ئەردەنەوە بۆی چووە:"ڕۆژی یەکشەممە ئافرەتێکی عێراقی لە تەلەڤیزیۆنی ئەردەنیدا پێشان درا و ئافرەتەکە دانی بەوەدا نا چوارەمین ئەندامی ئەو گرووپە خۆکوژەی ڕێکخراوی قاعیدەیە کە هەفتەی پێشوو، پەلاماری سێ هۆتێلی ئێرەیان دا و بووە هۆی کوژرانی ٥٧ کەس". مانشێتە سەرەکییەکەی هەواڵەکەش"ئافرەتێکی عێراقی بەهێمنی دان بەوەدا دەنێت چۆن هەوڵی داوە هۆتێلێک بتەقێنێتەوە". بەڵام هەر دەربارەی هەمان هەواڵ، ڕستە وروژێنەرەکانی پرۆگرامەکانی سەرلەئێوارەی کەناڵی NBC ئەمریکایی، بەم شێوەیە بوون:"ئەو ئافرەتە کێیە؟ بۆچی ڕازی بوو ببێتە چوارەمین ئەندامی گرووپێکی خۆکوژ بۆ تەقاندنەوەی هۆتێلێک لە عەممان؟ درێژەی ئەم هەواڵە بۆ هەواڵنامەی ئێوارەی ئەمڕۆ. ڕستەکانی تەلەڤیزیۆنەکە، باس لە دانپێدانانی ئافرەتەکە ناکات، بەڵام لە جیاتی ئەوە، بەڵێنی وەڵامدانەوەی پرسیاری بینەر لەبارەی ڕۆڵی ئەوەوە، دەدات.

هەروەها، ئامانج لە ژێرنووس و ڕوونکردنەوەکانی ژێر وێنەکان، جیاوازە لە ئامانجی مانشێت. لە جیاتی کورتکردنەوەی نێوەڕۆک، وەک مانشێت دەیکات، ژێرنووسەکان، هاوکاریی خوێنەر دەکەن بزانێت ئەو وێنەیەی نێو چوارچێوەکە چییە، وێنە و کۆمێنت یان ژێرنووسەکەی، بۆ خۆیان چیرۆکێکی کورتی سەربەخۆن و خوێنەر بێ گەڕانەوە بۆ چیرۆکەهەواڵەکە، تێ دەگات مەسەلەکە چییە.

پێویستە کۆمێنت و ژێرنووسی وێنەکان، پێناسەی ئەو کەسانە ڕوون بکاتەوە کە لە وێنەکەدا دەرکەوتوون. خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی لە وێنەکەدا دەرکەوتوون زۆربوون، پێویستە بۆ خوێنەر ڕوون بکرێتەوە، بۆ نموونە"تەپلە بەسەرەکە"، ئەوەی لای ڕاست" بەم ڕستانە کەسیەتیی مەبەست بەخوێنەر بناسێنرێت. نابێت لە پاڵ وێنەدا بەشێکی مانشێتەکە یان ڕستەیەکی هەواڵەکە، وەک خۆیان دابنرێن. مەرجیش نییە، کۆمێنتەکە ئەو بەشەی وێنەکە ڕوون بکاتەوە کە خۆی بەڕوونی دیارە. بۆ نموونە، ئەگەر بنووسی"کارلۆس فێرناندیز بەزەردەخەنەوە لە فڕۆکەکە دادەبەزێت"، کاریگەریی کەمترە لەوەی بنووسیت"کارلۆس فێرناندیز خۆشحاڵە پاش ١٥ ساڵ دوورخستنەوە دەگەڕێتەوە".

زۆربەی کۆمینتەکانی وێنە، کورتن، لە دێرێک ئەوپەڕی دوو دێر بەفۆنتی بچووک تێ ناپەڕن. بەڵام جاری وا هەیە ڕۆژنامە یان سایتێکی ئەلیکترۆنی، لە بۆنەیەکی تایبەتدا، چەند وێنەیەک بەکۆمێنتی درێژەوە بڵاو دەکەنەوە لەگەڵ ڕیپۆرتاجێکی هەواڵانی درێژدا، ڕەنگە هەندێک لەو کۆمینتە درێژانە قسە و وتەی کەسانی نێو وێنەکان بن.

## وێنە و خشتەی ڕوونکاری و مۆتیڤ:

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ڕۆژنامە کاردەکەن، هەندێک جار هەست بەبێزاری دەکەن لە بەکارهێنانی وێنە یان خشتەی ڕوونکاریی و مۆتیڤ، لەبەرئەوەی ڕووبەرێکی زۆر دەگرن و ناچاریان دەکات، ڕاپۆرت یان ڕیپۆرتاجەکانیان کورت بکەنەوە. بەڵام وێنە یان خشتەی ڕوونکاریی چاک، ڕاپۆرتەکە جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەکات و وادەکات خوێنەر ئاسانتر لە چیرۆکەهەواڵەکە تێ بگات. وێنە ڕوونکارییەکان، ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەنووسان بەهێز دەکەن نەک لاواز. وێنە و خشتەی ڕوونکاری، وەک ڕۆن ڕیزۆنی نەخشەساز و دیزاینەری ڕۆژنامە دەڵێ: "زانیارین نەک هێڵکاری – زەخرەفە –".

پێویستە لە پشت بڵاوکردنەوەی هەر وێنە و خشتەیەکی ڕوونکارییەوە، مەبەستێک هەبێت، دەنا بۆ شوێن پڕکردنەوە و کات کوشتن نییە. پێویستە هاوکاریی خوێنەر بکات، باشتر چیرۆکەهەواڵەکەی بۆ ڕوون بێتەوە، کەواتە دەبێ

داڕێژەرەوە، زۆر بەجوانی چیرۆکەهەواڵەکە بخوێنێتەوە و تێی بگات، ئەوکات وێنە یان خشتە ڕوونکارییەکەی دیاری بکات. هونەرمەندانی وێنە ڕوونکارییەکان، وێنە و خشتە و مۆتیڤەکان دەکێشن، ئەرکی داڕێژەرەوە، داڕشتنی بیرۆکەکە و ئەو زانیارییانەی دەبێت لەو وێنە و خشتانەدا هەبن و لێوردبوونەوەیانە.

وێنە و خشتە ڕوونکاری و مۆتیڤەکان، دەتوانن ڕاستیگەلێکی بنەڕەتی ڕوون بکەنەوە یان پرۆسێسێک وێنا بکەن. ئێستا وا مەزەندە بکە ڕاپۆرتێک دەربارەی پیسبوونی ژینگەی وڵاتەکەت ئامادە دەکەیت. دەتوانیت بەنەخشەیەک، ئەو ناوچانە دیاری بکەیت ژینگەکەیان دووچاری بەرزترین ڕێژەی پیسبوون هاتووە، هاوکات بەوێنەیەکیش، چۆنیەتیی کاریگەریی پیسبوونی هەوا لەسەر سییەکانی مرۆڤ ڕوون بکەیتەوە. خشتە و وێنەکەش، دەتوانرێت لە ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆندا بەکاربێن.

لە هەر جۆرە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کار بکەیت، پێویستە خۆت لە خشتە و وێنەی ڕوونکاریی پڕ زانیاری بپارێزیت. هەروەها پێویستە هەر خوێنەر یان بینەرێک کە لە خشتە و وێنە ڕوونکارییەکە ورد دەبێتەوە، بەیەک بیرۆکە دەرچێت، نەک کۆمەڵێک بیرۆکە و وێنە و خشتەکە مەبەستی خۆیان نەپێکن. خشتە یان وێنەی ڕوونکاری، ڕۆڵی هێماکانی سەرەڕێگەی هاتوچۆ دەبینن کە بۆ ڕێنوێنیی شۆفێرەکان دادەنرێن و پێویستە ئەوەندە ئاسان و سادە بن، بینەر بەخێرایی تێیان بگات.

با وای دابنێین، چیرۆکەهەواڵێکت هەیە باسی بودجەی ئەمساڵی شار دەکات کە سێ قاتی بودجەی دە ساڵ لەوەوبەرە، بەڵام دوای خوێندنەوە و وردبوونەوە، دەبینیت زۆربەی زیادەکە، هی سێ ساڵی ڕابردووە، بەکارهێنانی خشتەیەکی ڕوونکاری کە بودجەی هەر دە ساڵەکەی تێدا نووسرابێت، ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ ڕوونکردنەوەی هەواڵەکە.

بۆ خوێنەر و بینەر، ئەو زانیارییەی بەوێنە و خشتە دەدرێن، لە قسەی ڕووت ئاسانتر وەردەگیرێن. بۆ نموونە، ڕاپۆرتێک دەربارەی کۆچی دانیشتووانی گەڕەکێکی شار لە ئەنجامی فراوانبوونی کاری بازرگانییەوە ئامادە دەکەیت،

دەتوانیت ژمارەی ئەپارتمانەکانی نیشەجێبوون و نووسینگە و دەزگا بازرگانییەکانی گەڕەکەکە بنووسیت. بەڵام بەکارهێنانی خشتەیەکی بازنەیی کە هەردوو جۆرەکەی تێدا ڕوون کرابێتەوە لەپاڵ بەراوردی هەردوو بەشەکە، زۆر باشترە. تا بکرێت بەراوردکردنی ڕێژەکان لە بەراوردکردنی ژمارەکان چاکترە. ئاخر کاتێک نووسیت ژمارەی مردووانی شارێک بەهۆی ئایدزەوە، دوو هێندەی مردووانی ئایدزی شارێکی دیکەیە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتووانی شاری یەکەم دە هێندەی شاری دووەمە، خەڵک بەهەڵەدا دەبەیت. بۆ ئەوەی بەراوردەکەت، دروست و بەویژدانانە بێت، پێویستە ڕێژەی مردووانیان لە بەرانبەر ژمارەی دانیشتووانەکانیاندا بنووسیت. پێویستە داڕێژەرانی هەواڵ، لە ئامارەکان تێ بگەن و زۆر بەڕوونی، پابەندی بەکارهێنانیان بن، تا هاوکاریی بینەر و خوێنەر بکەن، بەوردی لە بابەتەکە تێ بگەن.

## سەرپەرشتی:

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، داڕێژەرەوان، لە پاڵ ئەوەی ڕۆژنامەنووسن، کارگێڕێکی سەرپەرشتیکاریشن، هاوکاتی کارڕاپەڕاندنی ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا، سەرپەرشتیی پێشڤەچوون و قاڵبوونیان دەکەن. داڕێژەران هەل دەقۆزنەوە تا ڕا و بۆچوونێکیان لەبارەی کاری ڕۆژنامەنووسانەوە دەربڕن – جا زارەکی بێت یان نووسین –، ئەو ڕا و بۆچوونەی هاوکاریی ڕۆژنامەنووس دەکات ئاستی خۆی چاکتر بکات. هەروەها زۆر داڕێژەر هەن، ئەرکیانە ڕای خۆیان ساڵانە لەبارەی کاری هاوکارەکانیانەوە بدەن، دیارە ئەمەیان زیاتر خەسڵەتێکی فەرمیی هەیە.

ڕا و بۆچوونەکانی داڕێژەران ڕووبەڕوو بێت یان بەنووسین، پێویستە دیاریکراو و لەکاتی خۆیاندا بن. هەندێک داڕێژەر وای پێ باشە، ڕا ئەرێنییەکانی بەئاشکرا ڕابگەیەنێت و نەرێنییەکانی تەنیا لە نێوان خۆی و ڕۆژنامەنووسەکەدا بێت. زۆربەی داڕێژەران، پێیان وایە، تەرخانکردنی دانیشتنی تایبەت بۆ دەربڕینی ڕا و بۆچوون دەربارەی کاری ڕۆژنامەنووسانی هاوکاریان، چاکترین ڕێگەیە بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان سوود لەو سەرنج و تێبینییانە وەرگرن و ئەوەش مافی خۆیانە.

دەرفــەتدان بـەرۆژنامــەنووســانی دەزگــایـەکی ڕۆژنـامــەوانی، تـا بـەیناوبـەین، هەڵسەنگاندنی کارەکانیان گوێ لێ بێت و بزانن چییان کردووە و چۆنە، کارێکی باشە، تا لە هەڵسەنگاندنی ساڵانەدا ڕووبەڕووی هیچ ئەنجام و هەڵسەنگاندنێکی لە ناکاو و پێشبینینەکراو نەبێتەوە.

دەبێ داڕێژەران و بەڕێوەبەران، ڕێگەیەک بدۆزنەوە تا لە هەڵســـەنگاندنی واقیعیی هاوکارانیان بۆ کارەکانیان ئاگادار بن. ڕەنگە ئەوەش لە ڕێگەی ڕاوێژ و گفتوگۆی لاوەکی و نافەرمییەوە یان لە ڕێی پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسییەوە بێت، بەبێ ئەوەی ڕاپرسـراو ناوی خـۆی بنووسـێت. گـرینگ، لە هـەردوو حـاڵەتەکـەدا، بەڕێوەبەر داوای ڕای ڕاشکاوانە و ڕوون بکات. خـۆی لـە هـەڵگرتنی ڕق و کـینە بپــارێزێت، ئـەگــەر ئەنجــامــەکــانی بەدڵ نـەبوو، پرسـی هـەرە ســەرەکی بەلای داڕێژەرانـەوە ئەوەیە، بزانـن کـارەکـانیـان چۆنە و ڕای هـاوکـارانیـان دەربـارەیان چۆنە، تا ئەگەر کەموکورتییەک هەبوو نەیهێڵن و کارەکەیان چاکتر بکەن.

داڕێژەرەوان و بەڕێوەبەرانی هەواڵ، زەمـینەسـازی یەکـەمـی کـەشـوهـەوایەکی ئەرێنی هـاوکـارانـەن لە نووسـینگەکـانی داڕشـتنەوەی هەواڵدا، هەروەها هێنانە ئارای کـولتـوورێکی ئەرێنی و داڕشتن و چەسـپـاندنی هـەندێک پێـوەر و بـەهـای هاوبەشی کارمـەندانی نووسینگەکە. داڕێژەرانی سـەرکەتوو، خۆیان لە خۆخۆیی دەپارێزن، هـانی گــفــتــوگــۆ و گــۆڕینـەوەی ڕاشکاوانـەی ڕا و بۆچوونی نێــوان کارمەندانیان دەدەن. داڕێژەری لێهاتوو بەشێوەیەکی ڕێکخراو کۆبوونەوەی گشتی دەبەستێت تا دڵنیا بێت لەوەی تەواوی کارمـەندان لە ئامانجی دەزگاکە ئاگادارن. دەبێ بەڕێوەبەران و داڕێژەران کاتێکی زۆر بۆ بەرزکردنەوەی ورەی کـارمـەندانیان تەرخـان بکەن و لە سـەرکـەوتنەکانـدا ئاهـەنگ بگێڕن و پاداشـتی کـارە باشـەکـان بکەن. ڕێزلێنانی ئاشکرای کاری باش لە بەردەم جەماوەردا، گرەنتی بەردەوامی و دەسکەوتنی کاری باشترە.



## وەشانی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی و ئەلیکترۆنی

ڕۆژنامەوانیی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی و ئەلکترۆنی، ڕۆژنامەوانییەکن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و پێداویستیی زیاتریان گەرەکە، زیاتر لەوەی تا ئێستا باسمان کردوون. ڕۆژنامەوانانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، تەنیا وشە بەکار ناهێنن، بگرە دەنگی خەڵک و خۆیان و ڤیدیۆ لە ئامادەکردنی چیرۆکەهەواڵەکانیاندا بەکار دەهێنن. ئەوەی دەینووسن، بۆ ئەوەیە جەماوەر گوێی لێ بێت نەک بیخوێنێتەوە. ڕۆژنامەنووسانی ئینتەرنێت، وەک ڕۆژنامەنووسانی تەلەڤیزیۆن، دەتوانن دەنگی لێدوانی خەڵک و دەنگی خۆیان و وێنەی ڤیدیۆییش بخەنە نێوەڕۆکی ڕاپۆرتەکانیانەوە. ئەمانە و هەندێک ڕەگەزی دیکەش، تا خەڵک بتوانن بەجوانی گوێ لە ڕاپۆرتەکە بگرن و لێی وردبنەوە بەو خێراییەی دەیانەوێت.

هەر بۆ ئاسانکردنیش، وشەی "وەشاندن" بۆ ناوهێنانی تێکڕای هەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بەکاردەهێنین، جا زیندوو بێت یان لە ڕێی کێبڵەوە یا مانگە دەستکردەکانەوە.

### جۆر و مەرجەکانی چیرۆکەهەواڵی وەشێنراو:

جۆرە سەرەکییەکانی چیرۆکەهەواڵ بریتین لە "خوێندنەوە" یا "خوێنراوە" و " دەنگی بێژیار" بێ ئەوەی نە وێنەکەی و نە ئەوەی دەخوێنرێتەوە دەربکەون. جۆری یەکەم واتە؛ چیرۆکەهەواڵی خوێنراوە، دروست وەک بەناوەکەشیدا دیارە، ئەو چیرۆکەهەواڵەی بێژیارێک دەیخوێنێتەوە، بێ ئەوەی نە وێنەی ڤیدیۆیی و نە

بەشـەدەنگی هیـچ کەسـێکی دیکەی لەگەڵدا بێت. بەڵام جـۆری دووەم، واتە "دەنگی بێژیار" (هەرکەسـێک چیرۆکەهەواڵەکە دەگێڕێتەوە)، دەربڕینێکی تەلەڤیـزیۆنییە بۆ چیـرۆکـەهەواڵێک بەوێنەی ڤـیـدیۆیی پێـشکێش دەکـرێت بێ ئەوەی بـەشـەدەنگی (بەشــەدەنگ، واتـە؛ دەنگ یان وێنە و دەنـگی ئەو کــەسـانەی وەک شــایەتحــاڵی هەواڵەکـە وەردەگیـرێن) تێدا بەکـار بهـێنرێت، لەلایەن بێـژەرێکەوە هەواڵەکـە یان ڕاپۆرتەکـە دەخـوێنرێتـەوە و وێنە ڤـیـدیۆییـیـەکـەش پێـشـان دەدرێت. هـەمـوو ئەم جۆرانـەش باسـمـان کردن، چیـرۆکـەهـەواڵی کورتن، واتە؛ مـاوەکـەیان کـەمـتـر لە خولەکێکە، جاری وا هەیە ١٠ تا ١٥ چرکە دەبن.

چیرۆکەهەواڵی تەواو و کامڵ، لە گێڕانەوەی ڕۆژنامـەنووسـەکـەدا، بەوەرگرتنی هەندێک "بـەشـەدەنگ" و وێنـەی هـەواڵەکـە و دیمەنی شـوێنی ڕووداوەکـە پێک دێت، جـاری وا هـەیە ڕۆژنـامـەنووسـەکـە یان داڕێژەرەوەکـە، هـەندێک وێنە و خـشـتـەی ڕوونکـاریش بـەکــار دەهێـنن. ئەم جــۆرە چیــرۆکــەهـەواڵـە دەکــرێت بـەزینـدوویی پێشکێش بکرێت یان بەتۆماری. ئەڵبـەت ماوەی ئەم جۆرەیان درێـژە و ڕەنگە خۆی لە ٦ _ ٧ خـولەک بدات، درێژییـەکـەشـی زیاتر پێـوەندیی بەمـاوەی هـەواڵنامـەکـەوە هـەیە. ئەم جۆرە وەک باوە، بەپێشـەکـییـەکی کورتی بێژەری هـەواڵنامـە پێشکێش دەکرێت و ڕەنگە هـەر بێژەرەکە بەپشتبەسـتن بەزانیارییـەکانی ڕۆژنامـەنووسـەکـە، کۆتاییەکیشی بۆ ئامادە بکات.

جــۆرێکی دیکە لـە چیــرۆکــەهـەواڵی ڕادیۆیی یان تـەلەڤــیــزیۆنی، بە"دەنگی سـرووشتی" دەناسـرێت. ئەم جۆرەیان زیاتر لە تەلەڤیزیۆندا بـەکاردێت، ئەگـەرچی جــارجــارێکیش لـەڕادیۆدا بـەکــار دەهـێنرێت. ئەم جــۆرەیـان هیـچ دەنگێکی ڕۆژنامــەنووســەکــە و ڕیزبـەندییــەکی تێـدا نـیـیـە، بگرە ئەوانـەی هـەواڵنامــەکــە دەخـوێننەوە، چیرۆکەهەواڵەکە بەدەنگی خۆیان دەگێڕنەوە. ئەم جـۆرە هیـچی لە جـۆرەکـانی دیکە کـەمـتـر نـیـیـە، بەڵام ڕەنگـە دەرەنجـامـەکـانی زۆر کـاریگـەر بن. پێویستە لـەسـەر وێنەگرە ڕۆژنامەوانییانەی بێ ئامـادەبوونی پەیامنێرێک ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە ئـامـادە دەکـەن و بەرهـەمی دێنن، پێـویسـتـە، دڵنـیا بن لـەوەی زانـیـارییـە سـەرەکییـەکانیـان لە کـاسێتێکدا تۆمـار کـردووە، بەپێچەوانـەوە؛ ئەنجامـەکـان بێ سوود و بێ مانا دەبن.

## نووسین بۆ ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن:

هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، بۆ گوێی گوێگر دەنووسرێت، نەک چاوی. بۆیە پێویستە نووسەران هەواڵێک بنووسن بەدەنگی بەرز بخوێنرێتەوە: هەواڵێکی ڕوون بەزمانێکی ڕەوان پێشکێش بکرێت و بەئاسانی خەڵک تێی بگەن. بەپێچەوانەی خوێنەرانی ڕۆژنامە و ئینتەرنێتەوە، گوێگرانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، دەرفەتیان نییە ئەگەر لە هەواڵێک تێ نەگەیشتن، جارێکی دیکە دووبارە بەسەریدا بچنەوە. جارێکیان "ئاد پلیس"ی داڕێژەری هەواڵەکانی کەناڵی "سی بی ئێس"ی ئەمریکایی نووسیبووی"وشەکان دەگوترێن، کە لە زاریش دەرچوون ئیدی ناگەڕێنەوە".

نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی وەشاندن، لە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامە کورتتر دەنووسن. ئاخر ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا تەواوی ماوەکەی هەواڵنامە پڕ دەکەنەوە، تەنیا دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەیان پێویستە، لە هەواڵنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا، ناتوانرێت هەر شەش خاڵە سەرەکییەکەی چیرۆکەهەواڵەکە ڕوون بکرێنەوە: واتە؛ کێ، کەی، لە کوێ، چی، بۆچی، چۆن، ئەوانەی لە بەشی دووەمدا باسمان کردن، چونکە هەواڵەکە زۆر درێژ دەبێتەوە و لەوانەشە هەندێکیان هەر دەست نەکەون، بۆیە ڕۆژنامەوانەکە هەر کە توانی سێ لەو خاڵە سەرەکییانەی دەست بکەوێت، هەواڵەکە بڵاو دەکاتەوە و خۆی لە هەندێک وردەکاریی وەک؛ ناونیشان و تەمەن کە لە ڕۆژنامەی نووسراودا هەن، دەبوێرێت. بێژەران، ڕستەی کورت دەنووسن، تا بتوانن بەدەنگێکی بەرز و بی هەناسەبڕکێ، بیانخوێننەوە.

پێویستە ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، هەست بەشوێنەواری ئەو وشانەی دەینووسن لەسەر گوێگران بکەن. دەبێ هەردەم وەک شاعیرەکان، ئاگایان لە خێرایی و ڕیتم بێت. هەمیشە ئەم ڕستەیەی "ئەدوارد ئاڕ. مرۆ"ی پەیامنێری کەناڵی "سی بی ئێس"ی ئەمریکاییت لە بیر بێت کە هەواڵەکانی دووەمین جەنگی جیهانیی لە لەندەنەوە دەگواستەوە: لە پێرمنگهامەوە تا بەیتەلەحم، کارەبا نییە، بەڵام ئاسمانی بەریتانیا ئەم ئێوارەیە زۆر سافە. ئەم

ڕستەیە بۆ ئەوە نووسراوە گوێی لێ بگریت نەک بیخوێنیتەوە، وشەکانی سادەن، کۆتاییەکەشیان، ڕوون و ئاشکران.

دەبێ نووسەرانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن زۆر ئاگاداری زمانی نووسینەکەیان بن، لەوانەیە نووسینێک بەچاپکراوی گونجاو بێت، بەڵام کە بەدەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە زۆر ناشیرین دەردەچێت. کاتێک "لۆسێل پۆڵ"ی ژنە ئەکتەری کۆمیدیانی ئەمریکایی کۆچی دوایی کرد، ڕۆژنامەیەک بە"بۆڵ" بەکوردی واتە"تۆپ"، ناوی بردبوو، بەڵام کە ڕادیۆ هەواڵەکەی بڵاوکردەوە، بۆ خۆدوورگرتن لەو کێشەیە گوتی"لۆسێل بۆڵ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بەمەش لە مانای "بۆڵ"ی ئینگلیزی خۆی ڕزگار کرد. پێویستە نووسەرانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو وشانە دوور بگرن کە هاوکات دوو واتا یان زیاتر دەدەن. بۆ نموونە، وشەی Minor لە زمانی ئینگلیزیدا، واتە؛ کرێکاری کانەبەردینە، هاوکات، مانای پێنەگەیشتوو، یان بابەتێکی لاوەکی دەبەخشێت، بۆیە پێویستە نووسەران، ئەو وشانە بەشێوازێکی وا بەکار بێنن مانا و مەبەستەکەیان زۆر ڕوون بن، بەر لە بەکارهێنانیشیاندا بەدەنگی بەرز بیانخوێننەوە، تا لەکاتی خوێندنەوەیاندا لە هەواڵنامەدا، خۆیان لەو دوو واتایە ببوێرن.

سەرەڕای ئەوەی هەواڵەکانی وەشاندن بۆ ئەوە دەنووسرێن بەدەنگی بەرز بخوێنرێنەوە، بەڵام چۆنیەتیی گوتن و دانپێدانانی وشەکان زۆر گرینگە، زۆر جاران چۆنیەتیی گوتنەکە هەڵەکان دروست دەکات. ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بۆ ئەوەی لە ڕاستبێژیی وشە و دەستەواژەکانیان دڵنیا بن، وشەکان چۆن دەخوێنرێنەوە ئاوا دەنووسن. ئەوەی بایەخی گوتن و دانپێدانانی وشەکانی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زیاتر کردووە، زۆربەی کەناڵەکان، سایتێکی ئینتەرنێتیشیان بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێی هەواڵەکان هەیە، هەندێکیشیان تەکنەلۆجیای گۆڕینی تێکستە خوێندراوەکانیان بۆ نووسین هەیە تا بینەرە کەڕەکان تێی بگەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، گوتنی بەهەڵەی ناو و وشە بەکارهێنراوەکانی نێو هەواڵەکان، ناوبانگێکی خراپ بەکەناڵەکە و ڕۆژنامەنووسانی دەدات.

هەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن جیاواز لە ڕۆژنامە و ئینتەرنێت، بەشێوازێکی سادە و نزیک لە قسەکردنەوە دەنووسرێن. بەواتایەکی دیکە، پێویستە ڕۆژنامەنووسانی وەشاندن، چۆن قسان دەکەن، ئاوها بنووسن. بۆ نموونە؛ هەواڵێکی ڕۆژنامە دەنووسرێت"پیاوەکە بەئۆتومبێلێکی تۆیۆتای سوور هەڵات وەک پۆلیس ڕایگەیاند"، کەچی کە ئەم تێکستە لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەخوێنرێتەوە"وەک پۆلیس دەڵێ پیاوەکە بەتۆیۆتایەکی سور ڕای کردووە". بۆ ئەوەی ئەو شێوازی قسەکردنە لە دارشتنی هەواڵنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا نەشێوێت، پێویست بەبەکارهێنانی ناوی تەواو و نازناوەکان ناکات. بۆ نموونە؛ هەواڵێکی ڕۆژنامە دەنووسێت"خورشید مەحموود کاسووری وەزیری دەرەوەی پاکستان لەگەڵ سیلڤان شالۆمی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل کۆبووەوە"، بەڵام دەتوانیت لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا بڵێیت "وەزیرانی دەرەوەی پاکستان و ئیسرائیل کۆبوونەوە".

پێداگرتن لەسەر ڕەگەزی"نوێکەیی – الانیە" لە هەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا بایەخێکی واز لێنەهێنراوی هەیە. ئەگەر لە کاتێکدا تۆ ڕاستەوخۆ هەواڵەکان دەخوێنیتەوە، دەتوانیت، بگرە پێویستە بڵێی: "ئێستا سەرۆک بەباڵەفڕ بەرەو کیپ تاون بەڕێوەیە"، ئا ئەم ڕەگەزی "نووکەیییە"ی ئەم هەواڵە، زۆر بەهێزترە لەوەی بڵێی: "ئەمڕۆ سەرۆک بەباڵەفڕ بەرەو کیپ تاون دەچێت". بەشێوەیەکی گشتی، ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن زیاتر خۆیان لە ڕەگەزی کات دەبوێرن، مەگەر ڕووداوەکە ئەوکاتە یان ئەو ڕۆژە بووبێت. لە کاتێکدا ڕۆژنامەی چوارشەممە دەنووسێت "دوێنێ سێشەممە سەرۆک مبیکی بەباڵەفڕ گەیشتە کیپ تاون"، هەواڵنامەی سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەڵێت "سەرۆک مبیکی گەیشتە کیپ تاون". خۆ ئەگەر ڕاپۆرتە پەخشکراوەکە زانیاری زیاتر بدات و بڵێ "وا بڕیاریشە هەر ئەم بەیانییە لەگەڵ قوتابیانی کیپ تاوندا کۆبێتەوە"، گەلێک چاکترە.

## دەنگ:

ئەو"بەشـــەدەنگ"انەی ڕۆژنامـــەنووســـانی ڕادیۆ و تەلەڤـــیـــزیۆن لە چیرۆکەهەواڵەکانیاندا بەکاری دەهێنن، وەک گواستنەوەی وتەی کەسەکانە لە هەواڵەکانی ڕۆژنامە و ئینتەرنێتدا. بەڵام لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا هەنگاوێکی زیاتری پێویستە، ئەویش دڵنیابوونە لەوەی ئەو وتانەی وەری دەگریت، وتەی ڕوونن و خەڵک تێیان دەگات و زۆریش درێژ نین، چونکە لەوانەیە بەنووسین کورت بن، بەڵام کە دەگووترێن ماوەکەی درێژ بێت. گەر درێژیش بوو، ڕەنگە ڕاپۆرتەکەت لەکاتی بۆ تەرخانکراوی خۆی لابدات.

نووسەرانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن زۆر بایەخ بەکاتی دانانی "بەشەدەنگ"ەکان و تەواوبوونیان دەدەن. ئامانجیش، پاراستنی ئاسانیی ڕیتمی هەواڵەکەیە تا دواچرکە سەرنجی بینەر یان گوێگر ڕابکێشێت. ئەگەر بەشەدەنگەکە بەڕاناو دەستی پێ کرد، لەسەر نووسەری ڕاپۆرتەکە پێویستە، واتاکە ڕوون بکاتەوە و ڕستەکە بەشێوازێک داڕێژێت، لەگەڵ وشە و ڕستەکانی دواییدا بێتەوە، بۆ نموونە؛ لە قوتابخانەی گوندێکی دوورەدەستدا، ئەسپێ دەداتە سەروقژی قوتابیان، کە بەشەدەنگی سیستەرێکی نەخۆشخانە دادەنێی دەڵێ: "ئەوان دێن بۆ ئێرە و سەریان دەخورێنن و ئێمە دەزانین کێشەکە چییە، چونکە زۆر ئاشکرایە"، سەیر دەکەین ئەگەرچی ڕاناوی "ئەوان" لەم ڕستەیەی سیستەرەکەدا، ئاشکرایە مەبەستی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیەیە، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە مەبەستەکەی ڕوون نەکردبێتەوە، ڕاناو و ڕستەکان لەگەڵ یەکدی نایەنەوە. ڕۆژنامەنووس بۆ خۆپاراستن لەو تێکەڵییە، دەتوانێت بڵێ"بڵاوبوونەوەی ئەسپێ لەسەروقژی منداڵاندا، وای کردووە سیستەری وەک "ماری سمیس" ڕۆژانە خەریکی چارەسەری ژمارەیەکی زۆر منداڵ بێت.

جگە لە "بەشەدەنگ"، لەوانەیە چیرۆکەهەواڵەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، "دەنگی سروشتی"ی کاتی ڕووداوەکەیان تێدا بەکار بهێنرێت، دەنگی سرووشتی وەک، دەنگی ڕەشەبا، شاوری پۆلیس یان فیکەلێدانی منداڵان. بەکارهێنانی ئەم دەنگانەش لە دەستپێکی هەواڵ یان ڕاپۆرتەکاندا، لە هەندێ شوێنی جیهاندا،

پەیڕەوێکی ئاساییە. بەکارهێنانی ئەو دەنگە سروشتییانە، هەستێک دەداتە گوێگر و بینەر کە خۆی لە شوێنی ڕووداوەکەیە. یان لەوانەیە وەک ناوبڕی دوو بڕگەی جیاوازی نێوان ڕاپۆرتەکە بەکار بهێنرێت.

دەشێت دەنگە سروشتییەکان، بەئاستێکی نزمتر لە ئاستی دەنگی ڕۆژنامەنووسەکە بەکار بهێنرێت، یان ئەوەندە بەرز بکرێتەوە خەڵک بەتەواوی تێ بگەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هاوکاریی ڕۆژنامەنووس دەکات چیرۆکەکە چاکتر بگەیەنێت. ستیڤ سواتیزەری وێنەگری ڕۆژنامەوانیی ئەمریکایی دەڵێ: "بەکارهێنانی دەنگی سروشتی بۆ چیرۆکەهەواڵی تەلەڤیزیۆنی، زۆر پێویستە، دەنگەکە دیوی تەواوکەری وێنەکەیە".

**وێنە:**

تەلەڤیزیۆن، زۆر لەوە زیاترە، ڕادیۆیەکی وێنەدار بێت. ڕۆژنامەنووسە لێهاتووەکانی تەلەڤیزیۆن بەکۆکردنەوەی وشەو وێنە، ڕاپۆرتێکی بەهێز پێشکێش دەکەن. وێنەکان هەر ڤیدیۆیەک"کاغەزی دیوار" نین تەنیا بۆ جوانی بن، وێنەکان، بەشێکی سەرەکین لە چیرۆکەهەواڵەکەدا. دیمەنەکانن بەبینەر دەڵێن "چی ڕووی داوە"، کەچی وشەکان پێی دەڵێن "بۆچی ڕووی داوە". جارێکی دیکە وتەیەکی "ئاد پلیس" وەردەگرین کە دەڵێ: "بینین بۆ بڕواکردنە نەک بۆ تێگەیشتن".

پێویستە ڕۆژنامەنووسانی تەلەڤیزیۆن بزانن کام وێنانە بەکار دێن بەرلەوەی دەست بەنووسین بکەن. خۆ ئەگەر بکرێت هەموو دیمەنەکان ببین بۆ ئەوەی نووسین و وێنەکان گونجاو بن. ئەمەش مەسەلەی شێوازێک نییە، بگرە توێژینەوەکان سەلماندوویانە، بینەران زۆرچاک لەو چیرۆکەهەواڵانە تێ گەیشتوون کە وشە و دیمەنەکان تەواوکاری یەکدی بوون و لە یادەوەریشیاندا ماونەتەوە، بەڵام ئەگەر وێنە و وشەکان هاوئاهەنگ نەبوون، بینەران زیاتر وێنەکانیان بیر دەمێنێت و قسەکان لە بیر دەکەن. وای دابنێ ڕاپۆرتێک دەربارەی کاریگەریی زریانێکی گەورە لەسەر سووتەمەنی لە وڵاتێکدا بڵاو دەکرێتەوە. ئەگەر ڕاپۆرتەکە تەنیا جەختی لە زریانەکە و ئاسەوارەکانی کردەوە، ئەوا خاڵی سەرەکی لە بیر بینەران دەباتەوە، بەڵام ئەگەر دوای ئەوەی ئاسەوارەکانی زریانەکەی پێشان دا،

دیمەنی ئەو تانکەرانەی گواستنەوەی سووتەمەنی کە گیریان خواردووە یان سەرەیان گرتووە یان سەرەی خەڵکی کە بۆ بەنزین وەستاون پیشان دا، مانای وایە ڕۆژنامەنووسەکە کاریگەریی زریانەکەی لەسەر سووتەمەنی بۆ بینەران ڕوون کردەوە.

هاوئاهەنگیی وشە و وێنەکان، هەرگیز بەو واتایە نییە ڕۆژنامەنووس تەنیا شرۆڤەی ئەو وێنانە دەکات و تەواو. با وای دابنێین ڤیدیۆکە دیمەنی پیکابێک پێشان دەدات بەڕێگەیەکی خۆڵدا دەڕوات، ئەگەر ڕۆژنامەنووسەکە بڵێ "بنەماڵەی ڕۆبرستۆن لە کۆتاییی ڕێگایەکی خۆڵدا دەژین" هیچ سوودێکی نییە، چونکە شتێکی ئاشکرا باس دەکات، لە جیاتی ئەوە دەبێ زانیاریی دیکە باس بکات، بۆ نموونە بڵێ "وشکەساڵی وای کرد، خێزانی ڕۆبرتسۆن هیچ بەرهەمێکی وایان نەبوو بۆ فرۆشتن".

**هەواڵنامەکان:**

خوێنەرانی ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت، خۆیان بڕیار دەدەن هەواڵەکان چۆن وەردەگرن. بەڵام ئەو توانایە لای گوێگرانی ڕادیۆ و بینەرانی تەلەڤیزیۆن، زۆر کەمترە. خوێنەرێکی ڕۆژنامە ئازادە بەلاپەڕە یەک دەست پێ دەکات یان بەشی وەرزش یان کۆچکردووان، هەروا سەبارەت خوێنەرانی ئینتەرنێتیش، خۆیان بڕیار دەدەن کام بابەت دەخوێننەوە. بەڵام گوێگری ڕادیۆ و بینەری تەلەڤیزیۆن ئەو ئازادییەی نییە، هەواڵنامەکان وەک پێشتر بڕیاریان لێ دراوە، بڵاو دەبنەوە.

هەواڵنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، بەو هەواڵە دەست پێ دەکات بەلای دەرهێنەری هەواڵەکانەوە هەواڵی سەرەکی و هەرە گرینگە. ئەمە بەو واتایە نییە، هەر هەواڵێک دوای هەواڵی یەکەم هات، بایەخی لەوەی پێش خۆی کەمترە، دەرهێنەری هەواڵەکان، خەمی کاریگەریی تێکڕای هەواڵنامەکە پێکەوە دەخوات، نەک هەر هەواڵێک بەجیا. هەندێک جار دەرهێنەران، بەدەستی ئەنقەست هەواڵێکی گرینگ لە ناوەڕاستی هەواڵنامەکەدا دادەنێن، تا زیندوێتیی هەواڵنامەکە و سەرنجڕاکێشانی گوێگر و بینەر و مانەوەیان بەدیار

هەواڵنامەکەوە، مسۆگەر بکەن.

دەرهێنەری هەواڵنامە، وەک داڕێژەری هەواڵەکانی ڕۆژنامە، خشتەیەک بۆ هەواڵەکان دروست دەکات و بەپێی کاتی بڵاوکردنەوەیان، ڕیزبەندییان دەکات. ئەرکی دەرهێنەرە بەوردی بزانێت ماوەی هەر هەواڵ و ڕاپۆرتێک چەندە، چونکە هەواڵنامەکە لە کاتێکی دیاریکراودا دەست پێ دەکات و لە کاتێکی دیاریکراویشدا کۆتاییی پێ دێت. هەرکە هەواڵنامە دەستی پێ کرد، دەرهێنەر سەرقاڵی ئەوەیە بەپێی خشتەکە بڕوات. خۆ ئەگەر ڕاپۆرتێک لە ماوەی دیاریکراوی خۆی تێ پەڕاند، دەبێ دەرهێنەر هەر ئەودەمە بڕیار بدات چۆن قەرەبووی ئەو زێدەڕۆییە دەکاتەوە. ئەگەرهەواڵێک یان ڕاپۆرتێکیش لابرا، ئەرکی دەرهێنەرە ماوەکەی چۆن پڕ دەکاتەوە.

### هەواڵە ئەلیکترۆنییەکان:

ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی لە هەندێک ڕووەوە بەڕۆژنامەوانیی چاپکراو دەچێت و لە هەندێک ڕووی دیکەوە، بەڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەچێت، ئەگەرچی هەندێک تایبەتمەندیی خۆشی هەیە. زۆربەی وتارەکانی ئینتەرنێت، بەوتاری ڕۆژنامە دەچن. خەڵک دەتوانن هەندێک وێنەی ڤیدیۆییش لە ئینتەرنێتدا ببینن، لەمەشیاندا بەتەلەڤیزیۆن دەچێت. خەسڵەتێکی هەواڵەکانی ئینتەرنێت ئەوەیە؛ خوێنەر دەتوانێت چۆنی بوێت، وەری بگرێت. نورا پۆڵی بەڕێوەبەری پەیمانگای دیراساتی دەزگا نوێکانی ڕاگەیاندن دەڵێ: "چیرۆکەهەواڵێکی نوێ تەنیا ئەودەمە بەرهەم دێت کە خوێنەر ئازاد بێت چۆن مامەڵەی لەتەکدا دەکات".

جوناسان دۆبی بڵاڤکاری سایتێکی تایبەت بەچۆنیەتیی گۆڕانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەڵێ: "لەسەر ڕۆژنامەوانانی ئەلیکترۆنی پێویستە لە چەند ئاستێکدا بیر بکەنەوە: وشەکان، بنیاتی چیرۆکەهەواڵەکە، دیزاین، بابەتەکانی دیکەی هەواڵەکە، دەنگ، ڤیدیۆ، وێنە و بڕیاردان لە ڕادەی بایەخی هەواڵەکە. گەوهەری تەلەڤیزیۆن، پێشاندانی هەواڵەکانە. ڕۆژنامەوانیی چاپکراویش، گەیاندنی هەواڵەکان و شیکردنەوەیانە. بەڵام ڕۆژنامەوانیی ئینتەرنێت، هەموویانە پێکەوە.

## جۆرەکانی چیرۆکەهەواڵی ئەلیکترۆنی:

بەچیرۆکەهەواڵەکانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی دەگوترێت "ڕۆژنامەوانیی چاپکراوی زیاتر". چونکە جگە لە هەواڵەکە وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و لینکی زیادەی دیکەشی لەگەڵدا بەکار دێت. ڕۆژنامەنووس دەتوانێت لە ڕێی بەستنەوەی کۆمەڵێک لینکەوە، زانیاریی زۆر زیاتر بداتە خوێنەر و بینەری سایتەکە و پاشخانێکی درێژی مێژوویشی بداتێ. هاوکات ڕێنوێنیی خوێنەر بکات بۆ هەرچی زانیارییەک پێویستیەتی یان دەیەوێ بیزانێت. بۆ نموونە ئەگەر ڕاپۆرتێک دەربارەی نزمبوونەوەی ڕێژەی دەرچووانی دواناوەندییەکان بڵاوبکەیتەوە، دەکاری ئەو ڕاپۆرتە بەتەواوی ڕێژەی دەرچوونی قوتابیانی دواناوەندی و ئەنجامەکانی هەموو قوتابخانەکان یان قوتابخانەیەکی دیاریکراو ببەستیتەوە و هەرچی زانیاریی هەیە لەوبارەیەوە بیخەیتە بەردەست بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت.

یەک لە شێوازە نوێکانی بڵاوکرنەوەی ئەلیکترۆنی بە"تێکەڵکردن بەکلیک" دەناسرێت. واتە ئامادەکردنی خشتە و وێنەی ڕوونکاری بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەواڵەکە و خوێنەر یان بەکاربەر ئازادە بەپێی پێویستی بەکاریان بێنێت. هەروەها لە ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنیدا، دەتوانرێت وێنەی جووڵاو بەپلەی ٣٦٠ پلە بەکار بهێنرێت، ئەمەش هاوکارییەکی تەواوی ڕوونکردنەوەی هەواڵەکە دەکات. بۆ نموونە ڕادیۆی لەندەن BBC، لینکێکی بۆ مادە سڕکەرەکان دروست کردووە، بەکاربەر دەتوانێت ناوی مادە سڕکەرەکە دەستنیشان بکات و ناوی ئەندامێکی جەستەش، ئەودەم بزانێت ئەو مادەیە کاریگەری و ئاسەواری بۆسەر ئەو ئەندامە چییە. ئەمانە جگە لە شێوازی پرسیار و وەڵام بۆ وەرگرتنی زانیاری لەلایەن بەکاربەری ئینتەرنێتەوە.

## نووسین بۆ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

جۆناسان دۆب دەڵێ: "نووسین بۆ سایتەکانی ئینتەرنێت، تێکەڵەیەکە لە نووسین بۆ ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ"، بەکارهێنانی شێوازی کورت و پوخت نووسین کە ڕۆژنامەنووسانی ڕادیۆ زیاتر بەکاری دێنن، بۆ نووسینی ئینتەرنێتیش گونجاوە. دۆب پێی وایە تێبینی دەکرێت زۆربەی سایتەکان زۆر سادە دەنووسن،

بەکارهێنانی زمانێکی ئاسان بۆ نووسینی ئەلیکترۆنی وەک ئەوەی قسان بکەیت، کارێکی چاکە، بەڵام خۆ ڕێزمـان و دەربڕینی وشـەکـانیش بایەخی خـۆیان هـەیە. سکۆت ئەتکلسۆنی بەڕێوەبەری هەواڵی کەناڵێکی تەلەڤیزیۆن دەڵێ: "باشترین ئامۆژگاریم ئەوەیە: وەک چۆن نامە بۆ برادەرێکت دەنووسی ئاوها بۆ ئینتەرنێت بنووسە"، ئەمە مانای وا نییە، دەتوانیت هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمان بکەیت و بنیاتی چیرۆکەهەواڵەکەت لە بیر خۆت بەریتەوە، نەخێر، مەبەستم ئەوەیە، چەند بەگەرمی بنووسیت هێشتا کەمە".

لەبەرئەوەی ئینتەرنێت جیهانێکی فرەیی و فراوان دەخاتە بەردەم خوێنەر، بۆیە دەبێ نووسەرانی ئینتەرنێت زوو بچنە نێو بابەتەکەیان و هەر لە بڕگەی یەکەمدا مەبەستەکەیان ڕوون بکەنەوە. دەبێ ڕستەی یەکەم سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت، دەنا بەکلیکێک دەگوێزێتەوە بابەتێکی دیکە. هەرچۆنێک بێت، هەواڵەکانی ئینتەرنێت لە ڕۆژنامەی چاپکراو، کورتترن. وا چاکە وتارێک یان ڕاپۆرتەهەواڵێکی ئینتەرنێت لە ٨٠٠ وشە تێ نەپەڕێت و لەیەک لاپەڕەدا جێی بکرێتەوە. چونکە توێژینەوەکان دەڵێن، خوێنەران ناچار نین مەگەر چۆن، بۆ یەک بابەت چەند لاپەڕەیەک بکەنەوە. بەڵام دۆب بۆ نووسەرانی ئینتەرنێت پێشنیاز دەکات، تا نووسینەکانیان وەرگیرێت و خەڵک وزەی خوێندنەوەیان هەبێت، ناونیشان و مانشێتی لاوەکی دابنێن.

ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی دەرفەت بەخوێنەران دەدات یەکسەر وەڵامی نووسەر بدەنەوە یان هەر ڕاستەخۆ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. زۆر لە سایتەکان ڕووپەڕێکیان بۆ ڕا و بۆچوونی خوێنەران تەرخان کردووە، تا لە ڕا و بۆچوونی جیاواز ئاگادار بن و وەڵامی یەکدی بدەنەوە. ڕادیۆی گشتیی ویلایەتی مینیسۆتای ئەمریکایی، لە ڕێی سایتەکەیەوە داوا لە خوێنەرانی دەکات، نەک هەر ڕا و بۆچوون دەربارەی پرۆگرامەکانی بدەن، بگرە هاوکاری ڕادیۆکە بکەن لە چۆنیەتیی ئامادەکردنی هەواڵەکان و دروستکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بەبابەتێکی دیاریکراو. بیڵ بۆزینبێرگی جێگری بەڕێوەبەری ڕادیۆکە بۆ کاروباری هەواڵەکان دەڵێ: "بەشداریی گوێگران، هاوکاریمان دەکات چاکتر و فراوانتر و قووڵتر هەواڵەکان ئامادە بکەین و زۆر نموونەی زیندووی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ئامادە دەکرێت".



## ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند

زۆر دەزگای ڕۆژنامەوانی، ڕۆژنامەنووسان بەکارکردن لە بوارێکی تایبەتی، ناوچەیەک یان بابەتێکی دیاریکراو ڕادەسپێرن و هەوڵ دەدەن لەوەدا شارەزایی و پسپۆڕی پەیدا بکەن، ئەو بوارەش "بواری پسۆڕایەتی"ی پێ دەڵێن. ئەم ڕێگەیە هەل بۆ ڕۆژنامەنووسان دەڕەخسێنێت، شارەزای ناوچەیەکی دیاریکراو و خەڵکەکەی بن و لە زمان و هەڵسوکەوتی خەڵک و سەرچاوەکانیان تێ بگەن، بەڵام واتای وا نییە، بەزمانی ئەوان دەنووسن، بگرە بەپێچەوانەوە، هەرچی ئەو زانیارییانەی وەریان دەگرن، بەزمانێکی ئاسان کە هەمووان تێی بگەن، بڵاویان دەکەنەوە.

لە نووسینگە بچووکەکانی نووسین و داڕشتنەوەی هەواڵەکاندا، تایبەتمەندی یان پسپۆڕایەتی کارێکی دەگمەنە، بەڵام لە دەزگا ڕۆژنامەوانییە گەورەکاندا، ڕۆژنامەنووسان دەرفەتی ئەوەیان هەیە جۆرێک لە هەواڵ یان لە هەواڵی بوارێکی دیاریکراو و تایبەتدا کار بکەن. هەندێک بواری کارکردنی ڕۆژنامەوانیش با تایبەت و دیاریکراویش بن، بەڵام دیسان بوارێکی نەرێتی و باون: حکوومەت، پۆلیس، دادگاکان و کاروباری بازرگانی، ئەمانە وەک نموونە. هەندێک تایبەتمەندی و پسپۆڕایەتیش دەدرێتە ڕۆژنامەنووس، بەپێی ئەو کۆمەڵگە لۆکاڵییەی تێیدا دەژی: هەواڵەکانی ژینگە، تەندروستی، پەروەردە و فێرکردن،

کاروباری بەساڵاچووان و... هتد.

ئەو ڕۆژنامەنووسانەی بەگواستنەوەی هەواڵەکانی بوارێک یان بوارگەلێکی دیاریکراو ڕادەسپێردرێن، تەنیا یەک ئەرکیان لە ئەستۆدایە: هەمووکات و بەبەردەوامی ئاگایان لە پێشهات و گۆڕانکاریی بواری تایبەتمەندی یان پسپۆڕایەتییەکەیان بێت. پێویستە ئاگاداری گەورە و بچووکی هەواڵەکانی ئەو بوارە بن- کۆبوونەوەکان، ڕاپۆرتە چاپکراوەکان و سایتەکانی ئینتەرنێت و هەواڵە ڕۆتینییەکانی دیکە- هەروەها گەڕان بەشوێن هەواڵەکانی دیکەشدا، هەر لە ئەستۆی ئەواندایە. ڕۆژنامەنووسە تایبەتمەند یان پسپۆڕەکان، لە ڕێگەی دەستپێشخەریی خۆیان و پێوەندیی چاکیان لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا، نەک هەر هەواڵە ئاشکراکان، بگرە هەواڵی پشت پەردەش بڵاو دەکەنەوە. هەواڵگەلێکی زۆریان دەست دەکەوێت، لە دووی هەواڵەکانیشن هەر لە یەکەمین قۆناغی ڕووداوەکەوە تا هەموو گۆڕانکاری و پێشهاتەکان. چیپ سکانلان کە ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەند یان پسپۆڕ بوو لە ڕۆژنامەی "نایت ڕیدەر" و ئێستا لە پەیمانگای "پۆینتەر"دا کار دەکات دەڵێ: "چاکترین ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند یان پسپۆڕ، کارەکانی زۆر ڕێک خراوە، زۆر لە خەمی کارەکەیدایە، بەرچاوڕوون و سەرچاوەی هەواڵیشی زۆرن".

## شارەزاییەکانی ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند (پسپۆڕ):

شارەزاییەکی سەرەکیی هەیە کە پێویستە ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند یان پسپۆڕ هەیبێت، جا لە هەر بوارێکدا بێت: تێگەیشتن لەو دامەزراوەی بەرپرسیاری بواری تایبەتمەندییەکەی ئەوە. پێویستە ڕۆژنامەنووس ڕێسای کارکردنی دامەزراوەکە فێربێت و هەوڵ بدات و ماندوو بێت، ئەوکات هەواڵێکی دەست دەکەوێت کە دەست ڕۆژنامەنووسێکی دیکە ناکەوێت. ئەریک ناڵدەر (ئەو ڕۆژنامەنووسەی لە بەشی دووەمدا، پرسی سەرئاوخەرەکانی ئاشکرا کرد)، ئەم چەند پرسیارەی دەستنیشان کردووە، تا ڕۆژنامەنووس وردە وردە تایبەتمەندی یان پسپۆڕایەتی لە بوارێکدا پەیدا بکات:

* کاراکتەرە سەرەکییەکان کێن؟

* کێ بەرپرسە؟
* ڕێکخەرەکان کێن؟
* بنەماکانی کارکردن چین؟
* کارەکان چۆن ئەنجام دەدرێن؟
* هەڵەکان لە کوێن و چۆن تۆمار دەکرێن؟
* خەرجییەکان لە کوێ تۆمار دەکرێن؟
* ئەو کەسەی چیرۆکە ڕاستەقینەکە دەزانێت کێیە، چۆن دەستم دەکەوێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە، پێویستە ڕۆژنامەنووس هەوڵێکی زۆر بدات و ماندوو بێت، هەرچی دەربارەی بوارەکە دەنووسرێت، بیخوێنەوە، هەرچی خشتە و کات و پرۆگرامی کۆبوونەوەکانە کۆیان بکەوە و بەشداری لە چاپەمەنییەکانی بوارەکەدا بکە، لە هەموو ئەمانە گرینگتر: گەڕانە بەپێی خۆت بەدوای هەواڵەکاندا. ڕۆژنامەنووسە پسپۆڕە چاکەکان تەنیا پشت بەتەلەفۆن نابەستن، لە نزیکەوە دەچنە نێو بوارەکەوە، خەڵک دەناسن و گفتوگۆیان لەتەکدا دەکەن. مایک ماتەر، ڕۆژنامەنووسێکی تایبەتمەندە بەلێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانییەکان لە کەناڵی WTKR-TV لە نۆرفۆکی ویلایەتی ڤێرجینیا دەڵێ: "هیچ ڕۆژنامەنووسێک بەدانیشتن لە پشت مێزێکەوە، چیرۆکەهەواڵێکی دەست ناکەوێت، دەبێ هەموو ئەو کەسانە بناسێت توانای هاوکارییان هەیە، کارتی کەسانی خۆت بدە بەهەر کەسێک لەو بوارەدا دەیناسیت، لیستێک بۆ زانیاری و سەرچاوەکانت دابنێ و بەڕێکوپێکی سەردانی سەرچاوەکانت بکە. ڕۆژنامەنووسی لێهاتوو، جگە لە ناسینی ئەو کەس و بەرپرسانەی بواری پسپۆڕییەکەی، هەوڵ دەدات ڕادەی کاریگەریی ئەو کەسانە لەسەر کۆمەڵگە بزانێت".

تایبەتمەندی یان پسپۆڕی لە بوارێکدا، توانایەکی سیستماتیکی و کەسایەتییەکی بەهێزی دەوێت. سیستماتیکی، بەو مانایەی دەفتەرێکت هەبێت تەواوی کات و ساتی کۆبوونەوە و ژوانەکان و کاتی دانیشتنەکانی گوێگرتن و لێپرسینەوە و پێشکێشکردنی ڕاپۆرتەکان و ڕاپەڕاندنی کارەکانی تێدا تۆمار بکەیت. هەروەها واتە بوونی ڕێسایەکی گەرەنتیکراوی کۆکردنەوە و پاراستن و

هێنانەوەی زانیارییە پێویستەکان و پێوەندییکردن بەسەرچاوەکانەوە، بەتایبەتی ژمارەی تەلەفۆنەکان و ناونیشانە ئەلیکترۆنییەکان. هەروەها تۆمارکردنی ناونیشان و تێبینی دەربارەی بابەتەکانی داهاتوو، لەگەڵ لیستێک بەو کارانەی بەدواداچوونی ڕۆژانەیان دەوێت. زۆر لە ڕۆژنامەنووسان هەموو ئەو زانیارییانە لە کۆمپیوتەرێکدا دەپارێزن و پرۆگرامگەلێکی ئەوتۆیان هەیە بەئاسانی زانیارییەکان بدۆزنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی دەستیان بگاتە ئەو زانیاریانە لە کاتێکدا کە لە نووسینگە نەبوون، زانیارییە هەرە پێویستەکان لە کۆمپیوتەرێکی کەسانی (لاپتۆپ) یان مۆبایلەکەیاندا دەپارێزن، دیسان چونکە هەموو کات تەکنەلۆجیا جێی متمانە نییە و لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت تێک بچێت، ڕۆژنامەنووسانی بەمشوور، هەمیشە زانیارییەکانیان کۆپی دەکەن و لە دوو شوێندا دەیانپارێزن.

تایبەتمەندی یان پسپۆڕی لە بوارێکدا، واتە؛ بوونی پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەوروبەر و متمانەی خەڵک، لەگەڵ پاراستنی مەودایەکی پیشەیی لەگەڵیاندا. سکانلان دەڵێ: "سەختترین بەشی کاری ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند و کارکردن لە بوارێکی دیاریکراودا، مامەڵکردنە لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی بابەتێکی تۆیان بەدڵ نەبووە و تۆش ناچاری بۆ زانیاری بگەڕێیتەوە لایان".

### حکوومەت و سیاسەت:

پێویستە ئەو ڕۆژنامەنووسانەی هەواڵەکانی حکوومەت دەگوازنەوە، بزانن حکوومەت لەنێوخۆیدا چۆن کار دەکات و بشزانن کاریگەریی بڕیارەکانی چەندە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی دەپرسن: کێ بایەخ بەم مەسەلەیە دەدات؟ دەتوانن ئەو کەس و نێوەندانە بدۆزنەوە کە ژیانیان بەو بڕیارەی حکوومەت دەگۆڕێت. ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەش پێوەندیی بەوانەوە هەیە، لە هەواڵە سەرنجڕاکێشەکان دەبن.

زۆربەی کارەکانی حکوومەت بەکۆبوونەوەکان بەڕێوەدەچن، بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووسە تایبەتمەندەکان بەدوای هەواڵ و بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوانەدا بگەڕێن، بەڵام گواستنەوەی هەواڵی کۆبوونەوە ئاساییەکان، کارێکی بێزەوەرە و خەڵک چاوەڕوانی تەنیا هەواڵی گرینگ لە ڕۆژنامەنووس

دەکـــەن، نـەک هـەرچی ڕوودەدات. بـایـەخی هـەواڵ بـەبڕیـارەکـــانی نێـــو هۆڵی کـۆبوونەوەوە پێـوەست نیـیـە، بگرە پێـوەسـتـە بەو خـەڵکەی بڕیارەکـە کـاریان تێ دەکات.

زۆر گرینگە بۆ ئـەو ڕۆژنامەنووسانەی تایبـەتمەندن بەکارەکانـی حکوومەتەوە، لە چۆنیەتیی خوێندنەوەی بوودجە و خشتە داراییەکانی دیکە بزانن. ڕێنوێنی "دوای دارایی بکەوە"، ڕێنوێنیـــیـــەکی چاکــە بـۆ تێکڕای ڕۆژنـامــەنـووســان، بـەڵام بۆ ڕۆژنامـەنووسـانی تایبـەتمەند لـە کـاری حکوومـەتـدا، زۆر گرینـگە. ئەگـەرچی ئەو هەواڵانەی سـەبارەت بەخەرجییەکانی حکوومەتن، هەواڵگەلێکی وشکن، بەڵام باج و خـەراج و خــەرجـیـیـەکــان بەلای خـەڵکەوە گـرینگن و خــەڵک دەیانەوێت بزانن پارەکـانیـان چۆن خـەرج دەکـرێت. دیکۆمـێنت و بەڵگەنامـەکان شـادەمـاری کـاری دەزگـاکانی حکوومـەتن، هـەر بۆیە دەست کـەوتن و ئاگاداربوونی ڕۆژنامەنووسـانی تایبەتمەند بەکاری حکوومەت لەو بەڵگەنامە و دیکۆمینتانە، زۆر پێویستە.

ڕۆژنامـەنووسـانی سیاسـی لە دەوڵەتە دیموکراسـییـەکاندا یەک ئەرکیـان هەیە: ئاگادارکردنەوەی هـاووڵاتیان لەو زانیـارییـانەی پێویسـتیـانە، تا بتـوانن بڕیارێکی هۆشـیـارانە و بـەرچاوڕوونانە دەربـارەی کـاندیـدەکـانی هـەڵبـژاردن بـدەن. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویستە ڕۆژنامەنووسان، بەدوای پاشـخانی کاندیدەکان و تواناکانیان و هەڵوێسـتـە سـیاسـیـیـەکانیـان لە کـاتی هـەڵمـەتەکانی هەڵبژاردن و بەڵێنەکانیـاندا بگەڕێن. ئـەو ڕۆژنامـەنووسـانـە لە لایەنگرانی کـاندیدەکانیش ورد دەبنـەوە، چونکە بەرژەوەندییـەکانی ئەو توێژە لایەنگرەیە بڕیار دەدات ئەو کاندیدە دوای هـەڵبـژاردن چۆن و بەچ ئاراستەیەک کار دەکات.

## ڕاپرسـییـەکان:

ڕاپرسییەکانی ڕای گشتی، بەرەگـەزە سـەرەکییـەکانی هـەڵمەتەکانی هـەڵبژاردن دەژمێردرێن. بەڵام لەسـەر ڕۆژنامـەنووسـان پێـویسـتە زۆر جـوان لە ئەنجـامـەکـانی ئەو ڕاپرسـیـانە ورد ببنەوە و بزانن ئـایا شـایەنی ئەوەیە بکرێنە هـەواڵ و بۆ ڕای گـــشــتـــیی بگوازرێنەوە. هـەندێک ڕۆژنـامــەنووس پێـــیــان وایە بـڵاوکــردنەوەی ئەنجامەکان لە بەرژەوەندیی ئەو کـاندیدەیە کە زۆرترین دەنگی هێناوە، چونکە کار

له دەنگی خەڵک دەکات، بەوپێیەی خەڵک حەزیان لێیە دەنگ بەسەرکەوتوو بدەن. بەڵان توێژەرانی ئەمریکایی گەیشتوونەتە ئەو دەرەنجامەی؛ خەڵک جگە لە ڕێژەی دەنگەکـــان بایەخ بەهەندێک زانیــــاریی دیکەش دەدەن: ئەو بابەتانەی لە هەڵمەتەکاندا وروژێنراون. ڕێنوێنیی توێژەران بۆ ڕۆژنامەنووسان ئەوەیە؛ بایەخ بەهەموو ڕاپرسییەکان و ئەنجامەکانیان بدەن، بەڵام مەیکەنە خاڵی سەرەکیی کارەکەتان.

ئەو پرسیارانەی پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەبارەی ڕاپرسییەکانەوە بیکەن:

* کێ ڕاپرسییەکەی ئەنجام داوە؟ ئایا ڕێکخراوێکی ڕاپرسیی شەرعییە؟ ئەو لایەنانە کێن کە ئەم ڕێکخراوە ڕاپرسییان بۆ ئەنجام دەدات؟
* کام لایەنە تێچووی ڕاپرسییەکەی داوە؟ ئەجیندا سیاسییەکەی چییە؟
* ژمارەی ئەوانەی ڕاپرسییەکە گرتوونیەتەوە؟
* چۆن هەڵبژێردراون بۆ ڕاپرسینیان؟
* جۆری ئەو کەسانەی پرسیاریان لێ کراوە چۆنە؟
* ئەنجامەکان پشتی بەهەموو ڕاپرسراوان بەستووە یان بەشێکیان؟
* کەی ڕاپرسییەکە کراوە؟
* ڕاپرسییەکە چۆن کراوە؟
* پرسیارەکان چی بوون؟
* پەڕاوێزی هەڵە چەندە؟ ژمارەکان چەندن؟
* ئەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە لەوانی دیکە جیاوازە؟ ئەگەر وایە، بۆچی؟
* ئەم ڕاپرسییە شایانی بایەخپێدانی ڕۆژنامەوانییە؟

سەبارەت بەکاروباری هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش، پێویست ڕۆژنامەنووسات هەر بەتەنیا جەخت نەکەنە سەر وتە و بەڵێنەکانی کاندیدەکان، بگرە ئەو زانیارییانەش کە خەڵک دەیانەوێت بیزانن. دامەزراوگەلێکی ڕۆژنامەوانی "ڕاپرسیی تایبەت بەپرسگەلێک" ئەنجام دەدەن، تا بزانن خەڵک بایەخ زیاتر بەکام پرس دەدات. زۆرجاران ڕێک دەکەوێت، کاندیدێک حەز ناکات گفتوگۆی پرسێکی وروژێنەری لەگەڵدا بکرێت و خۆی لەو دارەتە نادات، لەم حاڵەتەدا، پێویستە

ڕۆژنامەنووسان پرسیارەکانی ناخی خەڵک بکەن. ڕۆژنامەنووسە سیاسییە لێهاتووەکان، هەر بەتەنیا بەزانینی هەڵوێستی کاندیدەکان دەربارەی پرسە سیاسییەکان وازناهێنن، بگرە لەبارەی کارەکانی پێشووی ئەو کاندیدەوە کاتێک کاربەدەست بووە، پرسیار دەکەن. بۆ ئەوەی پرسەکانیش بۆ واری ژیان بەرجەستە بن، ڕۆژنامەنووسان بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە چیرۆکی ژیانیان، هۆکاری گرینگی و بایەخی پرسێکە و دەرچوونی ئەم یان ئەو کاندیدە کاریگەریی لەسەر ئەو پرسە هەیە.

**کار و ئابووری:**

بواری کارکردن و ئابووری، پێوەندیی بەژیانی هەمووانەوە هەیە. بێکاری، نرخی خۆراک و خواردەمەنی، سووتەمەنی، پاشەکەوتی کەسانی و سەرمایەگوزاری، پرسگەلێکن تەنیا بەسەرمایەدارانەوە پێوەست نین، بگرە پێوەندیی پتەوی بەکرێکاران و بەکاربەرانیشەوە (مستهلکین) هەیە. تایبەتمەندی یان پسپۆڕی لە هەواڵەکانی کارە بازرگانی و پیشەسازییی نێوخۆییدا، واتە؛ گواستنەوەی هەواڵی خاوەنکار و کرێکار و چالاکییەکانی بیناسازی و کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانووبەرە، جیا لەو کەرتانەی برەو و بەردەوامی بەئابووریی نێوخۆ دەدەن، جا کشتوکاڵی، پیشەسازی، کانزاکاریی بێت یان خزمەتگوزاریی تەندروستی. لەسەر ئاستی نیشتیمانیش، ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە دارەتی بابەتگەلێکی فراوانتر و ئاڵۆزتر دەدەن: بازاڕی شتوومەک و کەرەسە سەرەکییەکان، بۆرسەی پارە و بەشە کۆمپانیاکان، ڕێژەکانی قازانجی بانکەکان و قەرزی دامەزراوەکان.

لەسەر ڕۆژنامەنووسە تایبەتمەند و پسپۆڕەکانی بواری کار و ئابووری پێویستە، هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیان وا بنووسنەوە خەڵکی ئاسایی لێیان تێ بگات. دەبێ لە چەمک و دەستەواژە ئابوورییەکاندا شارەزا بن و بتوانن بەزمانێکی سادە بیگەننە خەڵک. بەلای خەڵکەوە، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەدا کار دەکەن پێویستە بەتەواوی لە بوارەکە بزانن و شارەزای دەستەواژەکانی بن. بۆ نموونە لە ئەمریکا، ڕۆژنامە"واڵ ستریت جۆرناڵ" ئاراستەی ئەو خوێنەرانەیە کە لە بواری

کاردا شارەزان، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕۆژنامەکە مانای دەستەواژەی"کۆی یان سەرجەم بەرهەمی نەتەوەیی – الناتج القومي الأجمالي" ڕوون دەکاتەوە، واتە؛ کۆبەهای بەرهەمی وڵات لە شتوومەک و خزمەتگوزاری. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەم بوارەدا تایبەتمەندن، ڕۆژانە دەستەواژەکان کۆدەکەنەوە و شارەزاییان تێدا پەیدا دەکەن تا لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیاندا، بەکاریان بێنن.

جەماوەر حەزیان لەو هەواڵ و ڕاپۆرتە ئابوورییانەیە کە مانای "ئاڵۆیری قەرز"،" نزمکردنەوەی بەهای دراو"،"بەتایبەتیکردن – خصخصە"یان بۆ ڕوون دەکاتەوە، هەروەها ئامادەن گوێ لەو ڕاپۆرتە بگرن کە بایەخی ئەمانەیان سەبارەت بەگوزەرانیان و کۆمپانیاکان و حکوومەت، بەجوانی تێ بگەیەنێت.

پێویستییەکی واز لێنەهێراوە، ڕۆژنامەنووسانی بواری کار و ئابووری، بتوانن خشتە داراییەکان و بوودجەی گشتی و ڕاپۆرتی ساڵانە بخوێننەوە و تێ بگەن، زۆرجاریش لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیە بیرۆکەی چیرۆکەهەواڵێکیان لە داهات و خەرجییەکاندا بۆ دێت. دەتوانن بەراوردی چۆنیەتیی کاری کۆمپانیاکان بکەن کە لە هەمان بواردا یان ناوچەدا کار دەکەن. بۆ نموونە، کاتێک دامەزراوێکی کار مایەپووچ دەبێت یان دادەخرێت، ڕۆژنامەنووس هەر تەنیا پرسیاری ئەوە ناکات داخۆ چەند کەس بێکار دەبن، بگرە لە کاریگەریی نەمانی ئەو دامەزراوە لەسەر کۆمەڵگە نێوخۆییەکە دەپێچێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ ڕۆژنامەنووسەکە بزانێت پێگەی ئەو کۆمپانیایە لەنێو کۆمپانیا گەورەکاندا چەندە و ژمارەی کارمەندانی چەندن، ئایا کۆمپانیاکانی دیکە، بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکانی ئەو کۆمپانیایە پێشکێش خەڵک دەکەن، ڕێژەی بێکاری و... هتد.

تایبەتمەندی یان پسپۆڕی و خۆتەرخانکردنی ڕۆژنامەنووس لە بواری ئابووری و کاردا پێویستی بەشارەزاییەکی زۆر لە ماتماتیک و ژمارە و ڕێژەکاری و ئامارەکاندا هەیە، زیاتر لە هەر بوارێکی دیکەی ڕۆژنامەوانی. بەڵام پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانیاندا، ژمارە زۆر بەکار نەهێنن، تا ڕاپۆرتەکانیان بێزەوەر و وشک نەبن. باشترین و سەرنجڕاکێشترین هەواڵ و ڕاپۆرتە ئابوورییەکان ئەوانەن کە ڕۆژنامەنووسەکە سیمایەکی مرۆڤانە دەداتە

ژمـــاره و ڕێژه ڕووتەکـــان، وەک ئەوەی ڕوونـی بکاتەوە ئـەو ژمـــارەیـە یان ڕێژەیە کاریگەریی لەسەر ئەم توێژە یان ئەو کەسانە چەندە.

## تەندروستی و زانست و ژینگە:

چیرۆکەهەواڵەکانی تەندروستی و پێوەست بەژینگەوە، پێوەندییەکی تەواویان بەهەمـوو خـەڵکەوە هەیە. ئەو ڕۆژنامـەنووسـانەی هەواڵەکـانی نـەخۆشـیی ئایدز دەگـوازنـەوە، دەبێ بزانـن، لێ نـەزانینـی هۆکـار و ڕێگەکـانی خـۆپاراستن، وەک نەخۆشییەکە مەترسیدارە، بۆیە لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانیاندا ڕێنوێنیی دروست دەدەن تا خـەڵک خـۆیان لە ئایدز بپـارێزن. دیســان ڕۆژنـامــەنووســانی بـوارەکــانی تەندروستی و زانست و ژینگە، هەموو هەواڵەکان دەگوازنەوە هەر لە ئەنفلۆنزای پەلەوەرەوە تا نەخشەی جینۆمی مرۆڤ و کاریگەرییەکانی دروستکردنی بەنداوێک لەســەر ژینگەی نـاوچەکـە و دانیـشـتـووانەکـەی. ســەرلـەبەری ئەم پرســانەش، پرسگرێیەکی ئاڵۆزن و ئاسانکردنەوە و لێکدانەوەیان، ئەرکی ڕۆژنامەنووسە.

لەکاتی مامـەڵەکردنیش لەگەڵ ئەم چیرۆکەهەوالانەدا، پێویستە ڕۆژنامەنووس لە زمـانی زانایان و توێژەران و پزیشکان بزانێت کە بەلای خـەڵکی ئاسـاییـەوە ڕوون نیـیـە. دێنیس بێکەرتی ڕۆژنامــەنووس لە ئاژانسی دەنگوباسـی کـەنەدا ڕێنوێنی دەکـات لەو زمـان و دەســتــەواژە زانســتــیــیــانە نـەسـڵـەمـینەوە و خـۆمــان لە بەکارهێنانیان نەبوێرین. ڕۆژنامەنووسـانی بواری زانستی، وەک ڕۆژنامەنووسانی بواری بازرگـانی و پیشـەسـازی، لیـسـتێک بەو دەسـتـەواژە زانسـتـیـیـانە دروست دەکەن و بەجۆرێک بەکاریان دێنن جەماوەر لێیان تێ بگات.

پێویستە ڕۆژنامەنووسـانی بواری زانست سەر لە شێوازی زانستی و ماتماتیک و ئامـارەکان دەرکـەن، تا لە دەرەنجـامەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینـەوەکان دڵنیـا بن. دەبێ توانای ئەوەیان تێدا بێت لەگـەڵ هـەر پێشـڤەچوونێکی زانستیدا نەیکەنە هـەڵا و بەوەرچـەرخـان یان قــەڵەمــبـازێکی مــەزنی وێنا نـەکــەن. خـۆشــیــان لە حــەزی وەرگـرتنی وەلامی"بەڵێ" و "نەء" و ڕەتکردنـەوەی ئەگەرەکان ببـوێرن. ڕاسـتـە ڕەنگە دەرەنجامی ڕاپۆرتەهـەواڵەکانیان زۆر سەرنجڕاکێش نەبێت، بەڵام وردترە.

ئەو ڕۆژنامــەنووسـانەی فـێـرن تەواوی لایـەنەکـانی هـەواڵەکـان دەگـوازنەوە، لە

بواری زانســـتدا تێ دەکــەون. چونکە وەرگــرتنی ڕا و بۆچوونی زۆر دەربارەی بابەتێکی زانستی، لەوانەیە سەر لە گوێگر و بینەر و خوێنەر بشێوێنێت و بەهەڵەیدا بەرێت.

بۆ نموونە، زۆربەی هەرە زۆری زانایان لەو باوەڕەدان، ڕێژەی زۆری بەرکەوتنی قورقوشم، زیان بەڕادەی زیرەکیی منداڵان دەگەیەنێت، ژمارەیەکی کەمی زانایان لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین، ڕاستە دەبێ ڕۆژنامەنووس هەردوو ڕایەکە لەبەرچاو بگرێت، بەڵام نابێت ئەوەندە زێدەڕۆیی بکات وا پێشان بدات، کۆدەنگییەک لەوبارەیەوە لە ئارادا نییە.

کارۆڵ ڕۆجەرز، مامۆستای ڕۆژنامەوانیی زانکۆی میریلاند و دانەری کتێبگەلێک دەربارەی نووسینی زانستی، دوو پێشنیازی بەسوودی بۆ ڕۆژنامەنووسانی بواری زانستیی هەیە، یەکەم: ناساندنی سەرچاوەکان زۆر پێویستە. زۆر جار ڕۆژنامەنووسان وتە و بۆچوونی پسپۆڕان دەگوازنەوە، بێ ئەوەی وەکو پێویستە بیانناسێنن، مافی جەماوەریشە بزانن بۆچی لە پرسێکی دیاریکراودا وتەی کەسێک وەک پشتیوانی دەهێنرێتەوە، بۆ نموونە، ڕاپۆرتەهەواڵی کۆنگرەیەکی زانستی دەربارەی کەشوهەوا، وتەکانی بەڕێوەبەری زانست و تەکنەلۆجیای کۆشکی سپی گواستەوە، بەڵام نەیگوت ئەو کەسە لە زانا ناودارەکانی کەشوهەواشە، خۆ ئەگەر ئەو زانیارییەی تێدا بووایە، خەڵک باشتر لە سەرنجەکانیان دەڕوانی.

دووەم: ڕۆجەرز دەڵێ: "جەماوەر پاشخانی ئەو بابەتانە نازانن کە ڕۆژنامەنووس لای خۆیەوە دەیانخاتە نێو ڕاپۆرتەهەواڵەکەیەوە، بۆیە نابێ ئەو ڕۆژنامەنووسەی بۆ نموونە هەواڵەکانی کۆنگرەیەکی زانستی دەگوازێتەوە، وای دابنێت خەڵک ئاگایان لە هەواڵەکانی ڕۆژانی ڕابردووی کۆنگرەکە بووە، یان ئاگایان لە ڕاپۆرتەکانی ڕۆژی داهاتووش دەبێت. بۆیە کە ڕاپۆرتەکەی پێشکێش دەکات، پێویست هێندە پاشخانی کۆنگرەکە و بابەتەکانی تێدا بێت، خەڵک بزانن باسی چی دەکات، وەک ئەوەی خەڵکەکە تەنیا گوێیان لە هەواڵەکەی ئەو بووبێت و لەوانەیە هەرواش بێت.

## پۆلیس و دادگاکان:

دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی تایبەتن بەگواستنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری و دادگاکان، ڕێسای کارکردنیان بزانن. ژمارەیەکی کەم نەبێت، ڕۆژنامەنووسان لە یاسای داوەری تاوانەکان نازانن، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پسپۆڕن لە چالاکییەکانی پۆلیسدا، پێشنیاز دەکەن، ڕۆژنامەنووسان هیچ نەبێت لایەنێکی بابەتەکە تێ بگەن، ئەوکات دەستبەکار بن. پۆلیس وا ناسراون حەز ناکەن هیچ زانیارییەک بەڕۆژنامەنووسان بدەن، بەڵام ئەگەر لە یاسا و ڕێساکانیان بزانیت، ئەوکات دەتوانیت پرسیاری وا بکەیت، بگەیتە ئەو زانیارییانەی دەتەوێت.

لەسەر ئەو ڕۆژنامەنووسانەی هەواڵ و چالاکییەکانی پۆلیس دەگوازنەوە پێویستە، بەدروستی بزانن ئەو کۆمەڵگەیەی کاری تێدا دەکەن چۆن لە تاوان و تاوانکاران دەڕوانێت. بۆ نموونە، لە ئەمریکا، "دزی" و "چەتەیی" دوو مەسەلەی جیاوازن. دزی، واتە؛ چوونە نێو بینایەک و بڕینی، بەڵام چەتەیی، واتە؛ لێسەندنی ماڵ و پارە بەزۆر. خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووس لیستێکی بەم ناوانە پێ بێت، لە کاتی گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکاندا، تووشی هەڵەی شەرمەزارکەر نابێت. لەوانەیە ڕاگەیەندراوەکانی پۆلیس زانیاریی چاکیان تێدا بێت، بەڵام ڕۆژنامەنووسی زیرەک لە دووی زانیاریی زیاترە، گەر بتوانێت، سەردانی شوێنی تاوانەکە دەکات، قسە لەگەڵ دەرودراوسێ و شایەتحاڵەکان دەکات.

هەروەها لەسەر ڕۆژنامەنووسانی تایبەتمەند بەکاری دادگاکان پێویستە، لە تەواوی ڕێوشوێنەکان ئاگادار بن و بزانن پرۆسێسی دادگاکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی چۆن بەڕێوە دەچن. واتە؛ دەبێ بزانن کەسێک چۆن دەگیرێت و تۆمەتبار دەکرێت و دادگایی و حوکم دەدرێت یان ئازاد دەکرێت. ڕۆژنامەنووسە شارەزاکانی ئەم بوارە دەڵێن، چاکترین ڕێگە، بەسەربردنی کاتێکی زۆرە لە هۆڵەکانی دادگەدا. بەنووسەرانی دادگە دەست پێ بکە، ئەوانەی ئاگاداری تاوانەکە و خشتەی کاتەکانی دادگان. بپرسە بزانە چۆن کۆپیەیەکت لە تۆماریی دادگە و قسەی شایەتەکان و فایلەکان دەست دەکەوێت. فایلەکان بخوێنەوە – لەوانە: داواکارییەکانی خەڵک لە دادگە یان دادوەر، یاداشتەکانی لایەنەکانی

دادگـەکە پێش داوەریکردنیـان – هەمـوو ئەو نووسـینانەی لەوبارەوە بڵاو دەبنەوە ئەگەر نەتتوانی هەموو ڕۆژێک بچیتە دادگە. چونکە لەوانەیە بەڕاستی نەتوانیت هموو ڕۆژێک بچیت.

پارێزەرانی بەرگـری، باشـتـرین سـەرچاوەی زانیـارین بۆ ڕۆژنامـەنووسـانی کـاروباری دادگەکان. زۆربەی کات ئەوان لە داواکارە گشتییەکان زیاتر ئامـادەن دەربارەی پرسەکان قسە بکەن. چەندی بتوانیت هەوڵی شارەزابوون لە دەستەواژە یاسـاییـیەکان بدە، بەڵام خۆت لە بەکارهێنانیان لە ڕاپۆرتەهەواڵەکانتدا بپارێزە. ئێس. ئێڵ. ئەلیکسـەندەر، دانەری کـتـێـبی "گـواسـتنەوەی هـەواڵی دادگـاکـان: ڕێنوێنیی ڕۆژنامـەنووسان" دەڵێ: "پارێزەران هەوڵ دەدەن وشـەی گەورە بەکاربێنن بۆ شێواندنی ڕۆژنامەنووسان، بۆیە ئەگەر وشـەیەک تێ نەگەیشتیت، ماناکەی لەو کەسە بپرسە دیدارەکەی لەگەڵدا ئەنجام دەدەیت".

**وەرزش:**

چاکترین نووسینی وەرزشی، ئەو نووسینانەن، ڕۆژنامـەنووسە وەرزشییەکان دەینووسـن. بیڵ شـوانپـیکی ڕۆژنامـەنووسـی تایبـەتمەند لە بـواری ڕۆژنامـەوانیی تەلەڤیزیۆنیی وەرزشیدا کە ئێستا مامۆستای ڕۆژنامـەوانیی وەرزشییە لە زانکۆی کـوینیـبیـاک لە ویلایەتی کنیـتـیکت دەڵێ: "ڕاپۆرتەهەواڵەکـان هەڵوێست و ڕا و بۆچوون و ڕووداوی وروژێنەر و سـۆز و کـەسـایەتیی ناودار لە خـۆیان دەگـرن". نووسـەرە وەرزشـیـیـە زیرەکەکـان، لە ڕاگـەیاندنی ژمـارەی گـۆڵەکـان و ئەنجـامی پێـشـبڕکـێـیـەک، زیاتر دەنووسن. ئەوان خـاڵە سـەرەکـیـیـەکان دەنووسـن، چەند لایەنێکی وا دەنووسـن، ئەو بینەرەی ئامـادەی یاری یان پێشبڕکێیەکەش دەبێت، هەسـتـیـان پێ ناکـات. ڕۆژنـامـەنووسـە وەرزشـیـیـەکـان زیاتر پشت بەهەردوو ڕەگـەزی"بۆچی" و "چۆن" دەبەسـتن لە هەواڵـەکـانیـاندا، نـەک هەر تەنیـا هەردوو ڕەگـەزی"کێ" و "چی". هـەروەها لایەنی بـازرگـانیی بواری وەرزش لەبیـر ناکـەن و نووسـینی تایبـەت دەربارەی وەرزشـوانـان و خـاوەنەکـانی تیـپـە وەرزشـیـیـەکـان و هاندەرانیان دەنووسن.

لەگەڵ ئەوەشـدا، دەبێ نووسـەری وەرزشـی، بەخـاڵە سـەرەکـیـیـەکـان دەست پێ

بکات و له سەرجەم وەرزشەکان بزانێت. دەبێ له بنەما و پرەنسیپەکانی ئەو یارییەی دەیگوازێتەوە شارەزا بێت و بزانێت خاڵ یان گۆڵی ئەو یارییە چۆن دەکرێت. پێویستە ڕۆژنامەنووسان له کاتێکی کورت و دیاریکراودا، ڕاپۆرتەکانیان ئامادە بکەن، نەخاسمە ئەگەر یارییەکی ئێوارانیان گواستەوە. دەبێ گۆڵەکانی یارییەکان و تێبینییەکانیان هەمان کاتی یارییەکە، تۆمار بکەن، ئەگەرچی لەکاتی یارییەکدا کە یاریزانان دەجووڵێن، ئەمەیان کارێکی ئاسان نییە. له هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوەیە، ڕۆژنامەنووس بیرۆکەیەک بدۆزێتەوە و درێژەی هەواڵەکە دوای ئەوە بنووسێت.

زۆرجاران، باشترین ڕاپۆرتەهەواڵ ئەوە نییە، ڕووداوەکانی یاریگەکە دەگوازێتەوە. ڕۆژنامەنووسی زیرەک هەوڵ دەدات هەواڵەکانی پشتی پەردە بزانێت، بزانێت له ژووری جلگۆڕین چی ڕوو دەدات، یان هەر ناخۆشییەکی نێوان یاریزانان. ڕۆژنامەنووسان بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ یاریزانان و بەڕێوەبەران دەکەن، بەڵام ئالوودەی تەنیا پاڵەوانێکی وەرزش نابن. وەک باوە، ڕۆژنامەنووسان حەزیان لەو وەرزشەیە کە هەواڵەکانی دەگوازنەوە، بەڵام لایەنگیریی هیچ تیپێک ناکەن. پێویستە وەک تەواوی ڕۆژنامەنووسان، له گواستنەوەی ڕووداو و هەواڵەکاندا، دەستپاک و نیازپاک و بێلایەن بن.

وەک چۆن ڕۆژنامەنووسانی کاروباری بازرگانی و زانستەکان، خۆیان له دەستەواژە ئابووری و بازرگانییەکان دەپارێزن، نووسەرانی وەرزشیش، دەبێ ئەو دەستەواژانە بەکار نەهێنن کە هاندەری دەمارگیرین، یان هەندێک دەستەواژەی تەکنیکی کە ڕاهێنەران و وەرزشوانان خۆیان نەبێت، خەڵکی دیکە واتایان نازانن. مایک ڕایلی، ڕۆژنامەنووسی پێشووی وەرزشی کە ئێستا سایتێکی ئینتەرنێتی هەیە، دەڵێ: "ئاسان بنووسە، هەوڵی خۆنواندن مەدە". ڕایلی ئامۆژگاری ڕۆژنامەنووسان دەکات، دیدار و چاوپێکەتنەکانیان لەگەڵ ڕاهێنەران و وەرزشوانان نەکەنە بەرانبەرێن و مشتومڕ، بەتایبەتی دوای هەر دۆڕاندنێک. ڕایلی دەڵێ: "زۆر له وەرزشوانە پیشەگەرەکان، حەزیان له ترساندنی خەڵکە، بۆیە هەمیشە بۆ داکۆکی و بەرگریکردن له هەڵوێستەکانت ئامادە بە".



# پرەنسیپە ئاکارییەکان و یاسا

ئەگەر هێز بەپێی کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکە بپێورێت، ڕۆژنامەوانیی ئازاد، هێزێکی لەبن نەهاتووی هەیە. لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، ڕۆژنامەوانیی ئازاد، مافی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی هەیە، بەبێ ڕەزامەندیی حکوومەت. دەوڵەتگەلێکی زۆر چەتری یاسایی بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین دەکەن تا ئەو مافە پەیڕەو بکەن. بەڵام هیچ مافێک بێ بەرپرسیاریەتی نییە. بەرپرسیاریەتیی سەرەکیی ئەستۆی هەر ڕۆژنامەنووسێکیش لە هەر کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، گەیاندنی زانیارییەکانە بەوردی و دەستپاکی و بەویژدانەوە، واتە، پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەوانییەکی مەردانە و شەریفانە.

پرەنسیپە ئاکارییەکان، بریتیین لە پرەنسپگەلێکی ڕێنوێنی و ئاراستەکاریی ڕۆژنامەوانی. لە کاتێکدا کە یاسا ئەوە دیاری دەکات دەتوانی چی بکەیت و ناتوانی چی بکەیت لە ڕەوشێکی دیاریکراودا، پرەنسیپە ئاکارییەکان پێشانت دەدەن پێویستە چی بکەیت، لەسەر بنەمای بەهاگەلێکی کەسانی، پیشەیی، کۆمەڵایەتی و ئاکاری، کە لە بیرکردنەوەیەکی دروستەوە سەرچاوە دەگرن. بڕیاردانی ئەخلاقیش واتە؛ پاراستنی ئەو بەهایانە لە کاری ڕۆژانەدا.

ڕاگەیەندراوی چاپۆلتیبیک، کە دەوڵەتانی ئەمەریکایی لە ساڵی ١٩٩٤دا مۆریان کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو پاڵەپەستۆیانەی لە ڕۆژئاوا دەخرێنە سەر

ئازادیی ڕادەربڕین، ڕوونی دەکاتەوە، ئەو ڕۆژنامەوانییەی پشت بەپرەنسیپە ئاکارییەکان دەبەستێت، ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی دوورمەودای دەزگاکانی ڕاگەیاندن. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە:

ڕاستگۆیی ڕۆژنامەوانی بەپابەندبوون بەڕاستییەوە پێوەستە. بەپابەندبوون بەوردەکاری لە هەواڵدا، دەستپاکی، بابەتیبوون و جیاوازیکردن لە نێوان هەواڵ و بانگەشەدا (دعایە). نابێت جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانە و ڕێزگرتن لە بەها ئاکاری و پیشەییەکان بەزۆر بسەپێنرێن، ئەم بەرپرسیاریەتییە بەتەنیا لە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا، تەنیا ڕای گشتی مافی ئەوەی هەیە، پاداشت یان سزایان بدات.

هەڵە ئاکارییەکان لە ڕۆژنامەوانیدا ڕوودەدەن. ڕووی داوە، ڕۆژنامەنووسان زانیارییان هەڵبەستووە و داڕێژەرەوانیش پارەیان لە هەندێک سەرچاوە وەرگرتووە. دەزگاگەلێکی ڕۆژنامەوانیش، بانگەشەیان وەک هەواڵ بڵاو کردووەتەوە. ئەگەر ئەمەش ڕووی دا، خەڵک مافی خۆیانە گومان لە هەر شتێک بکەن کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەبێتەوە. کە ڕۆژنامەنووسێک یان دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی شتێکی وا دەکەن، زیان بەتەواوی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەیەنن، دواجار زیانەکە دەبێتە زیانی ئابووری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن توانای بەردەوامییان نامێنێت.

**پرەنسیپە ئاکارییەکان:**

جۆن هێرسی، ڕۆژنامەنووسی کۆچکردوو و ڕۆماننووسی خاوەنی خەڵاتی "پۆڵتزەر"، ئەو ڕۆژنامەنووسەی ئاسەوارەکانی بۆمبارانی ئەتۆمیی شاری هێرۆشیمای ژاپۆنی گواستەوە دەڵێ: "ڕۆژنامەوانی یەک بنەمای پیرۆزی هەیە: نابێت نووسەر هیچ شتێک لە خۆیەوە هەڵبەستێت، پێویستە ئەو مۆڵەتەی بەسنگییەوە هەڵی دەواسێت لێی نووسرابێت: هیچ شتێک هەڵنابەستێت". ئەوانەی پابەندی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانین، هەرگیز وشەیەک لە زاری کەسێکەوە ناڵێن، نەیگوتبێت، یان ناڵێن لە فڵانە شوێن بووین، ئەگەر لەوێ نەبووبن. کاری خەڵکی دیکە ناکەن بەکاری خۆیان. لەگەڵ ئەوەی هەڵبەستن و خۆگۆڕین، بەزاندنی پێوەرە

پیشـەییەکانە لە هەموو جیـهاندا، بـەڵام هـەندێک بەزاندن ڕوودەدەن، بەڵام ڕوون و دیار نین.

ڕۆژنامەنووسـان، ڕۆژانە لەژێر پاڵەپەستۆی خاوەنی دەزگا ڕۆژنـامەوانییـەکان و ڕکابەرەکـان و ڕێکلامکاران و جـەماوەردا، لەگـەڵ کـۆمـەڵێک ئـاسـتـەنگی ئاکاری ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئـەوان پێـویسـتـە ڕۆژانە بەسـەر ئەم ئاسـتـەنگانەدا سـەربکەون گـەر بیـانەوێت ڕۆژنـامـەوانییـەکی ئاکـارییـانە بەرهەم بێنن. هەروەها پێـویسـتـە هەمیـشـە پرەنسـیپـە ئاکارییـەکانیان لـە پێش چاو بێت بەر لەوەی بـڕیار لە هـەر کارێک بدەن، تەنانەت تا ئەوکاتەی هەواڵەکەش پێشکێش دەکەن.

ئەم پەیڕەو و شـێـوازە بیرکردنەوەیەش پشـت بەهەندێک پرەنسـیپ دەبـەسـتێت. ئەو پرەنسیپانەش وەک کۆمـەڵەی ڕۆژنامـەنووسانی پیشـەگەریی ئەمریکا دیاریان کردووە بریتین لە:

* بەدوای ڕاستیدا بگەڕێ و بیگەیەنە. پێویستە ڕۆژنامەنووسان، دەستپاک و ئازا بن لە کۆکردنەوەی زانیاری و پێشکێشکردن و لێکدانەوەی زانیارییەکاندا.
* تا بکرێت زیانەکان کەم بکەوە. ڕۆژنامەنووسـانی بەئاکار ڕێزی سەرچاوەکانیان و ئەو کەسانەی باسـیان دەکەن و هاوکارانیان دەگرن و وەک مرۆڤێکی ڕێزدار مامەڵەیان دەکەن.
* لە کارەکانتدا بێلایەن بە. پێویسـتە ڕۆژنامەنووسـان ئازاد بن لە هـەر پابەندی و بەرژەوەندییەک، مافی ئاگا لێبوونی جەماوەر نەبێت.
* ملـکەچی لێـپـرسـینەوە بە. دەبێ ڕۆژنامـەنووس ئامـادەی لێـپـرسـینەوە و لێپێچانەوەی خوێنەران و گوێگران و بینەران و هاوکارانیان بن.

لەوانـەیە پێـمـان وابێت پابـەندبوون بەم پرەنسـیـپـانەوە ئـاسـانە، چونکە خـۆ ڕۆژنامـەنووسـان هـەر بەشـوێن ڕاسـتیـدا دەگـەڕێن و ڕێزی سـەرچاوەکانیشـیان دەگرن، بەڵام لەوانەیە هەر ئەم پرەنسیپانە خۆیان دژ بوەستنەوە. جاری وا هەیە ڕۆژنامـەنووسێک کە لە دووی ڕاستییـە، لە نێو گەرمەی کاردا هـەندێک زانیاریی دەست دەکـەوێت، ئازاری خـێـزانی کـەسـێکی خـراپەکـار دەدات. لەوانـەیە ڕۆژنامـەنووسـێک کـە هاوکـات ئەندامی ڕێکخـراوێکی نا حکوومـەتییـە، هـەندێک

زانیـاریی زیـاتری دەربارەی هـەواڵێکی پێـوەست بـەو ڕێکخـراوەوە دەست کـەوێت، ئەوکات بێلایەنیـی ڕۆژنامەنووسـەکە دەکەوێتـە ژێر پرسـیارەوە و پاسـاودانەوەشی بۆ جـەمـاوەر، ڕەنگە کـارێکی گـران بێت. زۆربـەی جـاران، بڕیاری ئەخـلاقییـانەی ڕۆژنامـەنووس، هـەڵبـژاردن نییـە لە نێـوان ڕاست و هـەڵەدا، بگرە هەڵبـژاردنە لە نێوان ڕاست و ڕاستدا.

کـەواتە ڕۆژنـامــەنووســان چۆن دەتوانن بڕیاری ئـاکـارییـانەی دروست بدەن؟ باشــتـرین ڕێگە بـۆ چارەســەری هـەندێک حــاڵەت، تـوخن نەکـەوتنێــتی هـەر لە ســەرەتاوە. بۆ نموونە، ڕۆژنامـەنووس دەکـارێت بڕیار بـدات نەبێـتە ئەنـدامی هیچ ڕێکخـراوێک، یان ڕای بگەیەنێت کە ئامـادە نییـە هەواڵی ئـەو ڕێکخـراوەی تێـیدا ئەندامە، بگوازێتەوە و بۆ ئەو کارە ناشێت. لە هەندێک حاڵەتی دیکەشدا، پێویستە ڕۆژنامـەنووس هـەوڵی ڕاگـرتنی بـالانسی پرەنسـیپە دژبەیەکەکان بدات، بێ ئەوەی هیچ کاتێک بایەخی هـەوڵدان بۆ ڕاستی و خزمەتی جەماوەری لە یاد بچێت.

**پرۆسـەی بڕیاردانی ئاکارییانە:**

هـەندێک نووســینگەکــانی نـووسین و دارشــتنەوەی هـەواڵەکــان، گــرفــتــە ئاکارییـەکانیـان بەدابەزاندنی ڕێنوێنی لەسـەرەوە بۆ خـوارەوە چارەسـەر دەکەن. کاتێک گرفتێک کێشەیەک ڕوودەدات، یەکێک لە گەورە بەرپرسان بڕیار دەدات چی بکرێت. لەکـاتێکدا خـەسـڵـەتێکی باشی ئەم شـێـوازە، خێرایی چارەسـەرە، بەڵام لـەوانەیە بـڕیـارێکی ڕەمـــەکی بێت. ئـەمـــەش بەهـیچ کلـۆجـــێک هـاوکـــاریی ڕۆژنامـەنووسـان ناکـات بۆ گەیشتن بەبڕیارێکی گونجـاو یان بڕیاردان لە کـاتێکدا کە بەڕێوەبەر لەوێ نییـە. هـەر لەبەرئـەمـەشـە، زۆربەی نووسـینگەکانی دارشـتنەوە، بڕیارەکان بەڕاوێژ لەگەڵ هـاوکاران و ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووساندا دەدەن.

یەکـەمین هـەنگاوی پـرۆسـەی بڕیاردانەکەش، بـەدەسـتنیـشـانکردنی گـرفـتـەکـە دەست پێ دەکـات. هـەمــووان هـەست دەکـەن کـەی دووچاری گـرفـتـێک دێن و لە ناخـیــانـدا زەنگێک لێ دەدات و هـەسـت دەکـەن پرسـێکی ناجـۆر لە ڕەوشـێکی دیاریکراودا هـاتووەتە ئارا. لـە کــاتـی وادا، زۆر گــرینگە ڕوونی بکـەیتـــەوە چی نیگەرانـی کـردوویت. کـامـانـەن ئەو بەهـایانەی هـەڕەشـەیان لەسـەرە؟ کـامـانەن ئەو

پرسـه ڕۆژنامـەوانییـانەی مـەترسـییـان دێتـە ڕێ؟ زۆربەی جـاران، مـەسـەلەکـە؛ دڵەڕاوکێیەکە لە نێوان ئامانجێکی ڕۆژنامەوانییانە و هەڵوێستێکی ئاکارییانە. ئەو ڕۆژنامـەنووسـەی هەواڵێکی دەست کـەوتووە کـە دەست کـەسی دیکە نەکـەوتووە، حـەزی لێیـە هـەرچی زووترە بڵاوی بکاتەوە، هـاوکـات پێویست دەکـات کـەمێک ورد بێتـەوە و بیر لـە ئاکامـەکـانیش بکاتەوە، چی دەبێت ئەگەر وادەرنەچوو؟ پێویستـە ڕۆژنامەنووس قوربانی بەبەها ئاکارییەکانی نەدا لەپێناو ئەوەی پێش ڕکابەرەکەی هـەواڵێک بڵاو بکاتەوە.

دووەمین هـەنگاو پاش دەسـتنیـشـانکردنی گـرفـتـەکـە، کـۆکـردنـەوەی زۆرترین زانیـارییـە تا بتـوانیت بڕیارێکی دروست بدەیت. بەڕێنوێنییـەکـانی نووسـینگەی نووسین و داڕشتنەوەدا بچۆوە، ئەگەر ڕێنوێنیی لەو جۆرە هـەبوون، گرفتەکە لەگەڵ کەسـانی دیکەدا باس بکە. ڕاوێژ بەهاوکاران و سـەرپەرشتیارانـی نووسینگە بکە. بەڵام بەوەشـەوە مـەوەسـتـە، گفـتـوگۆ لەگەڵ خـەڵکی دیکەشـدا بکە، بـەتایبـەت ئەو کەسانەی پێوەندییان بەچیرۆکەهـەواڵەکەوە نییە، بەڵام ئاگایان لە پرسـەکەیە.

گرینگە ئاماژە بەڕاستییەک بدەین، لە ڕۆژنامـەنووسان چاوەڕوان ناکرێت وەک پزیشکان، ئازاری کـەس نەدەن، زۆر لە چیرۆکەهـەواڵەکان، ئازاری هـەستی خـەڵک و ناوبـانگیـشـیـان دەدات، ئـەمـەش ئەنجـامـێکە لێـدەربازبوونـی نیـیـە، بەڵام ڕۆژنامەنووسـان هـەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان تا ئەو جێیەی بکرێت، لە ڕێگەی پاراستنی خـەڵک لە هـەر مـەترسـییـەک کە پێویست نییە. بۆب سـتیل مـامۆسـتـای ئاکارەکـانی ڕۆژنامـەوانی لە پەیمانگای "پۆینتـەر" پرسـیـار دەکات: "ئەگەر ڕۆڵی خـۆم و کەسە باسکراوەکان پێچـەوانە بکەینەوە، هـەستم چۆن دەبێت؟".

با وای دابنێین، ڕۆژنامـەنووسـێک کـارگـەیەکی لە شـارۆچکـەیەکـدا دۆزییـەوە، منداڵگەلێکی تێـدا کـار دەکـات تەمـەنیـان لـەخـوار دوازدە سـاڵیـیـەوەیە و لە هەفتـەیەکدا ١٠ سـەعـات زیاتر لە کاتی یاسایی کار دەکەن و نیوەی لانی کـەمی کـرێدەسـتـیش وەردەگـرن، یاسـای وڵاتیش هـەمـوو ئەمـانە بـەسـەرپێـچی لە قـەڵەم دەدات. دۆزینەوەی حاڵەتێکی وەها بۆ ڕۆژنامـەنووسـەکە واتە؛ بەڵگەیەکی دەربارەی

چەوساندنەوەی منداڵان دەست کەوتووە، بەڵام کامانەن ئەو پرسانەی دیکە کە پێویستە ڕۆژنامەنووسەکە بیزانێت، بەرلەوەی هەواڵەکە ڕابگەیەنێت؟

بەدڵنیاییەوە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاستییە ئاکامی دەبێت، هەندێکی زیان و ئازاریشی لێ دەکەوێتەوە، کارێکی چاکە ڕۆژنامەنووسەکە لیستێک بەو کۆمپانیا و لایەنانە دروست بکات ئەم چیرۆکەهەواڵە کاریان لێ دەکات، ئەڵبەت یەکەمین کاریگەریی ڕاستەوخۆ بۆ سەر منداڵەکانە، بەڵام کار لە خێزانەکانیان و خاوەنی کارگەکەش دەکات، پاش زانینی ئاکامەکان، ڕۆژنامەنووس دەتوانێت، بیر لە ئەڵتەرناتیڤێک بکاتەوە کە ڕاستییەکان بگەیەنێت، بەڵام بەو ڕادەیە زیانی لێ نەکەوێتەوە، لە حاڵەتی ئەو کارگەیەدا، دەتوانێت وێنەی منداڵەکان بڵاو بکاتەوە بێ ئەوەی ناویان بێنێت، وەک هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی زیان و ئازارەکانی ئەم هەواڵە.

ئەمە تەنیا نموونەیەکە لە بڕیارێکی ڕۆژنامەنووسانە کە ئاکامی ئاکارییانەی دەبێت، ئەڵبەت نموونەی دیکەش زۆرن، وەک بڕیاری ناوی کارگەکە و شوێنەکەی، هەروەها ئەو شێوازە زمانەی هەواڵەکەی پێ دەنووسرێت. کاریگەریی چیرۆکەهەواڵێک لەلاپەڕەی یەکدا بەوێنەیەکی سەرنجڕاکێشەوە، زۆر زیاترە لەوەی هەمان هەواڵ لە لاپەڕەیەکی ناوەوەدا بڵاو بێتەوە. کاریگەریی ڕاپۆرتەهەواڵێکی تەلەڤیزیۆنی کە چەند جارێک ڕێکلامی بۆ کرابێت، زۆر زیاترە لە هەواڵێک یەک جار لە هەواڵنامەدا بێ ڕێکلام بڵاو دەکرێتەوە.

بیرکردنەوەی پێشەکی لە بڕیاری ڕۆژنامەوانییانە، دەرفەت دەداتە ڕۆژنامەنووسان پاساوی کارەکەیان بدەنەوە. بەمەش ڕۆژنامەنووسان دەکارن، لە سۆنگەی ڕوونکردنەوە و پاساودانەوەی کارەکەیان، ڕاستگۆیی خۆیان بچەسپێنن و بیسەلمێنن جێ متمانەی خەڵکن.

نووسینگەکانی داڕشتنەوەی هەواڵەکانیش کە بڕیارە ئاکارییەکانی ڕۆژنامەنووسان هەڵەسەنگێنێت، ئەرکیەتی گفتوگۆی ئەم پرسانەی بەبەردەوامی تێدا بکرێن، نەک هەر لە کاتی هاتنەپێشی گرفتێکدا. زۆر لە نووسینگەکان کۆبوونەوەی بەردەوام دەکەن بۆ گفتوگۆکردنی ئەگەری هاتنەپێشی هەر گرفتێک.

لای خـۆیانەوە ڕۆژنامـەنووسـان، بەمـێـشکێکی کـراوە و دوور لە توندڕەوی و خۆبەشتزانین، گوێ لەم گفتوگۆیانە دەگرن، سوودیان لێ دەبینن لە کاتی ڕوودانی هەر کێشە و گرفتێکی ئاکارییانەدا.

## بنەما ئاکارییەکان

کۆمەڵە و یەکێتییەکانی ڕۆژنامەوانان لە سەرانسەری جیهاندا، بنەماگەلێکی ئاکارییان بۆ ڕێنوێنی و ئاراستەکردنی کاری ئەندامانیان داناوە. ئەم بنەمایانە هەموو لایەنێکی کاری ڕۆژنامەوانی دەگرێتەوە لە وەرگرتنی کاری خەڵکی دیکەوە دەگرێتەوە تا پاراستنی تایبەتمەندییەکان، لە ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانەوە تا پاراستنی نهێنی. هەندێک لەو بنەمایانە بەکورتی ناڕوونی نووسراون، هەندێکی دیکەیان بەدرێژی و بەڕوونی. کلۆد جـۆن پێـرتران، مـامـۆسـتـای پەیمانگای ڕۆژنامـەوانیی پاریس کـە لە دەیان دەوڵەتیـشـدا وانـەی بنەمـا ئاکـارییـەکـانی ڕۆژنامەوانیی گوتووەتەوە، دەڵێ: زۆربەی بنەماکان سێ ڕەگەزی بنەڕەتی لەخۆ دەگرن:

* بەها بنەڕەتییەکان، لەوانە، ڕێزگرتنی ژیان و هاوکاریی مرۆڤانە.
* قەدەغەکراوە بتەڕەتییەکان، لەوانە، درۆ مەکە، ئازاری کەسێک مەدە کە پێویست نییە ئازاری بدەی، کاری خەڵکی دیکە مەکە بەکاری خۆت.
* پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ڕۆژنامەوانی، لەوانە، وردی، دەست و دەروونپاکی، بێلایەنی.

هەندێک جار پابەندبوون بەو بنەمایانەوە کە ئاماژەیان پێ درا، خۆبەخشانەیە و بەزاندنیشیان ئاکامی ئاشکرای نابێت، بەڵام لەوانەیە هەندێک جاریش ئەو ڕۆژنامەنووس و دەزگا ڕاگەیاندنانەی دەیانبەزێنن، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە ببنەوە. ئەنجوومەنەکانی ڕۆژنامەوانان لە هەندێک دەوڵەتدا لەو داواکاری و سکالایانە دەپێچنەوە کە بەدژی ڕۆژنامەوانان پێشکێشیان دەکرێت و ئەوانیش داوای ڕاستکردنەوە دەکەن. لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندندا فەرمانبەرێک هەیە بەناونیشانی"لێپرسراوی سکالاکان"، ئەم فەرمانبەرە چاودێریی هەڵە و لادانە ئاکارییەکان دەکات و ڕۆڵی نوێنەری جەماوەر دەبینێت لە دەزگاکەدا.

دەوڵەت هەیە یەکێک لە مەرجەکانی وەرگرتنی ڕۆژنامەنووس لە کۆمەڵە یان سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا، پابەندبوونە بەبنەما ئاکارییەکان و بڕگەیەکی بنەماکانیش دەڵێ پێویستە بڕیارەکانی کۆمەڵەکە، جێبەجێ بکات. بۆ نموونە، وەک کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی ئوسترالیا، ئەگەر ئەنجوومەنەکە لە سکاڵاکەی پێچایەوە و دەرچوو ڕۆژنامەنووسەکە لەو بنەما ئاکارییانە لای داوە، بەتوندی ئاگادار دەکرێتەوە یان بڕێک پارەی لێ دەسەندرێت یان هەر لە کۆمەڵەکە دەردەکرێت.

## بنەما ڕەفتارییەکان:

لە زۆربەی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکاندا، بنەماگەلێکی ڕەفتاری یان پێوەرگەلێک هەیە و لە ڕۆژنامەنووس چاوەڕوان دەکرێت لەپاڵ پابەندبوون بەبەها ئاکارییە نێوخۆیی و هەرێمایەتییەکاندا، پابەندی ئەمانیش بێت. ئەم بنەما ڕەفتارییانە، بریتیین لە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و چالاکیی دیاریکراو کە هانی ڕۆژنامەنووس دەدات پەیڕەویان بکات یان قەدەغەیان دەکات، هەندێکیشیان پێویستی بەڕەزامەندیی پێشوەختەی بەڕێوەبەر هەیە.

دەزگاگەلێکی ڕۆژنامەوانی مەرجی ئاشکرا دادەنێن کە ئایا ڕۆژنامەنووس دەتوانێت چی بکات لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکەیدا و لە دەرەوەی کارەکەشی. فاکتەری سەرەکیی ئەم مەرجانە؛ پاراستنی ڕاستگۆیی و ناوبانگی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. بۆ نموونە، پەیامنێر و وێنەگری ڕۆژنامەوانی بۆی نییە لە پێناو کارەکەیدا داوا لە خەڵکانێک بکات کارێک بکەن کە لە کاتی ئاساییدا ئەو کارە ناکەن. ڕۆژنامەنووس نابێت پێناسەکەی بشارێتەوە بۆ ئەوەی هەواڵێک یان زانیارییەک وەرگرێت، ئەگەر بەرژەوەندییەکی گشتیی ئاشکرا و گرینگ، پێویست بەو زانیارییانە نەبوو. هەندێک کەناڵی تەلەڤیزیۆنی بوار بەپەیامنێر و وێنەگرانیان نادەن، کامێرای شاراوە بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ بەکار بێنن، ئەگەر پێشوەختە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی هەواڵەکان لەبەر بەرژەوەندیی گشتی ڕازی نەبووبێت.

لەگەڵ داهێنانی سیستمی دیگیتاڵیشدا، پێوەرگەلێکی نوێ زیادکران، لە پێناو ڕێگرتن لە گۆڕینی وێنە و ڤیدیۆ بەشێوازێک سەر لە جەماوەر بشێوێنێت. هەندێک

ڕووداو بوونە هۆکاری دانانی ئەو سیاسەتە نوێیانە سەبارەت بەتەکنەلۆجیای دیگیتاڵ، بۆ نموونە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، گۆڤاری"ناشناڵ جیوگرافیک" لەسەر بەرگی یەکێک لە ژمارەکانیدا وێنەی ئەهرامەکانی میسری بڵاو کردەوە کە مەودای نێوان ئەهرامەکانی جیزەی کەم کردبووەوە.

ڕێساکانی بنەما ڕەفتارییەکان زیاتر جەخت لە پرسی بێلایەنیی ڕۆژنامەنووس دەکەنەوە. ڕۆژنامەنووس بۆی نییە، هەواڵەکانی کۆمپانیایەک بگوازێتەوە کە بەشی تێدایە یان پێوەندییەکی کەسانیی لەگەڵ یەکێک لە کاربەدەستانیدا هەیە. هەروەها ڕۆژنامەنووس ناتوانێت هەڵوێستێکی سیاسیی ئاشکرا دەربڕێت یان لایەنگری کاندیدێکی هەڵبژاردنەکان بکات. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوار نادەن ڕۆژنامەنووسەکانیان پێوەندیی کارکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵەکانیاندا ببەستن لەبەرانبەر کرێیەکدا، بەبێ ڕەزامەندیی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی هەواڵ.

ڕۆژنامەی"دیترۆیت فری پرێس"ی ئەمریکایی کە لە ویلایەتی میشیگن دەردەچێت، سیاسەتی ئاکاریی خۆی بەڕوونی بڵاوکردووەتەوە: ڕۆژنامەکە چی دەکات و چی ناکات. پارە نادات بەسەرچاوەکانی هەواڵ و بواریشیان نادات بەبابەتەکاندا بچنەوە بەر لە بڵاوکردنەوەیان. کۆمپانیای ئێستگە و تەلەڤیزیۆنی کەنەدا (سی بی سی)، تۆمارێکی پێوەرە ڕەفتارییەکانی خۆی بڵاوکردووەتەوە کە پێویستە تەواوی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکە پێیانەوە پابەند بن، نابێت فەرمانبەر دیاری لە هیچ کەسێک وەرگرێت، نەک کار لە بڕیارەکانی کۆمپانیاکە بکات، مەگەر دیارییەکە زۆر بچووک و سیمبولیک بێت یان ئەو میوانداریانەی تەنیا لەکاتی ڕاپەڕاندنی کاردا ڕێک دەخرێن. ڕۆژنامەنووسانی (سی بی سی) بۆیان نییە بەخۆڕایی سەفەر بکەن یان لە هۆتێلکدا بمێننەوە با بۆ کاریش لەوێ بن.

ڕەنگە هیچ ڕۆژنامەنووسێک نەتوانێت خۆی لە هەموو ئەمانە بپارێزێت، بەڵام گرینگ ئەوەیە، پێویستە ڕۆژنامەنووس بزانێت هەر لادانێکی زیان بەدەزگاکەی دەگەیەنێت. خۆ ئەگەر گومانیان لە ڕەفتارێک هەبوو، وا چاکە ئاگاداری بەڕێوەبەرانی دەزگاکەیان بکەن. ئەگەر هەر زانییان تووشی لادانێک لەو پێوەرانە دەبن، دەتوانن داوا بکەن ڕۆژنامەنووسێکی دیکە ئەو کارە بکات. زۆر دەزگای

ڕاگەیاندن داوا لە ڕۆژنامەنووسانیان دەکەن، پێوەندییان بەیەکەیەکەی کەسەکانی پێوەندیدار بەهەواڵێکەوە ئاشکرا بکەن، تا دڵنیا بن هیچ بەرژەوەندی و دژایەتییەک لە پشت هەواڵ یان ڕاپۆرتەهەواڵەکەیانەوە نییە.

وەک باوە، بنەما ڕەفتارییەکان بەڵگەنامەی نێوخۆیین، بەڵام ئێستا زۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان، ئەو بنەما و پێوەرانە لە سایتەکانیاندا بڵاو دەکەنەوە، تا خەڵک بزانن چاوەڕێی چی لەو دەزگایە و کارمەندانی دەکەن و ئەگەر لادانێک ڕووی دا، لێی بپرسنەوە.

## پێوەرەکانی کۆمەڵگە

زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە نێوان گرینگیی هەواڵەکان و پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا، تێدا دەمێنن. ئەمەش پێویستیی بەبڕیارێکی ئاکاریی دروست هەیە. بۆ نموونە، بەرپرسێکی هەڵبژێردراو، ڕستەیەکی ڕەگەزپەرستانە بەرانبەر ڕکابەرەکەی لە حزبی ئۆپۆزسیۆن بەکار دێنێت، لەم حاڵەتەدا، ڕۆژنامە هەیە وتەکانی بەرپرسەکە بەوردی بڵاو دەکاتەوە. هەیە، هەندێک پیت لە ڕستەکە یان وشەکە بڵاو دەکاتەوە و ئەوانی دیکەی خاڵ دادەنێت، هەندێکی دیکە چارەسەری دیکەی دەکەن و لەوباوەڕەدان خوێنەر لێیان قبووڵ دەکات. بەڵام جاری وا هەیە بڕیارێک دەدەن خوێنەر تووڕە دەکات. ڕێک دەکەوێت، بەڕێوەبەرانی هەواڵەکان دەکەونە بەردەم کۆمەڵێک حاڵەتی گران، بەتایبەتی کە مەسەلەکە پەیوەست بێت بەوێنەیەکی سەرنجڕاکێشەوە، لەلایەک وێنەکە یان دیمەنەکە هەستی خەڵک بریندار و بێزاریان دەکات، لەلایەکی دیکەوە، ئەو وێنەیە یان دیمەنە، هێندە کاریگەرە کە چاکترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی چیرۆکەهەواڵەکە.

بۆ کەمکردنەوەی زیانەکانی ئەم جۆرە بڕیارانە، بەڕێوەبەرانی هەواڵ هەوڵ دەدەن بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەبڕیاری بڵاوکردنەوەکە ڕوون بکەنەوە، جا لە نێو خودی هەواڵنامەکەدا بێت یان لە پەڕاوێزێکی وێنە یان دیمەنەکەدا دەینووسن. بۆ نموونە، وێنەی دایکێک بڵاو دەکرێتەوە تەرمی ڕۆڵەکەی لە باوەش گرتووە کە لە برسان مردووە، ئەم وێنەیە بەدڵنیاییەوە خەڵک بێتاقەت دەکات، لە جیاتی ئەوەی پاش بڵاوبوونەوەی هەر خەریکی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنی گلەیی و گازندەی ئەو

خەڵکە بن، لە بن یان تەنیشت وێنەکەوە دەنووسن ئەم وێنەیە باشترین ڕێگە بوو بۆ گواستنەوەی کارەساتی ئەو برسیەتییەی کەوتووەتەوە، بەمەش ڕۆژنامەنووس پرەنسیپی لێپرسینەوەی خەڵکیش لە کارەکانی، جێبەجێ دەکات.

**پرسە یاساییەکان:**

بڕگەی (١٩)ی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەبنەمای سەرەکیی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی کاری دەزگا ڕاگەیاندنەکان دەژمێردرێت، ئەم بڕگەیەش دەڵێت:

هەر کەسێک مافی ئازادیی ڕا و دەربڕینی هەیە. ئەم مافەش، ئازادیی ڕا بەبێ هیچ خۆهەڵقورتانێکی دەرەکی دەگرێتەوە، هەروەها ئازادیی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروبۆچوونەکان، لە هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنەوە بەبێ گوێدانە سنوور.

دەوڵەتانی ئەندام دەبێ پابەندی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان بن، بەبڕگەی (١٩) شەوە، بەڵام ئەمە نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم هەندێک دەوڵەتدا، دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان نەچەوسێننەوە و ڕێ لە وەرگرتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جیهان نەگرن. زۆرجارانیش سەبارەت بەکارەکەیان، ڕۆژنامەنووسان کوژراون و زیندانی کراون و دوورخراونەتەوە.

دانیلۆ ئەربیا لە کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانیی هەردوو ئەمریکا و ڕۆژنامەی بۆسکویدای ئۆرۆگوانی دەڵێ: "باشترین یاسای ڕۆژنامەوانی ئەوەیە، هیچ یاسایەک نەبێت". لە درێژەی قسەکانیدا ئەربیا پێی وایە، ئەو یاسایانەی بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دادەنرێن لە چاکترین حاڵەتدا لە دوو لاپەڕە تێ ناپەڕن و بەڕستەی زۆر ڕوون جەخت لەسەر نەهێشتنی هەر ڕێگرێک لە بەردەم ئازادیی ڕادەربڕیندا دەکەنەوە. ئەڵبەت یاساکانی ڕۆژنامەوانی لە جیهاندا زۆرن و ناکرێت هەموویان لە کورتەیەکدا باس بکەین. لە هەندێک دەوڵەتی دیموکراسیدا، یاسای تایبەت هەیە بۆ گرەنتیکردنی توانای ڕۆژنامەنووسان تا دەستیان بگاتە ئەو زانیارییە حکوومەتییانەی نهێنی نین. بڵاوکردنەوەی کەسێکی ئەتکراو یان ئاشکراکردنی ناوی کۆمەڵە هەرزەکارێکی تاوانکار، لە هەندێ دەوڵەتدا کارێکی نایاساییە. جاری وا هەیە لە نێو یەک دەوڵەتدا یاساگەلێکی لۆکاڵیی جیاواز

هەیە، بۆ نموونە، ئایا ڕۆژنامەنووس ناچارە پێناسەی سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا بکات لە کاتێکی دیاریکراودا یان نا. ئەوەی گرینگە، پێویستە ڕۆژنامەنووس لە یاساکانی ئەو وڵاتە بزانێت کاری تێدا دەکات، دیسان ئاگاداری ئەو هەوڵە بەردەوامانەش بێت بۆ هەڵگرتنی یاساکانی کۆنترۆڵکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەئارادان.

زۆرترین ئەو پرسە یاساییەی بەرەوڕووی ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە، پرسی ڕیسواکردن و بوختان هەڵبەستنە. بوختان بۆ هەڵبەستن لە ئەمریکا، واتە؛ بڵاوکردنەوەی زانیاریی نادروست دەربارەی کەسێک، بەمەبەستی ڕیسواکردن و ناوزڕاندنیش، ناوی کەسەکە بهێنرێت. بوختان هەڵبەستن،"ڕیسواکردن"ی پێ دەگوترێت کاتێک لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام کە لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆندا پەخش کرا، پێی دەگوترێت "جنێو". دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین، ئەگەر زانیارییەکان تەواو بوون، بەبوختان هەڵبەستن ناژمێردرێت. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووسان زۆر بەجوانی لە قسە و زانیاریی سەرچاوەکانیان وردبنەوە، نەک ناوبانگی کەسێکی دیکە بشێوێنێت و بەبوختان هەڵبەستن بزانرێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی دەوڵەتان بەیاساکانی ڕۆژنامەوانیدا دەچنەوە، بەڕەچاوکردنی ئەو گۆڕانکارییەی تەکنەلۆجیای نوێ بەسەر کاری ڕۆژنامەوانییدا هێناوە. لەوانە ئەم پرسیارە: ئایا پێویستە ڕۆژنامەوانانی ئینتەرنێت هەمان پاراستنی یاسایی ڕۆژنامەنووسانی دەزگا ڕۆژنامەوانییە دانپێدانراوەکانی دیکە بیانگرێتەوە؟ نووسەرانی ئینتەرنێت هەمان چەتری یاساییان هەبێت؟ تا ئێستاش ئەم پرسیارنە بێ وەڵام ماونەتەوە.

وەک دیارە لە هەندێک دەوڵەتدا، ئەو یاسایانەی بەسەر خەڵکی ئاساییدا جێبەجێ دەکرێت بەسەر ڕۆژنامەنووسانیشدا جێبەجێ دەبێت. بۆ نموونە، ڕۆژنامەنووس بۆی نییە بچێتە نێو موڵکی تایبەتییەوە، نابێت بەبێ مۆڵەت بەڵگەنامە ببات. ناتوانێت گوێ لە تەلەفۆنی ژمارەیەکی دیاریکراو بگرێت، بێ ئەوەی خۆی بۆ سزایەکی یاسایی ئامادە بکات. هەندێک دەزگای ڕۆژنامەوانی پێیان وایە دەستکەوتنی بەڵگەنامەیەک یان زانیاریگەلێک، ئەو سەرەڕۆییەش

دەهێنێ، بەڵام بڕیاری ئەو سەرەڕۆیی و سەرپێچییە یاساییە، پێویستە بەڕێککەوتنی پێشوەختەی کارگێڕیی دەزگاکە و داڕێژەران و ڕۆژنامەنووسەکان بێت.

## چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٧

(١) توقيعات على زجاج العصر. تأليف: حسن طه حسن السنجاري.
(٢) أجداثُ السيّد الطبّال. تأليف: حسن طه حسن السنجاري.
(٣) فەرموون چایەكی گەرم – كۆمەڵە چیرۆك. نووسینی: عەزیز مەحموود پوور
(٤) سنوورەكانی جیهان. نووسینی: سەلام مەنمی. پیاچوونەوەی: محەمەد كوردۆ
(٥) حرير. المؤلف: أليساندرو باريكو. الترجمة عن الإيطالية: نزار آغري
(٦) حرية التعبير الخطيرة. تأليف: توريل بريكه – بيتر نورمان ووغه – برنت هاغتفيت.
الترجمة عن النروجية: نزار آغري
(٧) كان يا ما كان – قراءة في حكايات كردية. تأليف: نزار آغري
(٨) شەهید بەتەنیا پیاسە دەكات. قوبادی جەلی زادە.
(٩) ڕۆمانی كوردی. خوێندنەوە و پرسیار. بەشی یەكەم. سابیر ڕەشید
(١٠) بزاڤی بارزانی. د. فەرەیدوون نووری.
(١١) ڤان ئیرۆتیك. قوباد جەلی زادە. ڕۆستەم ئاغالە.
(١٢) بەرگدرووە بچووكەكە. وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی داوود.
(١٣) ئەسپە باڵدارەكە. نووسینی: چیمەن كاوێس.
(١٤) بەرگدرووی كۆشك. وەرگێڕانی: ئەمیر حاجی داوود.
(١٥) سەیران. نووسینی: ئیبراهیم ئەمین باڵدار.
(١٦) خۆشەویستی نیشتمان. نووسینی: مەغدید رواندزی.
(١٧) یەككگرتن. نووسینی: قودسی قازی نووری. وەرگێڕانی: ئەمین گەردیلانی.
(١٨) شێر و كوڕە بچووكەكە. نووسینی: ئولف نیلسۆن. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(١٩) ڕۆشنبیر و دەسەڵات. نووسینی: حەمەسەعید حەسەن
(٢٠) گەندەڵی و حكومەت. هۆكارەكان، ئەنجامەكان، چاكسازی. نووسینی: پرۆفیسۆر
سوزان ڕۆز ئەیكەرمان. وەرگێڕانی: گۆران سەباح غەفوور.
(٢١) كۆتایی ئێراق. چۆن كارنارێكی ئەمێریكا شەڕێكی بێ كۆتایی بەرپا كرد. نووسەر:
پیتەر و. گالبریت. وەرگێڕ: مامكاك.
(٢٢) بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی كورد لە ڕێگەی دەستخەتەكانیانەوە – بەرگی
حەوتەم. دانانی: محەمەد عەلی قەرەداغی.
(٢٣) الكتاب الأسود لصدام حسين. تأليف: بإشراف كريس كوتشيرا. ترجمة من الفرنسية:
خسرو بوتاني.

(٢٤) الارهاب في العراق. تأليف: زهير كاظم عبود.
(٢٥) الثروات الطبيعية في كردستان العراق. تأليف: الدكتور بيوار خنسي
(٢٦) هەردوو کتێبی پیرۆزی یەزیدییان – (جلوه و مەسحەفی ڕەش) ڤێننا ساڵی ١٩١١. نووسینی: د. ماکسیمیلیان بیتنەر – مامۆستا لە زانکۆی ڤێننا. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(٢٧) هەراسانکردنی منداڵ لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا. دانانی: فایەق سەعید
(٢٨) ئینگلیزیی گشتگر – Inclusive English. دانانی: عەبدولئیلا هەورامی
(٢٩) کتێبی شێوازەکان. نووسینی: زانا خەلیل
(٣٠) چاوەڕوانی – چیرۆک. وەرگێڕانی: تاهیر عوسمان
(٣١) ئامانجە بریندارەکان – ڕۆمان. نووسینی: نەجیبە ئەبوبەکر
(٣٢) ئۆلەمپیادی گیانداران. نووسینی: شیلان گەیلانی
(٣٣) ستاتیکا و شاکاری کوردی – بەرگی یەکەم. نووسینی: تاریق کارێزی
(٣٤) بەرخە بووچکەلە (بره کوچولو). نووسینی: عەلی ڕەزا موحەمەدیان. نیگارکێشی: کەژاڵ دەروێش مەنێش
(٣٥) منالآنە "هەژدە شیعر، بۆ هەژدە گۆرانی". نووسینی: عەلی ڕەزا موحەمەدیان. نیگارکێشی: کەژاڵ دەروێش مەنێش
(٣٦) ڕۆژنامەی کەرکووک–ی کوردی ساڵی ١٩٣٠. ئامادەکردن و پێشەکی: ئەحمەد تاقانە.
(٣٧) سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی – بەرگی یەکەم. کۆکردنەوە و لەچاپدانی: دەزگای ئاراس. بەسەرپەرشتی: د. کوردستانی موکریانی. هێنانە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی: مەحمووت زامدار. پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە + فەخرەدین ئامێدیان.
(٣٨) سەرجەمی بەرهەمی حوسێن حوزنی – بەرگی دووەم. کۆکردنەوە و لەچاپدانی: دەزگای ئاراس. بەسەرپەرشتی: د. کوردستانی موکریانی. هێنانە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی: مەحمووت زامدار. پێداچوونەوەی: عەبدوڵڵا زەنگەنە + فەخرەدین ئامێدیان.
(٣٩) ورود الكُرد في حديقة الورود. تأليف: محمد علي القَرَداغي
(٤٠) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي القرةداغي.
(٤١) تۆ ئەتوانی بەقومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵێن! شیعر و پەخشان. شێرکۆ بێکەس. لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی کورتی د. شاهۆ سەعیددا.
(٤٢) المسؤولية القانونية في قضية الكورد الفيليين. زهير كاظم عبود.

(٤٣) ٢ نۆڤلێت "خەونی جاڵجاڵۆکەکان – ژنێکی منگن" شێرزاد حەسەن.
(٤٤) مۆسیقای بێ دەنگ. شانۆنامە. نووسینی: لاش نۆرێن. پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسین و وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: دانا ڕەئووف.
(٤٥) کۆتاییی گەمە. شانۆنامە. نووسینی: سامویێل بێکێت. وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: مستەفا قەسیم. پێداچوونەوە: شوان جافەر.
(٤٦) کوێرەکان – شانۆنامە. نووسینی: مۆریس مەتەرلینگ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: دلاوەر قەرەداغی. بەراوردکردنی لەگەڵ تێکستە فەڕەنسییەکەیدا: د. فەرهاد پیرباڵ – مستەفا قەسیم.
(٤٧) باباتاهیری هەمەدانی. ژیان و بەرهەمی. وەرگێڕان و داڕشتنەوە و ئامادەکردنی: ئەحمەد تاقانە.
(٤٨) گەنجینە. بەشێک لە چوارینەکانی بابەتایەری هەمەدانی. دڵزار کردوویە بە سۆرانی.
(٤٩) منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان – شیعر. یوونس ڕەزایی.
(٥٠) هەشتەمین سەفەری سەندیباد. شانۆنامە. بەهرامی بەیزایی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٥١) ملحمة دِجْلة والفرات. أفرام عيسى يوسف. ترجمه عن الفرنسية وقدَّم له: د. علي نجيب إبراهيم
(٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە – لە دێکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی.
(٥٣) هەملیت. نووسینی بلیمەتی نەمر. ویلیەم شکسپیر. وەرگێڕ: م. ڕەئووف موفتی زادە.
(٥٤) مەکبێس. ویلیام شێکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی.
(٥٥) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی – پێشەکییەک بۆ تیۆری. چارلز برێسلێر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی.
(٥٦) سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح – کتێبی شەشەم. دانانی: شاکر فەتاح. ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
(٥٧) سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح – کتێبی حەوتەم. دانانی: شاکر فەتاح. ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
(٥٨) سەرجەمی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی شاکر فەتاح – کتێبی هەشتەم. دانانی: شاکر فەتاح. ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
(٥٩) مەموزین. ئەحمەدی خانی.

(٦٠) دیوان. مەلایێ جزیری.
(٦١) الحب الرومانسي – بين الفلسفة وعلم النفس. تألیف: فارس کمال نظمي.
(٦٢) ڕاپۆرت بۆ گریکۆ. ڕۆمانی: نیکۆس کازانتزاکیس. وەرگێڕانی بۆ فارسی: د. ساڵح حوسێنی. وەرگێڕانی بۆ عارەبی: مەمدوح عەدوان. وەرگێڕانی بۆ کوردی: دلاوەر قەرەداغی.
(٦٣) فرانسیسکۆس قەدیسی من. ڕۆمانی: نیکۆس کازانتزاکیس. وەرگێڕانی بۆ سوێدی: Borje Knos. وەرگێڕانی بۆ کوردی: دلاوەر قەرەداغی.
(٦٤) موحاکەمەکردنەکەی پێشەوا قازی محەمەد لە یاداشتەکانی قوام السلطنەدا. وەرگێڕانی: موکری
(٦٥) العنف ضد المرأة – دراسة قانونية مقارنة – في القانون الدولي العام والقانون العام الداخلي. د. شهبال معروف دزةيي.
(٦٦) کرکووك ورد الرضيح المنعرف. عبدالله خدريزادة.
(٦٧) ژووری ژمارە شەش. شانۆنامە. و. دلاوەر قەرەداقی
(٦٨) زەمزەمەی زوڵاڵ – سەرجەمی بەرهەمەکانی سوارە ئێڵخانی زادە. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: عەبدولخالق یەعقووبی.
(٦٩) المدن ولعبة الأجيال. تألیف: محمد مسعود محمد
(٧٠) گەنجینەی بەیتی کوردی – سەرجەمی بەرهەمەکانی قادر فەتاحی قازی. کۆکردنەوەی: قادر فەتاحی قازی
(٧١) العنف ضد المرأة – بين النظرية والتطبيق – دراسة تأصيلية وتحليلية قانونية وإجتماعية. تألیف: د. شهبال معروف دزةيي
(٧٢) جليل القيسي – المجموعة الکاملة "الجزء الأول". تألیف: جليل القيسي.
(٧٣) جليل القيسي – المجموعة الکاملة "الجزء الثاني". تألیف: جليل القيسي.
(٧٤) ئیرۆسکێ – هەڵکەندنی مانگ – ئەزموون و دەقی والا. نووسینی: دڵشاد عەبدوڵڵا.
(٧٥) مارا – ساد. نووسینی: پیتەر ڤایس. پێشەکی: دانا ڕەئووف. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.
(٧٦) لاکێشە ڕووناکەکان و ئەوانی تر. چیرۆک. عەبدوڵڵا سەڕاج.
(٧٧) مەسیح لە خاچ دەدەنەوە. ڕۆمانی: نیکۆس کازانتزاکیس. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٧٨) پەست وەک ئێوارە نارنجییەکانی نیشتمان (شیعر). دیوانی: ئیسماعیل بەرزنجی.
(٧٩) چەپکێک لە گوڵزاری ناڵی. نووسینی: مەسعود محەمەد.
(٨٠) دەستەودامانی نالی. نووسینی: مەسعود محەمەد.

(٨١) ناڵەی دەروون. بەقەڵەمی: شێخ محەمەدی خاڵ.
(٨٢) بەرەو مناڵی بە جلی پایزەوە – بناغە و ئەزموونی شیعر. نووسینی: کەریم دەشتی.
(٨٣) کتێبی پیرۆزی ئاشقان – شیعر. کەریم دەشتی.
(٨٤) العشائر الكُردية. تألیف: ولیم إيكليتون. ترجمة: حسين أحمد الجاف
(٨٥) ئیرەم. رۆمان. زانا خەلیل.
(٨٦) رەگەزپەرستی – گفتوگۆ لەگەڵ کچەکەمدا . نووسینی: تاهیر بین جەلوون. وەرگێڕانی: خەبات عارف.
(٨٧) ئۆڵگە. رۆمان. زانا خەلیل.
(٨٨) قضية الدجيل ونهاية صدام. تألیف: زهير كاظم عبود
(٨٩) شێرێکیان کوشتووە. وەرگێڕانی: خەبات عارف
(٩٠) شذى الطفولة في سانات. تألیف عيسى يوسف. ترجمة: نزار آغري.
(٩١) الحملة على بادينان وأوضا ع اللاجئين – دراسة إحصائية عامة. تألیف: رؤوف كامل عقراوي (أ. كاوه)
(٩٢) چۆن فێری ڕقت دەکەن. نووسینی: میخائیل شۆلۆخۆڤ. وەرگێڕانی: فەلەکەدین کاکەیی.
(٩٣) سۆناتای تارمایی – شانۆنامە. نووسینی: ئاوگۆست ستریندبێری. وەرگێڕانی لە سویدییەوە: عەبدوڵڵا قادر دانساز. پێشەکی: دانا ڕەئووف
(٩٤) المأساة الكوردية. تألیف: جيرارد جالديان. ترجمة الى الإنكليزية: فيليب بلاك. ترجمة الى العربية: عبدالسلام النقشبندي
(٩٥) دەفتەرەکەی رۆمل. نووسینی: ئەروین رۆمل، فریتز بایەرلاین، مانفرێد ئەروین رۆمل. کۆکردنەوە و داڕشتنی: لیدڵ هارت. وەرگێڕان و پێشکەشکردنی: محەمەد مەسعود محەمەد
(٩٦) دمدم – فۆلکلۆر. کۆکردنەوەی: حەجییێ جندی
(٩٧) دەستان. نووسینی: فێریکێ ئووسف.
(٩٨) هسرەت. نووسینی: فێریکێ ئووسف. حازرکر فریدا حەجی جەوەری. رێداکتۆر: چەرکەزێ رەش
(٩٩) دەقی ئەدەبی. "ئەدگار . چێژ. بەها . د. فوئاد ڕەشید.
(١٠٠) تیۆری سیاسی. نووسینی: ئاندرو هێیوود. و: گۆران سەبا ح
(١٠١) کەرنامە. و: موکری.
(١٠٢) کەڵک. ئۆگوست سترێندبێری. و: خەبات عارف.
(١٠٣) سەیرانێکی شیعرستان. شیعر: وریا عومەر ئەمین.

(١٠٤) کورد و گەڕان بەدوای خۆدا. نووسینی: ئەکرەمی میهرداد
(١٠٥) كتابات مختارة من أجل السلام والتقدم في العراق الجديد. تأليف: د. آزاد عثمان
(١٠٦) دە شانۆنامە. وەرگێڕانی: موکری.
(١٠٧) شاخی سەگە بەڵەک – ڕۆمان. نووسینی: جەنگیز ئیتماتۆڤ. و. لە عەرەبییەوە: عوبێد ڕۆژبەیانی.
(١٠٨) الكوارث بحوث ودراسات. تأليف: الدكتور بيوار خنسي
(١٠٩) مەرگەساتی شا لیر. نووسینی: ولیەم شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن. پێشەکی: دانا ڕەئووف
(١١٠) لە داستانی مەهاباراتاوە – مەرگی کریشنا. تێکستی: جان کلۆد کارێر و ماری هێلێن ئێستیان. خستنەسەرشانۆ: پێتەر بروک. وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە: مستەفا قەسیم.
(١١١) ڤیڤا زاپاتا – ڕۆمان. نووسینی: جون شتاینبگ. وەرگێڕانی: موکری.
(١١٢) تاراس بۆڵبا – ڕۆمان. نووسینی: گۆگۆل. وەرگێڕانی: موکری.
(١١٣) بەفر. ئۆرهان پاموک. رۆمان. بەکر شوانی لە تورکییەوە وەریگێڕاوە.
(١١٤) سیخورمە. نووسینی: سمایل قاسمی.
(١١٥) گەشتی دەریایی. نووسینی: ڕۆبنسۆن کرۆس. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئاری ئەکرەم.
(١١٦) هەناسەکانی غەریبی. شیعری: کوێستان
(١١٧) جینۆسایدی گەلی کورد – لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا. نووسینی: دکتۆر مارف عومەر گوڵ
(١١٨) ڕۆژنامەی کوردستان. ئامادەکاران: سدیق ساڵح و رەفیق ساڵح.
(١١٩) خۆرئاوا لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هورووژمی باوەڕی نوێدا. نووسینی: کامەران ئیسحاق پەری.
(١٢٠) شازادە چکۆڵ. ئانتوان دۆ سانت – ئێگزۆپێری. وەرگێڕانی: خەبات عارف و بەڕۆژئاکرەیی.
(١٢١) شەیتاری – ڕۆمان. نووسینی: کامەران ئیسحاق پەری
(١٢٢) کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا. نووسینی: جوهر نامق سالم
(١٢٣) شێوە و ناوەڕۆک – کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی. نووسینی: ئومێد ئاشنا.
(١٢٤) قرنیس – دەقی شانۆیی. نووسینی: مۆلیەر. وەرگێڕانی: ئەحمەد بوداغی.
(١٢٥) قەرتاڵەیەک پڕ لە ڕۆژباش. نووسینی: یانیس ریتووس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە:

ئیسمایل ئیسمایل زادە.

(١٢٦) هەقتە بزانی؟ نووسینی: ژان پۆل مارتۆز. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.

(١٢٧) چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی. حەیدەر عەبدولڕەحمان.

(١٢٨) خەباتنامە – کورتە مێژووی پارتی و کولتووری بارزانیی نەمر.

(١٢٩) ئەڵاس – چەردەیەک لە شیعری بیانی. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ

(١٣٠) نیچە و سەرچاوەی چەمکی مۆدێرنیزم – نووسینی: رابێرت ب. پی پین. وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئیسمایل ئیسمایل زادە.

(١٣١) چلچرا – بیرەوەری. نووسینی: مەهاباد قەرەداغی.

(١٣٢) فێربوونی تەکنیک و هونەری ئاخافتن. گوندۆلاش هیرش. وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: برایم فەرشی.

(١٣٣) ژیان و کەسایەتیی کافکا . وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئیسمایل ئیسمایل زادە.

(١٣٤) ڕۆژنامەوانی، پیشەی ڕەوشت و لێهاتوویی. وەرگێڕان و ئامادەکردنی: شاخەوان کەرکووکی، عەبدولڕەزاق بۆتانی، گۆران سەباح، بەفرین ئیسماعیل.

(١٣٥) تێکستی کوردی. کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەلبێرت فۆن لۆکۆک. پێشەکی و لە چاپدانەوەی: نەجاتی عەبدوڵڵا.

(١٣٦) شەڕ. شانۆنامە. لاش نۆرێن. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

(١٣٧) کلکی کتکی پرسیارە. کورتە هۆنراوە. عەباس عەبدوڵڵا یووسف.

(١٣٨) کۆ چیرۆک. نووسینی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.

# پێڕست


دەسپێک ........ 5
پێشەکی ........ 7
هەواڵ چییە؟ ........ 10
دەستکەوتنی هەواڵ ........ 25
نووسینی چیرۆکەهەواڵ ........ 43
دارشتنەوەی چیرۆکەهەواڵ ........ 60
وەشانی رادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی و ئەلیکترۆنی ........ 76
رۆژنامەوانیی تایبەتمەند ........ 87
پرەنسیپە ئاکارییەکان و یاسا ........ 100